سەرچاوە
Serchawe



# پێرست:

١- شنە بای دیمۆکراسی لە ڕۆژهەلاتی نیوەراست ........................................................................ ٤
٢- کۆماری ئێسلامی ئێران و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئاایینی و ................................................... ٧
٣- رفسنجانی، گەلاڵە داڕێژەرێکی قەتڵی رێبەرانی دیمۆکرات و کاندید بوونی سەرۆک کۆماری ................ ١٠
٤- کاتیک تیرۆریستێک دەبێتە سەرۆک کۆماری ئێرانی ٧٠ میلیۆنی ................................................ ١٥
٥- هەر نەتەوەیەک بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیلە شێوەکانی جوراجوری خەبات کەلک وەردەگرێ ................ ٢٣
٦- قووڵ بوونەوەی قەیرانەکانی کۆماری ئێسلامیی ئێران ........................................................... ٢٧
٧- نیگەرانی سەبارەت بە بارودوخی کوردەکانی ئێران .............................................................. ٣٣
٨- کۆچی دوایی قارەمانێکی وەرزشی ........................................................................... ٣٤
٩- کۆچی دوایی دانیال میتران گەورە ناودارو پشتیوان ودلسوزی کورد .............................................. ٣٧
١٠- دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ............................................................. ٤٠
١١- هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی نوروێژ، بەرەکانی راست و چەپ! .................................................. ٤٦
١٢- جینوسایدی کورد، ئەنفال و کەم تەرخەمی کورد ................................................................ ٥١
١٢- کونفرانسێکی گرینگ بۆ کورد لە پارلەمانی نوروێژ پێکهات ...................................................... ٥٥
١٤- کەبوودوەند لە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبێل سەفیری نەتەوەی زوڵم لێکراوی کوردە ................................... ٥٧
١٥- هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەمی شورای ئیسلامی ئێران و بەشداریی کورد ........................................ ٦٢

١٦- نەورۆزی کـوردان ........................................ ٦٨
١٧- رۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک ........................................ ٧٠
١٨- خەلاتی ئاشتی نۆبل، ئان سان سۆچی، محەمەد سەدیق کبودوەنـد ........................................ ٧٤
١٩- کێبەرکێی نێونەتەوەیی فوتبالی لاوان لە نۆروێژ و تیمی کوردستان ........................................ ٧٧
٢٠- باسێک لە سەر دوکتور سادق شەرەفکەندی ........................................ ٧٠
٢١- حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژو کـورد ........................................ ٨٣
٢٢- پێویستییەکانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان ........................................ ٨٤
٢٣- بەرەو یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی ........................................ ٩٣
٢٤- بۆ سایتی هەمیشە سەرسەوز و ماندویی نەناسی گیارەنگ ........................................ ١٠١
٢٥- بزوتنەوەی شۆرشگێری ٤٧ - ١٣٤٦ ........................................ ١٠٢
٢٦- ئایا خەڵاتی ئاشتی نوبێلی ٢٠١٣ شایانی باوکی ماڤی مرۆڤی کوردستانە؟ ........................................ ١٠٧
٢٧- وەڵامی چاکەکانی دوکتور قاسملوو بە چاکە دراوە؟ ........................................ ١١١
٢٨- راپرسی گۆڤاری ژنی کورد لە سەر رۆڵی رێکخراوەکانی ژنان لە دەرەوەی وڵات ........................................ ١١٣
٢٩- ئەخلاق لە سیاسەت و کاک خالید عزیزی! ........................................ ١١٧
٣٠- دوکتور قاسملووی مەزن و هەموو ساڵێ یـادکردنەوە ........................................ ١١٩
٣١- چەند پەیڤی باوکێک لەگەڵ لاوان لە تـاراوگە ........................................ ١٢١

# شنە بای دیمۆکراسی لە رۆژهەلاتی نیوەراست

## ئێستا دەبێ نیگاکان لە سەر ئێران و سۆریە چەق بکرێنەوە

### نووسینی توورბێون یاگلاند سەرۆک وەزیری پێشووی نورویژ

### وەرگێرانی کەریم ئەلاوەیسی

ئێستا یەکیکە لە جێگرانی سەرۆک و بەرپرسی کومیتەی رۆژهەلات نێوەراست ئنترناسیونالیستی سوسیالیست و بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی پارلەمانی نورویژ

وا دیارە کە شنە بای دیمۆکراسی ومافی مروڤ هەلی کردووتە سەر ژمارەیەکی زۆر لە ولاتانی جێهان. ئەو خەباتە بە شێوەیەکی ئاشتی خوازانە دەکرێ. لە ماوەی دوو مانگ دا دوو حکومەت بە خۆپیشاندانی شەقامەکان لە ئوکراین و لوبنان هەرەسی یان هێنا، ئەوە تەواوکەری شتێکە کە ئێمە زۆر جار لە ولاتەکانی دیکە ولە ٩٠ کان دیتمان. میلۆسوویچ لە یوگوسلاویا لابرا بێ ئەوێ کە گولەیەک بهاویشترێ.

شتێکی لەو شێوەیە زۆر پێشتر لە جورجیا روی دا. یوشینکوف سەرۆک وەزیری تازەی ئوکراین، بۆ خۆی گووتی کە ئەو فێربووە کە چلۆن ئۆپوزوسیون لەو ولاتە بەرە و سەرکەوتن بڕوات، ئێستا وا وێ دەچێ کە ئوپوزوسیون لە شۆێنەکانی دیکەش فێری ڕەوشتێکی ئاوابوون، بەربەرەکانی یەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەدەستێنێ، لەوێ کە کۆمەڵێک ڕێژیمی سەرەروی لێیە، بێ هۆو دەلیل نیە کە ئەو رژیمانە تووشی لەرزۆکی بوون.

گرێنگ ترین کاریگەری بە جیهانی بوون، بە جیهانی بوونی زانیاریە (ئێتلاعاتە). بوویە ئە و شۆرشانە رو دەدەن. خەڵک بە گشتی لە رێگای تەلەفیزیون و ئینترنیت لە یەکتر ئاگادار دەبن. ئەوان بەو شێوەیە مافی خۆیان دەناسن و لە یەکتر ئاگادار دەبن. ئەوان بۆیان روون دەبیتەوە وتێ دەگەن کە چلۆن خەبات بۆ مافی خۆیان بکەن. کارێگە ری یەکی دیکەی زانیاری ئەوەیە کە چی دیکە ناکرێ خەباتی ئاشتێخۆازانە بە یارمەتی ئەمراز و شێوەی دڕندانە

سەرکوت بکرێ، تەقە کردن لە خۆپێشاندەران،لە کاتێکدا چاوی دووربینەکان شتیان لێ ناشاردرێتەوە جلوەیەکی جوان نێشان نا دا. بەو هۆیە میلۆسوویچ نەیتوانی ئەوکارە بکات.

بەو بۆنەیەوە سوریە ناچارکرا کە بە بێدەسەلاتی هێزکانی خۆی لە لوبنان بکێشێتەوە. ئەو پاشەکشە پێ کردنە لە بەر چاوی جیهان کە بە سوریە دەکرێ بۆ سوریە تاڵە. بە باوری من بەرهەلەستکاری یەکی لەم چەشنە لە ئێران و وڵاتانی دیکەی عەرەبیش رۆ دەدات. پرسیار ئەوەیە کە ئێمە چلۆن دەتوانین یارمەتی ئوپوزسیۆن بدەین. لە شۆرشێک کە لە یوگۆسلاوی روی داو سەرکەوت، وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ رولێکی باشی گێرا.

ئێمە لە گەڵ ئوپوزسیۆن قەرارمان دانا و بە شێوەی جوربە جور یارمەتی شۆرشمان کرد کە سەر بکەوێ، ئێمە هەروەها پشتیوانیمان کرد بۆ دامەزراندنی سیستمی کامپیوتێری ولات بە چەشنێک کە ئوپوزسیۆن بتوانێ لە لە قاودانی فرت و فێلەکانی هەڵبژاردنی میلۆسوویچ کەلکی لێ وەربگرێ، ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ تەواو بونی دەسەڵاتی میلۆسوویچ. ئێستا دەبێ چاوەکان لە ئێران و سوریە ببردرێ. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە خەڵکی ئەو وڵاتانە نارِازین کە جیا لە باقی خەڵکی جێهان دەژین، هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە هەمووی خەڵکی جیهان ئاواتە خوازە کە لە رۆژهەڵاتی ناوە راست ئاشتی سەقامگێربێ. سوریە خانە خویی ئەو تاقمە تیروریستی یانە کە بە کردەوەی خۆکوژی دژی ئێسرائیل، هەولی لە ناو بردنی ریبەریی تازەی فەلەستین دەدەن.

ئێران پشتێوانی لە هێزە چەکدارەکانی حیزبواللا دەکا، کە لە باری ئابووری و سیاسیەوە کە هەمان ئامانجی سوریەیان هەیە پێشگیری دەکا کە دەولەتیکی فەلەستینی لە تەنیشت ئێسرائیل دابمەزری، ئەوان لە دەولەتێکی فەلەستینی دەترسن، کە بیەوێ ببیتە دیموکراتیک و سکولار. ئەوان کاریان نەدان بە دژی ئەو رِێژیمانە کە لە سەر پایەکی جیاواز لە خۆیان دادەمەزرین. ئێستا دانوستان هەیە لە نێوان حکومەتی مەلایان و وڵاتانی پێک هێنەری یەکیەتی ئوروپا بۆ ئۆوی پێشگیری بکۆن لە دۆست وێراگەیشتنی حکومەتی ئێران بە چەکی ئەتوومی. شتێک کە دەتوانێ هەرەشەیەکی گەورە بێ لە بەرامبەر بەرە و پێش چوونی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نیوەراست دا. بە پیێ ئەزموونێکی زۆر، کە یەکیک لەو ئەزمونانە، لە تەجروبەی ئێراق وەرگێراوە، ئەمن بە تەواوی دژی بایکوتی ئابووریم. بە پیێ قاعیدە بایکۆت دەبێ ببیتە هۆی لاواز بوون، بەڵام بە هێز دەبێ. وا باشە تەمرینی شوێن لە سەردانان بکەین لە ریگای مامەڵە و قەرار داد و پێوەندیەکان. بە باوری من ئێستا چوونی وەفدێکی ئابووری بۆ

ئێران کە دەوڵەتی نۆرویژ لە بەرنامەی دایە لە جێگە خۆی دا نیە.

پاش ئەوەی ئەو مەسە لەم لە پارلمان هێناگۆرێ، بۆم دەرکەوت کە زۆر وڵاتی ئوروپا بەو کارو بارە بازرگانیی یەوە خەریکن، لە باشترین شێوە دا ئەوە وەک سیاسەتی بانیک و دوو هەوا دەچێ. و لە خراپترین حالەت دا ئەوە خراپ کردنی تاقیکاری ئۆروپایەکانە کە بە ئاکامێک بگەن کە بە شێوەیەکی دروست چارەسەریەکی ئاشتی خوازانە بۆ مەسەلەی چەکی ئەتۆمی ئێران بکەن. هەروەها وەک یەکیەتی ئوروپا دەلێ ئێران دەتوانێ چاوەرێی مامە لەو قەراردادی زیاتر و پێوندی سیاسی باشتر بێ. ئەگەر چاوپۆشی لە وەدەست هینانی چەکی ئە تۆمی بکات. لەو کاتە دا گەورە هەیئەتەکانی وڵاتانی ناوەندی ئوروپا دەچنە ئێرانێ بۆ ئەوی مامەلەکانیان زیاتر بکەن بێ ئەوەی شتێک ڕوون بیتەوە، ئاخۆ رژێمی ئاخوندەکان چۆن بیر دەکاتەوە؟ زۆر وێ دەچێ کە ئەوان بە زۆر شت بگەن بێ ئەوێ کە هەنگاوێک پاشەکشە بکەن. بە جێگەی ئەوە دەبێ زەختێکی بە کۆمەڵ بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بکرێ. بەو مانایە نیە کە پێوەندی ئابووری لە گەڵ ئێران نەمێنێ یان بایکۆت بکرێ. بەڵام لەم کاتە دا دەبێ هەنگاوەکان بە لە سەرەخۆیی بهاویشترێ. ئەگەر وەفدێکی ئاوا دەنیردرێ دەبێ پەیامێکی روون ئاشکرای هەبێ. بەڵام، بە باوەری من پێوەندی لە گەڵ ئێران لە سەر ئەو ئەساسە دادەنرێ کە پیاو چەندەی پارە دەست دەکەوێ، ئێمە ئەوەی لە گەڵ رژێمێک دەکێن کە یەکێک لە رژیمە زالمەکانی جێهانە. رژێمیک کە ئایین بە سەر سیاست دا حاکمەوە وڵاتی بە رو ئابوریکی تەواو لە کار کەوتوو دەبا.

شۆرشی ١٩٧٩ بەرهەلستکاری دژی رژێمیکی بێ رەحم بوو. لەو سەر و بەندە دا کە شۆرشی ئێران سەرکەوت،

ئەنتەرناسیونالیستی سوسیالیست کوبونەویەکی گەورەی لە ئۆسلو پێک هێنابوو. ویلی برانت، ئولاف پالمە. برونۆکرایسکی لە گەڵ زۆر کەس کە بەشداری بەرێوە بردنی شۆرشی ئێرانێ بوون هاتبوون و بەشداری کۆبونەوەی ئۆسلۆیان کرد. شۆڕشگێرانی ئێڕان ئارەزوویان دەکرد کە شۆرشی ئێران پێوەندی بە سوسیال دیمۆکراتەکانی ئوروپایەوە هەبێ. ئەوان گەرانەوە ئێرانێ و بە دەستوری ئایە توللا خۆمەینی کوژران کە ئەو هەمووی شۆرشی لە پاوانی خۆی گرت وە بوو بە ئاخووندێکی دیکتاتۆر.

بەڵام شۆرشی ١٩٧٩ هەرزێندویە و بە هۆی ئێرانیەکان درێژەی هەیە، لەوانەیە ئێمە ئەوە لە مانگەکانی دوایی لە

شەقامەكانی تاران دابیینین. ئەمن بە دەولەتی نۆرویژ پێشنیار دەكەم كە ئێستراتیژیەک ئامادە بكەین، كە چلۆن لە گەڵ ئێران كار بكەین. پرسیار ئەوەیە كە چلۆن پێوەندیەكانی ئابووری كە ئێمە لە گەڵ ئێران هەمانە، دەتوانێ چالاک بێ لە بەرە و پێش بردنی دیمۆكراسی و مافی مروڤ دا. ئێمە چلۆن دەتوانن چالاكانە پشتیوانی خۆمان لە ئۆپۆزسیونی ئێران بكەین؟.

رۆژنامەی داگس ئاویسن

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێكەوتی: مانگی مارچی ٢٠٠٥

---

## كۆماری ئێسلامی ئێران و چەوسانەوەی نەتەوەیی و ئایینی و نامەیەک لە سەر خوزستان و چەند نامەیەكی دیكە

كارنامەی رەشی ٢٦ ساڵەی كۆماری ئێسلامی چ لە نێو خۆی ولات و چ لە ئاستی نێونەتەوەیی روون و ئاشكرایە و هەر رۆژەی لاپەڕەیكی رەشتر بەو كارنامەیە زیاد دەبێ. ئاشكرابوونی نامەی نەهێنی سەرۆک كوماری بۆ تێک دانی پێكهاتەی حەشیمەتی عەرەب كە بۆ ماوەی دە ساڵ گەڵاڵەرێژی كراوە، بوو بە هۆی خۆپێشاندان و نارەزامەندی و بێزاری خەڵكی خوزستان كە لانی كەم ٦٠ كوژراو و ١٢٠٠ برینندار و بە سەدان گیراوی لێ كەوتەوە. ئەم خۆپێشاندانەكە لە ٢٦ ی خاكەلێوە بەرامبەر بە ١٥ی ئاوریلی ٢٠٠٥ دەستی پێ كرد، دروشم بە دژی پاكتاوی نەتەوەیی ونەمان بۆ خامەنەیی درا و لە گەڵ ئەوەش بە سوتاندنی ئالای كۆماری ئێسلامی، خەڵک بێزاری خۆیان لە سیاسەتی ناعاقڵانەو دژ بەنەتەوەی عەرەب نێشان دا. بەو شێوەیە ویستیان پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بكەن و دەنگی حەقخۆازانەی خۆیان بە گوێی ئازادیخوازانی ئێران و جیهان رابگەیەنن، بەپێی هێندیک هەواڵ جگە لەنامە لە سەر خوزستان چەند نامەیەكی دیكەش لەو بابەتە نووسراوە:

* نامەیک بۆجێگری سیاسی پارێزگاری ئازەربایجانی رۆژئاوا نوسراوە كە لەو نامەیە دا داوا كراوە، ئەفراد لە

ئازەربایجانی رۆژهەڵات و شیعە نشین بێنن بۆئازەربایجانی رۆژئاوا و بە هەر شێوەیک دەکرێ کوردەکان و ئەرمەنیەکان وەدەر بنێن. نامەیەکی تر بۆ جێگری سیاسی پارێزگاری خوراسان نوسراوە کە لەو نامەیەیە دا داواکراوە کە لە شارەکانی توربەتی جام و توربەتی حەیدەریە سوننیەکان وەدەر بنێن و لەو شوێنانە کە شیعەی لێ جێگیرن کاریان پێ بسپێرن و بۆ شوێنی سونیە کان، شیعەکان بنێرن و لەوێ ماڵ بدەن بە بەسیجێکان و لەو شوێنانە کە شیعەکانی لێ جێگیرن کار بدەن بە سوونێ کان.

* نامەیکی تریش بۆ فەرمانداری تالش، تەنیا شاری سوننی نشینی شیمالی ئێران نوسراوە کە دەڵێ؛ تێبکوشن لە دەرەوەی شار کار بدەن بە سوننیەکان و لە نێو شار شیعە کان جێگیر بکەن و نوێنەری شیعە بنێرن بۆ مەجلیس. پێویستە بگوترێ کە رژیم زۆر هەوڵ دەدا فێلبازانە ئەو نامانە وەدرۆ بخاتەوە، بەلام وەدرۆ خستنەوە هیچ دەردیک دەرمان ناکات چۆنکە گەلانی ئێران ریژێمی کۆماری ئێسلامیان باش ناسیوە و زەحمەتە فریوی درۆ و دەلەسەکانی ریژیم بخۆن.

وردبونەوە لەو نامانە، دوژمنایەتی ئاشکرای کۆماری ئێسلامی لە گەل گەلانی ئێران دەردەخا، پێویستە پە نجە بۆ ئەوە رابکێشین بە حەق ریژیمە کانی دیکتاتوری ناوچە و هەروەها حکومەتەکانی پاشایەتی لە ئێران لە دەورەکانی جوراجور دا، هەموویان هەر یەک بە جورێک سیاسەتی تواندنەوە و دورخستنەوە وچاندنی تۆوی ناکۆکی لە نێوان گەلانیان دا هەبووە وکۆماری ئێسلامی میراتگرێکی بە ئەمەگی ئەو رژیمە چەوسێنەرانەیە کە بە دائیم ئەم سیاسەتە دەغەلبازانە یان هەبووە. ئەگەر شاعەباس سەفەوی دەیان کوردی بە مەبەستی ئەستاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و بە قەولی خۆی لەبەر سەربزێوی بۆ خوراسان دورخستەوە، ئیمپراتوری عوسمانیش زیاتر لە یەک ونێو میلیون ئەرمنی کوشت کە لە مەر کاریگەری لووبی ئەرمەنیەکان و زەخت خستنە سەر تورکیا، ئێستا تورکیە دان بە کوشتنی ٢٥٠ هەزار دەنێ، بەلام دەلێ کە ئەوان لە شەڕی نێو خۆی تورکیە دا کوژراون. نایەوێ پێ لەوە بنێ کە ئەوە ژینوساید و کوشتاری بە کۆمەڵی ئەرمەنیەکان بووە. تورکیە لە گەل هەموو هەوڵێک بۆ لە ناو بردنی کورد و هەموو تێکۆشانێک بۆ سڕینەوی ناسنامەی کوردکە بە میلیون کوردی لە کوردستان بۆ ئێستانبول و شارەکانی تورک نشین دورخستوتەوە و ئێستاش ئامادە نییە کە بە بوونی ٢٠ میلیون کورد لەو ولاتە لە سەدەی ٢١ کەم دا بەراشکاوی باسی بوون ومەوجودیەتی کورد لە تورکیە بکا. سەدام حوسێنیش بۆ سڕینەوە و لە ناو بردنی کورد لە ئەنفالە بدناوەکانیەوە بگرە هەتا کیمیایی بارانی هەڵەبجە و بەعەرەب کردنی کەرکوک و شارەکانی دیکەی

کوردستان و کوشتاری شیعەکان، ناوی دیکتاتۆر و جینایەتکارێکی گەورەی بۆ خۆی تومار کرد. ئەم پاکتاوی نەتەوەییە لە ئێرانیش لە کاتی حوکمڕانی بنە ماڵەی پەهلەوی دا زۆر بە هێز بوو، لە زەمانی حەمەرەزاشا لە گەڵ هێنانی زۆر ئەفرادی غەیری عەرەب بۆ ئەو ناوچانەی خوزستان کە ئێستاش هەردرێژەی هەیە جاروباریش دەگوترا کە ئەوانەی لە خوزستان دەژین عەرەب نین بەلکو قەرەچین. بوونی ئەو سیاسەتە ناجوامێرانە، هەڵقەندنی خەڵک لە سەر خاکی ئاباو ئەجداد و دوورخستنەوە کە بە هەر شێوەیەک بێ و گۆڕینی مۆرکی نەتەوەیی گەلانی بن دەستی ئێران و سەرکوتی ئەم گەلانە رەنگە لە هێندێک قۆناغ دا دەسکەوتی بۆ رژیمی کۆنەپەرست و شوونیزمی فارس هەبێ، بەڵام ئەم سیاسەتە، ئەو ئاکامەشی هەیە کە گەلانی چەوساوەی ئێران لەکاتی پێویست و هەلی لە بار کەوێ ناچێ ئەم رۆژو کاتانە دۆر بێ، بریاری نەمانەوە لەگەل شوونیستەکانی فەرمانروا بدەن و بۆخویان بەجۆرێکی دیکە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

پێوستە بگوترێ شنە بای دیموکراسی کە لەسەر رۆژهەلاتی نێوەراستە بووتە هۆیەک کە دیکتاتورانی ناوچە خەوی راحەتیان نەبێ، سیاسەتی تۆقاندن و ترساندن و کوشتن کاریگەری کەمی ماوە. ئەگەر کۆماری ئێسلامی هەر درێژە بە زەبروزەنگ و کوشتار بدا لە گەڵ قین و تووڕەیی و زەبری کاریگەری گەلانی ئێران بەرەورو دەبێ، توشی چارەنوسێک دەبێ کە ئەگەر لە چارەنووسی رژیمی پاشایەتی خراپتر نەبێ باشتر نابێ. تەمەنی ئەم ریژیمە زۆر نییە، پرسیار ئەوەیە کە ریژیمی کوماری ئێسلامی بەو کارنامە رەشەیە کە هەیەتی پاش خۆی چ بۆگەلانی ئێران بەجێ دێڵێ جگە لە چارەرەشی و ماڵ وێرانی نەبێ و وەک لە ئەفغانستان زۆری پێ دەچێ کە کاریگەری حکومەتی تالیبان لە سەر خەلک و ناوچە بسڕدرێتەوە. بەداخەوە بە هۆی درێژتر بوونی تەمەنی ریژیمی ئاخوندەکانی ئێران بە نێسبەتی تاڵبان سرینەوەی ئاسەواری ئەم دەورە پڕ شەرم و شووریە بۆخۆی کارێکی گەلێک دژوار و چەتونە. کە چاو بە روداوەکانی ٢٠ - ١٥ ساڵی رابردوو وەزعییەتی ئێستای جێهان دا دەخشێنین دەبینین کە ئاڵوگۆڕەکان زۆر بەخێرایی چوونتە پێش و ئەو پرۆسەیە هەروا بە خێرایی دەڕواتە پێش، بە کورتی ئەم سەردەمە سەردەمی ئالوگۆڕەکانە. شکستی یەک بەدوای یەکی دیکتاتۆرەکان لە ئاخرێکانی سەدەی بیستم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم زە نگی خەتەرێکە بۆ دیکتاتۆرانی دیکەی ئەم سەردەمە کە تا ئێستا بە پێچەوانەی زەمان حەرەکەت دەکەن و بایەخەکانی ئەم سەردەمە وەک ئازادیی نەتەوەکان، دیموکراسی و مافی مروڤ وەپشت گوێ دەخەن، گومانی تیدانییە کە ئەم دیکتاتورانە بە تایبەت دیکتاتورانی ئێران و سوریە کە بە پێی زۆر بەڵگە نۆرەی ئەوان گەییشتووە دەبێ بزانن کە ئەم سەردەمە و هەل و مەرجی ئێستا ئەم رژیمانە وەخۆ ناگرێ.

ئێران وڵاتێکی موزاییک و پێکهاتەیەک لە گەل و نەتەوە جیاجیاکانە. دابین کردنی مافی نەتەوایەتی گەلانی ژێرستەمی ئێران، کورد، بلوچ، عەرەب و ئازەری وتورکەمەنەکان لە سیستمێکی دیموکراتی فیدرال و لە یەکیەتی دڵخوازانەی ئەوگەلانە لە چوارچێوەی ئێراندا ڕێگا چارەسەرو زامنی سەرەکیە. دەکرێ بڵێین چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی چارەسەری سەرەکی ترین و گرینگترین و پڕ گرێ و گۆڵ ترین مەسەلەی ولاتە. کە بەو چارەسەریە ناوێک لە هاوڵاتی پلە ی یەک و دوو نامێنێ. ٢٦ ساڵ حوکمداری ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دەری خست کە ئەم ڕژیمە گۆڕان و گۆڕانکاری هەڵناگرێ بۆیە تەنیا ڕێگا یەکگرتوویی گەلان و ئازادیخوازادانی ئێران لە چوارچێوەی بەرنامەیکی هاوبەش و بە تێکۆشانێکی جێدی و لە خۆبردوویی ڕووخانی ڕیژیم مسۆگەر دەکا، کە لەم کاتەدا هەم هەل و مەرج لە نێوخو و هەم لە ئاستی نێو نەتەوەیی بۆ ئاڵوگۆڕێکی وا گرینگ تا ڕادەیەکی زۆر ئامادیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی ئەپریلی ٢٠٠٥

---

## ڕفسنجانی، گەڵاڵە داڕێژەرێکی قەتڵی ڕێبەرانی دیمۆکرات و کاندید بوونی سەرۆک کۆماری

خولی نۆهەمی هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ٨٤ بەرێوە دەچێ، شانۆیەکی گەپجارانە کە بە نێوی هەلبژاردن ناودەبردرێ.

هەلبژاردن یەکیک لە بنەماکانی دیموکراسی یەو ڕەنگدانە وەی ئێرادەی خە ڵکە بۆ دیاری کردنی دەسەلات. بەڵام هەڵبژاردن لە ئێران مانایەکی دیکەی هە یە، بەمانای بە گاڵتەگرتنیکەرستە و بنەماکانی دێموکراسی بەمەبەستی قایم کردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتیکی نادیموکراتیک و ناخەڵکی.

گەلانی چەوساوەی ئێران جگە لە وەیکە وەک ئامرازێک کەڵکیان لێ وەرگیرابێ، چ دەسەڵاتێکیان لە ڕیژیم دا

هەیە، ئەوان نابێ هەڵخەڵەتێن و گاڵتەیان پێ بکرێ و بە پێچەوانە، ئەم جار دەبێ بە وشیاری خۆیان، نیشان بدەن کە ڕێژیمی ئێران کاتی بەسەرچووە و دەبێ بڕوا.دیارە مەبەست لەپێکهێنانی شانوی هەڵبژاردن تەنیا مە شرووعیەت دان بەڕێژیمی سەدەکانی نێوەراستە، چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ بۆ نێوخۆی ئێران، کە دیارە ئاکامەکەی دەبێتە سەرکوتی پتری خەڵکی ئێران. ماوە ی ٢٦ سال تەمەنی نگریسی کۆماری ئێسلامی ٥ سەرۆک کۆماری (بەنی سەدر، خامەنەیی، رفسنجانی و خاتەمی) بەخۆیەوەدیوە.کامیان جگەلەسەرکوت و کوشتار و راوروت و بەڵێنی بە درۆ، خزمەتی گەلانی بەشخوراوی ئێرانیانکردوەو چ هەوڵێک بۆ دابین کردنی ئازادی و دێموکراسی و مافی مروڤ دراوە؟

لەئێرانێکی دەوڵەمەند و خاوەنی زۆر سەر چاوەی ژێرزەمینی بەتایبت نەوت، جگە لە چارەرەشی ومالّ وێرانی لەسایەی ڕێژیمی سەدەکانی نێوەراست چ بەنەسیبی کۆمەلآنی خەڵک بووە؟

پێوستە بگوترێ کە لەم ٥ کەسە کە بوونە سەرۆک کۆماری ئێران، دوو دەورەی سەرۆک کۆماریی ئەکبەری هاشمی رەفسنجانی هێندیک تایبەتی بوو. ناوبراو لە هەوڵدان بۆ لە داوخستن و کۆشتنی ریبەران و بە گشتی ئوپوزسیونی ئێران دا دەستێکی بالآی هەبوو کە بە داخەوە لە و کردەوە دژی ئەخلاقی یە وچەپەلآنەدا سەرکەوتنی زۆریشی بەدەست هێنا. رەفسنجانی کەلە مانۆڕ وقومارلە سیاست دا وەستایە،لە رێگای دەست و پیوەندیە کانی یەوە، پێوەندی لە گەل ریبەرایەتی حیزبی دێموکرات دەگرێ، کە گۆایە دەیەوێ فەزای بازی سیاسی لە ئێران دا پێک بینێ. بەم شێوەیە بەنێوی بانگ هێشتن بۆ وت وێژ وچارەسەری مەسەلەی کورد، ناجوامێرانەترین شێوەی بۆ کوشتنی ریبەری مەزن و زانای کورد دوکتورعەبدولرحمان قاسملووی هەلبژارد. پاش ئەم کردەوە نامروڤانە یە هەوڵی لە داوخستنی رێبەری چریکی فیدایەکان (کشتگر) و دوکتورسادق شەرفکەندی و کاک جە لیل گادانی دەدات کە ئەو پیلانانە ی بۆ جێ بە جێ ناکرێ، پیلانیکی رەشی دیکە بە شێوەیەکی دێکە دادەرێژێ.

ئەوجار تیروریستەکانی کوماری ئێسلامی هێرش دەکەنەسەررستورانی میکنووس و دوکتور شەرەفکەندی، سکرتیری گشتی حیزب وهاوریی یانی شەهید دەکەن. لە هەموی ئەو تیررورانە کە ئەنجام دران، کومیتەیەکی تایبەتی(کومیتەی ویژە) بریتی لە خامەنە یی، رفسنجانی، ولایتی و فەلاحیان بەرپرسیار بوو کەتەنیا لە دەرەوەی ولآت زیاتر لە ٣٥٠ کەس لە رێبەران و ئازادیخوازانی کورد و ئێرانیان تیرور کرد کە زۆربەیان

ساڵیانێکی دوور و درێژ خزمە تی گەلەکەیان کردبوو. لەنێوخۆی ئێرانیش دا، سەدان جەنایەتی ترسێنەرلەشێوەی جەنایە تی تالەبان کەزۆربەیان دەست و لاقیان ورد ورد کرابوو، بەرێوەچوو کە ناوی نرا قەتڵەکانی زنجیرەیی.

قەتلی داریوش و پەروانەفروهەر و نوسەرانی گەورەو بەهەڵوێستی وەک محمد مختاری، محمد جحفر پوینده، محمد شریف و پیروز دودوانی و لە دەرەهاویشتنی ئوتوبوسی نوسەرانی ئێرانی(کە تەنیا ئەو پیلانە سەرکەوتوو نابێ) و هەروەها کوشتنی زۆرکەشیشی وەک میکائیلیان و دیباج و تیروری زۆر کە سایەتی ئایینی سوونني کورد و عەرەب کە دیارە ئەوانە تەنیا بەشێک لەو قەتڵەزنجیرانەن کە ئەم رێژیمە نگریسە بە جێ گەیاندون. جێگەی خۆیەتی لێرەدا رێز لە دوو تێکوشەری ئێرانی، ئاغایان دوکتور ئەکبری گنجی و عمادالدین باقی بگرێن کە لە لە قاودانی جەنایەتەکانی رێژیم دا رۆڵی باشیان هەبووە. شایانی باسە کە ئەکبەری گەنجی هەر ئێستا لە چالەرەشەکانی رێژیمی ئاخوندی دایە.

ئەگەر کۆماری ئێسلامی بەترساندن و شانتاژو تەماح وەبەرنان پێش لێکۆڵینەوە لە قەتلی دوکتور قاسملووی گرتووە و دوو سال لەمەو بەرێش بەشێووەیەکی گومان لێکراو وەکیلی قاسملوو لە ئووتریش تیرۆر دەکا و پەروەندەی لێکولینەوەکە بەداخەوە هەر دەمنیتەوە، بەڵام کە دووکتور شەرفکەندی سکرتری حیزب و هاوریی یانی لە برلین شەهید دەکرێن بە هۆی غیرت و ئازایەتی دادستانی دادگای ئالمان بەرێ برونو یوست لاپەرەیەکی دیکە هەڵدەدرێتەوە. پاش نیزیک بە سێ ساڵ و نێو لێکۆڵینەوە، لە گەڵ ئەوە دا کە فشار و تەماح وبەرنانیکی زۆر لە لایەن کوماری ئێسلامی لەئارادابوو، سەرئەنجام دادگای برلین لەرۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ حوکمی مێژوویی خۆی دا، کوماری ئێسلامی لەمەر دەرکردنی دەستوری تیرۆری شەهیدانی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ رەستورانی میکنووس بە بەرێوەبەری ئەم جەنایەتەناسی و ئەم رێژیمە لە تەواویەتی خۆی دا لە مەر لە ژێرپێنانی قانون وبێ حورمەتی بەحەریمی ولاتانی دیکە بە تاوان بارناسرا. چوار کەس لە سەرانی پایە بەرزی رێژیم بە نێوی خامەنەیی، رفسنجانی، ولایتی و فلاحیانی بە گەلالە دارێژ و بەرێوەبەری ئەمە جەنایەتە ناوبردرا، ئەمە بۆ حیزبی دیموکرات و ئوپوزیسیونی ئێران سەرکەوتنێکی گەورە بوو، کە پاش هەزاران جەنایەت، جارێک لەدادگایەکی خاوەن سەلاحیەت و بە ئیعتباری ئوروپایی رێژیمی تیروریستی کۆماری ئاخوند مەحاکەمەی دەکرێ. کێشانەوەی دیپلوماتەکانی ولاتانی ئوروپایی لە ئێران هەر چەند بۆ ماوەیەکی کورت بوو، بەلام رەنگدانەوە باشی هەبوو و بەکەڵک بوو.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، ئەگەر ولاتانی ئوروپای موتەمەدن! وەک ئوتریش، فرانسە، سویس، سوئیدو...لە جێگەی سازان لەگەڵ رێژیمی تیروریستی ئێران کە بوو بە هۆی دانی قوربانی یەکی زۆر لە شورشگێرانی کوردو ئێرانی لە نێو خاکی ئەوان دا، هەڵوێستی بۆیرانەیان وەک دادستانی دادگای ئالمان گرتبا، ژۆمارەی قوربانی یەکان زۆر کەمتر نەدەبووە و بەبوونی هەڵویستی لێ براوانەی ئەوان، ئەمرۆ تیروریستەکانی القاعدە بە یارمەتی و پشتیوانی ئێران و سوریە و... دەیانتوانی ئاوا لە زۆر ولآتانی جیهان رمبازێن بکەن؟ ئایا دەبووایە ترس لە تیروریسمی ئاخۆندی وسات وسەودای بازرگانی ببیتە هۆی ئەوە کە ئەو ولآتانە بایخە ئێنسانیەکانی وەک مافی پەنابەری و میوانداری و مافی مرۆڤ وەپشت گوێ بخەن؟ ئەوان ئەرکی ئەوەیان لەسەرشان بوو کە بە هێچ جۆر چاوپۆشی لەو کردەوە جەنایەتکارانە نەکەن و هەڵوێستی پێویست و جیددی بگرن.

لە هەل و مەرجی ئێستادا کە ئێران تووشی قەیرانێکی زۆر بووە هاشمی رفسنجانی کە یەکێک لە بێ ئیعتبارترین کاربەدەستەکانی رێژیمە، دەیەوێ دیسان بەختی خۆی بە تاقی بکاتەوە و بە خۆاردنی دەرمانی تاڵ تیماری ئەم سیستمە گلاو ونەخۆشە بکات. چاوخشاندنێک بە پەروەندەی دەورانی سەرۆک کۆماریی ئەم جەنابەدا چی دیکەمان جگە لە پەرپێدان بە موادی موخەددر و ئیدز و فەساد و دزی و تیرۆر و قەرزی گەورە وەک ٥٠ میلیارد دولار بە دەرەوەی ولات وەبیردێنێتەوە.

٨ ساڵ سەرۆک کۆماری و ٩ ساڵ سەرۆکی پارڵەمان بوونی ناوبراو شناختی زۆری دابە خەڵکی ئێران. بۆیە لە کاتی هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشم (نا) یان بە ناوبراو گووت. هەرچەند بەفرت و فێلی زۆری دەستەو دایەرەکانی، پلەی سێهەمی بۆ ئەندامەتی مەجلیسی شەشەم هێناوە کە خۆی بۆ سەرۆکی مەجلیس دانابوو بەلآم لەبەر نزمی ئاکامی هەلبژاردن، ناچار بە خۆکشانەوە بوو.

لەگەل ئەوی کە تاقمی پاوان خواز و رفۆرمیست هەردوولا باوەری تەواویان بە سیستەمی کۆنەپەرستی ولایەتی فەقی هەیە، هەر دووک تاقم بۆ گەیشتن بە دەسەلآت کێشەی گەورەیان هەیەو کێشەی دیکە لە نێوان خامەنەیی و رفسنجانی دایە کە پشتیوانی لە کاندید بوونی قالیباف دەکا و رەفسنجانی بۆخۆی دەیەوێ ببێتە هەمەکارەی رێژیم و بە هیوایە ٥١ لە سەدی دەنگەکان بێنێتەوە و لەسالێک لە مەوبەرەوە چاوی بەزۆر ئایەتوڵلای گەورەی نێودەزگای کونەپەرەستی کەوتووە و پێوەندیکی نیزیکی لە گەڵ ئەوان پێک هێناوە. هەردووک جەنایەتکار رەفسنجانی و

خامەنەیی و دوو تاقمی پاوان خواز و رفۆرمیست لە سەر سەرکووتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی یەک دەنگ و یەک هەڵوێستن.

با ریفۆرم خوازانی کوردستان و ئێران بزانن کە باشترین نوێنەری ئەوان سید محمدخاتمی کە مەجلیسی شەشمیشی لە گەل بوو جگە لەدانی بەڵێنی و درۆشمی پرزەرق وبەرقی وەک کومەڵگای مەدەنی ومەردوم سالاری چێ پێ کرا کە ئێستا بە بوونی دەیان کونەپەرستی مەجلیسی حەوتم ئەوانە کاریکیان پێ بکرێ! دەنگ دان و بەشداری خەڵک لەمەجلیسی شەشەم بۆ ئەوە بوو مستێکی باش لەدەمی پاوان خوازان و نوێنەری ئەوان، واتە ناتقی نوری بدرێ. هەروک دواتر دیتمان خەڵک بەرادەیەکی یەکجار کەم لە مەجلیسی حەوتم دا بەشداریان کرد. راستەکەی ئەوەیە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دیەوێ بە هەر نرخێک بێ کۆمەلانی خەڵک بکێشێتە سەرسندوقی دەنگدان بۆ ئەوەی مەشروعیەتێک بۆ رێژیم پێک بێنێ.

بە کورتی کاربەدەستانی رێژیم بۆ راگرتنی ئەم سیستەمە ئامادەن هەموو کار و سات و سەودایە ک بکەن، هەربویە لە دواکۆبونەوەی نوێنەرانی رێژیم لەگەڵ یەکیەتی ئوروپا لە لەندەن، رێژیم دەست هەلگرتنی لە بەرنامە ئەتومیەکانی خۆی بە دەستەبەر کردن و زەمانەتیک بۆ دەست تێورنەدانی ئەمریکا لەکاروباری ئێران بەستەوە. سەیر نییە کە کاربەدەستانی ریژیمی موستەزەفان بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان، خەبات بەدژی ئیستکباری جیهانی! فەوری کوتایی بێنن، بۆ ئەوی ماوەیەکی دیکەش درێژە بە تەمەنی پر لە شەرم و شوورەیان بدەن. رەنگە بۆ ئەو موستەزەفانەش جێگەی پرسیار نەبێ کە وەرێخستنی ئەو هەموو خۆپیشاندانە چەند سەد هەزار کەسیە بە دژی ئێستکباری جیهانی بۆ چ مەبەستهایک بوو و ئایا ئەم دوژمنەسەرسەختانە! ماهیەتیان گۆراوە یان کۆماری ئێسلامی دیەوێ بگوردرێ؟

دەسەلات دارانی ئێران هەستێیان بەمەترسی دۆراندنی دەسەلات کردوە، لە گەڵ هەموو گێروگرفتەکانی دیکە، کردنەوەی مەتەرزێکی دیکە وەک خوزستان و راپەرینی خەڵکی ئەم ناوچەیە دژی رێژیم لە مەرگۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی بە بوونی سەنگەریکی گەورەی ئازادیخوازی، کوردستان و بە گشتی هەوڵ و تێکۆشانی گەلانی زۆڵم لێکراو لە لایەک و زیاتر نیزیک بوونەوەی یەکیەتی ئوروپالە ئەمریکا و شنەبای ئازادی و دیموکراسی سەر خاورمیانە و ئالووگورە خیراکانی ناوچە و هەرس هێنانی زۆردیکتاتور و تێک قرمانی کۆشکیان لە لایەکی دیکە،

خەوی راحەتی لە رێژیمی دیکتاتوری ئێران بریوە.

پێویستە بڵێین کە هاشمی رفسنجانی پێویست ناکات کە ئەو دەرمانە تاڵەی کە باسی دەکا بخواتەوە، چوونکە گەلانی ئێران بۆخۆیان دەرمانیکی تاڵتر دەرخواردی ئەو و هەموو کاربەدەستەکانی کونەپەرستی دەدەن. گەلانی چەوساوەو ئازادیخوازانی ئێران بەتەحریم کردنی هەڵبژاردنی سەرۆک کوماری کە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی گەورەیە و بە خەباتی شێلگیر و نەپساوەیان روخانی رێژیم نێزیک و نێزیکتر دەکەنەوە کەئەوە تالترین دەرمانە کە هەتا ئێستا دوزراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی مای ٢٠٠٥

---

## کاتیک تیرۆریستێک دەبێتە سەرۆک کۆماری ئێرانی ٧٠ میلیۆنی

شانوی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، پاش هەراو هوریایەکی زۆر و زایەکردنی سامانێکی زۆری خەلکی ئێران(بیت المال) لەدوو خول دابەرێوەچوو و بە ئەمری ولی فەقی موعجەزەیەک رۆیدا و کەسێکی نەناسراو بەنێوی مەحمودی ئەحمەدینەژاد کەلە راپرسیەکانی پێشوو لە نێوان هەشت پالێوراوی سەرۆک کۆماری لە خوارترین پلە دابوو و لە هەلبژاردنیخولی یەکەم دا نیزیکەی ٥ میلیۆن و لە خولی دوهەم دا زیاتر لە سێ بەرامبەری ئەو واتە ١٧ میلیون دەنگی وەدەست هێناوە و لەرەفسنجانی کە هاتبووە خولی دوهەم و بە پێی وەستابوونی لە قوماری سیاست دا زۆر کەس هاتبوونە سەر ئەو باوەرە کە زۆر وێدەچێ ئەو بیباتەوە. بەلام ئەحمە دی نژاد بەپێی بریاری نوینەری خودا لە سەر ئەرز! کە دەبوو براوە بێ، ٧ میلیون لە وەستای فرت و فێلش وەپێش دەکەوێ.

گەلانی ئێران و ئازادیخوازان کە ماهیەتی رێژیمیان باش ناسیوە و دەیانزانی کە ئەو هەلبژادنە تەنیا بۆ وەدەست هێنانی مەشرۆعیەتە بۆ رژیم، بۆیە بەپێی هێندێک ئامار، زیاتر لە نێوەی ئەوانی مافی دەنگدانیان هەبوو کە دەرسەدێکی بەرچاوی حەشیمەتی ئێران دەگریتەوە، هەلبژاردنیان تەحریم کرد. دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگێرێ کە

ژمارەیەکی زۆریش لەخەلک لەبەر لەدەست نەدانی کار و زۆریش لەبەر درێژەدان بە خویندن کە پێشیان پێنەگیرێ، کە دەبوو سجیلەلانیان مور بکرێ، بوویە ناعیلاج بە دە نگدان بوون.

بۆ خەلکی ئێران کاندیداکانی خولی دوهەمی هەڵبژاردن واتە ئەحمەدینەژادو رفسنجانی جیاوازیەکی زۆری نەبوو چوونکە هەردووکیان کارنامەیەکی رەشیان هەبوو. کە بێینە سەر کوردستان، هەردووکیان لە گەلاڵە دارێژەران و بکوژانی رێبەرانیحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، خەڵکی کوردستانی ئێران قین و بیزاریەکی زۆری لێیا ن هەیە و بە پێی هێندیک هەوال رەنگە ٥٠% خەلکی کوردستان کە زۆرتری موچەخوران و کارمەندانی دەوڵەت و پاسداران و بەسیجەکانی جێگیر لە کوردستان دەنگیان دابێ، ئەگینا گەلی شورشگێری کورد گاڵتەی بەسەرجەمی سیستەمی ئاخوندی و هەڵبژاردنە گەپجارانە کەی دێت.

لەمەر جیاوازی نێوان ئەحمەدینەژاد و رفسنجانی، جیاوازیەکە لەوە دایە کەبە هەلبژاردنی هاشمی رفسنجانی و سازان و ریکەوتنی لەگەل ئەمریکا و ئوروپا، تەمەنی رێژیمی نگریسی کۆماری ئێسلامی دریژتر دەبووە، بەلام هەلبژیرانی ئەحمەدینەژادی جینایەتکار، مورەیەکی تەواو سەربە سەرکوت گەرترینبالی رێژیم، بە قازانجی گەلان ئێران تەواو دەبێ، مەودای نێوان خەڵک و رێژیم وەک لە ئێستاوە نیشانەکانی دەبیندرێ هەر زیاتر دەبێ و بەبوونی سەرۆک کۆمارێکی ئاوا بێمایە و گوێ لەمستی خامەنەیی ماهییەت و روی راستەقینەی کۆماری ئێسلامی تارادەیەکی زۆر بۆ ئەو بەشەی خەلک چ لە نێو خو و چ لە دەرەوی ئێران کە ئەم رێژیمەیان باش نەناسیوە دەردەکەوێ. پێویستە بگوترێ جیاوازی تالەبانی ئەفغانستان لە گەل تالەبانی ئێران (دارودەستەی خامەنەیی) لەوە دایە کە تالەبانی ئەفغانستان لەگەل درندەیی و وەحشێگەری و پاشکەوتوویی لەکاروانی پێشکەوتن، ئەوە ندەیان سەداقەت تیدابوو کە ئەوەی کە هەبوون وایان خوونێشان دا بەلام تالەبانی ئێران لەگەل درندەیی و تیرۆریست بوونیان بەفرت وفێل ویستویانە و دەیانەوێ تەواو جوریک و سیمایەکی دیکە لەخۆ نیشان بدەن.

بە هەرحال! لە بەنیو هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەفرتوفێل و بەفێرودانی پارەیەکی یەکجار زۆر لەسامانی نەتەوەیی بۆ هەرمزگەوتێک کە جێگای ریکخستنیکاروباری هەلبژاردن بوو ٢٠٠ میلیون تمەن دیاری کرابوو جگە لەوەش وەگەرخستنی ٣٠٠ هەزار بەسیجی کە بە پێی قانونی کۆماری ئێسلامی ئەو مافە بۆ هیزکانی رێژیم نیە کە دەست لە کاری هەلبژاردن وەربدەن و بەپشتیوانی سەدان ئاخوند توانیان ناوی پاسداریکی جەنایتکار بە پاداشتی

جەنایەتەکانی وەک براوە لە سەندوقەکانی دەنگدان بهێنەدرێ و بەنیوی سەرۆک کۆماری ئێرانی ٧٠ میلیونی بیناسێنن.

بە یەک دەست بوونی ڕێژیم، ڕێژیم یەکجار هارتر دەبێ. خامەنەیی وەلی فەقی، بەو یەک دەست و یەک ڕێزکردنی حاکمیەیت، ڕێژیم بە رو هەلدێری نەمان دەبات. بەو کارە رەنگە ڕێژیم بۆ ماوەیەک زۆر شت بە دەست بینێ بەلام هەموی بەیکەوە لە دەست دەدا، چوونکە دەبینین کە ڕێژیم لە ئێستاوە چۆن هاتووتە ژێر پرسیار و قەیرانەکان چەندە بەرو قول بوونن و لە پ رگرتن دان. ئەوە عادەتی دیکتاتورانە، یان هەمو شتێک یان هیچ شتێک. بە وتەیەکی دیکە، بەشی خۆم بۆ خۆم و بەشی تۆش بۆ خۆم.

چ دوڵەتەکان، چ حیزبەکان کە بۆچوونی جیاوازیان تێدایە ئەگەر بیانەوێ هەوڵی یەک دەست کردن بەتایبەت بە فرت و فێل بدەن، بۆ ماوەیەک رەنگە سەرکەوتن بەدەست بێینن، بەلام زۆر ناخایەنێ کە هەمووی لە کیس دەدەن. رژێمی حەمەرەزاشاش تەنانت تەحەمولی حیزبەکانی کە بە دائیم پێیان هەلدەگوت وەک حیزبی ئێران نوین و یان ئێرانیست و... نەکرد و بریاری دا کە تەنیا یەک حیزب دەبێ هەبێ، ئەوێش حیزبی رستاخیزی ئێران کە ئەو بیرو بوچونە کە لە دژ بە دیموکراسی بوونی ئەو سەرچاوی دەگرت، ویرای زۆلم و زۆری و نەبوونی دادپەروەری لەسیستەمی ئەو دابوو بە هوی رۆخانی ڕێژیمی ناوبراو.

هەلبژاردن یان دیاری کردنی ئەحمەدی نەژاد، دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی زۆری لە مێدیاکانی جیهان دا هەبوو. چ کەسێک ببیتە سەرۆک کۆماری ولاتیک، لە سەرپێوەندی لە گەڵ وڵاتان گرینگی و کاریگەریەکی زۆری هەیە چۆنکە سەرۆک کۆمار نێشاندر وناسێنەری کەسایەتی ئەو ولاتەیە. بیرورای گشتی جیهان هەم بە شێوەی نادیموکراتیک بوونی هەلبژاردن (پالاوتنی ٨ کەس لە نێو ١٠١٠ کەس دا) بەهۆی شورای نیگەبان و هەم بە تەقەلوبەکان و بە ئاکامی هەلبژاردن دژکردەوەی نێشان دا.

***هۆیەکانی نارەزامەندی زۆر، لەمەر دیاری کردن یان هەلبژاردنی ئەحمەدی نەژاد***

***وەک سەرۆک کۆماری ئێران کامانن؟***

• ئەحمەدی نەژاد لە زۆر ئورگانی سەرکۆت گەری ڕێژیم دا کاری کردوە، ناوبراو بۆ زیندانیە سیاسەکانی ڕژیم زۆر ناسراوە، ئەو لە گەڵ لاجوردی سەرۆکی بەندیخانەکانی ڕێژیم، هەزاران زیندانی سیاسیان کوشتوە و بەدائیم پێی خۆش بووە کە بۆخۆی تیری خەلاسیش لێ بدا بویە لە نێو زیندانیانی سیاسی بە نێوی، تیرخەلاس لێدەر ناسراوە.

• ئەحمەدی نەژادی لەبارمتەگرتنی کارمەندانی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە ٥٢ کارمەند بوون و ماوەی ٤٤٤ رۆژی کێشا دەستی هەبووە. بە پێێ زۆر ئاگاداری ناوبراو رولێکێ گرێنگی لەو کردەوەیە داهەبوە و لە ٦ کەس لە بارمتەکان بازجویی کردوە و هەوال دەری تەلەویزیوونی بی‌بی‌سی لە جەرەیانی بارمتەگرتن دا وەک یەکیک لەبەرپرسانی بارمتەگیری، ئەوکات وتویژی لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد کردوە.

• بە پێی گەلاڵە و دەستوری خامەنەیی و رفسنجانی، ئەحمەدی‌نە ژاد لە کوشتنی ریبەرانی حیزبی دیموکرات، دوکتور عبدالرحمان قاسملوو وهاوڕێیانی لە ڤیەن و بە قەولی هێندێک کەس و بلاوکراوای ئالمانی ئەبیندبلانت رۆلی سەرەکی لە ئورگانیزەکردنی قەتلی دوکتور شەفکەندی و هاورێیانی دا هەبوە.

• لە بەرپرسانی قەرارگای قودس و رەمەزان بووە. لە رێگای قەرارگای قودسەوە، ئەحمەدی‌نەژاد کردەوەکانی تیرۆریستی دەرەوەی ئێرانی بەریوە بردوە. جگە لە تیرۆری ریبەرانی کورد زۆر جەنایەتی دیکەشی بەئەنجام گەیاندوە کە ئەوانەی خوارەوە نمونە یەکن لەو جەنایەتانە:

* *تیرۆری دوکتۆر شاپوری بەختیار لە فەرانسە*
* *تیرۆری دوکتۆر کازم رجەوی لە سویس*
* *تێرۆری دوکتۆر کازم سامی، وەزیری بهداری دەلەتی موهندیس بازرگان.*

لە رێگای قەرارگای رەمەزان دەستی هەبووە لە تیرۆری دەیان شورشگێرلە کوردستانی عێراق کە زۆربەیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون.

پێویستە بگوترێ کە هەم وەزارەتی ئێتلاعات بەهەمو ناپاکیەوە و هەم وەزارەتی کشوەر دژی شارەدار بوونی

ئەحمەد نەژاد بۆ تاران بوون بەلام لە بەرزەخت و فشاری زۆری ریبەری ولات، خامەنەیی کە ئێستا ئەو جەنایەتکارەی گەیاندوتە سەرۆک کۆماری، ئەحمەدینەژادیان وەک شاردار بەسەرخەلکیتاران دا داسەپاند. موحەمەد رەزا باهنر لە دمراستەکانی قۆلی راست و حوسین الله کرم لە کاربەدەستانی رێژیم هەر دووکیان ساڵ و نێویک لەمەو بەر گوتبوویان کە سەرۆک کۆماری دوا رۆژی ولات مە حمود ئەحمەدی نەژادە.

بە هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد جێگەی سیاسیەکان لە گەل نیزامیەکان زیاتر گوراوە و نیزامیەکان زۆر بەهێز تربوون، روون و ئاشکرایە کە توند و تیژی و فشار و سەرکوت و کوشتار زۆر زیاتر دەبێ و ئەو چە ند هەزار بەسیجی و پاسدارە کە یارمەتی دەری سەرەکی ناوبراو بوون لە گەیشتن بە مەقامی سەرۆک کۆماری دەستیان بۆ سەرکوت و کوشتن و زۆر کاری نالەباری دیکە ئاواڵەتر دەبێ.

سەرۆک کۆماری تازەی ئێران لە لایەن راگەیەنەگشتیەکان و بیروڕای گشتی جیهانی وەک تیرۆریست و بارمتەگر ناسراوە و ئەوەی هەتا ئێستا ئاشکرا و روونە لەسێ ولاتی ئوروپایی، ئوتریش، سویس و فرانسە کردەوەی تیرۆریستی بەرێوە بردوە و ئیتیهامی تیرۆر و جەنایەتی لەسەرە. ئاخۆ سەرۆک کۆماری تیرۆریست ئیزنی هات و چوی بۆ ئەو ولاتانە دەبێ، ئاخو پولیسی نێونەتەوەیی ناوبراو دەگرێ یان نا؟ روون نیە.

لەو سەرو بەندەدا، لە ١٦ هەمین ساڵوگەری قەتلی دۆکتور قاسملو و هاوڕیانی، لەمەهاباد، شاری پێشەوا خوپیشاندان وەرێ خستراوە و خەلک بەوبۆنەوە و لەمەر شەهیدکردنی لاویکی شورشگێری مەهابادی دوکان و بازاریان چەند رۆژە کە داخستووە و بەرربەکانی دریژی هەیە. لەو کاتەدا هەولێک بۆ وەگەرخستنی پروەندەی قەتلی ماموستای گەورە و زانا لەئارادایە. کاربەدەستانی ئوتریش جاریک لە کاتی شەهید کردنی ئەو هاوڕیانە لە سالی ١٩٨٩ لە مەرترس وتوقین لە رێژیمی تیرۆریستی ئێران و وەرگرتنی هێندیک ئیمتیاز پێشگیریان لهگەرانەوەی تیرۆریستان نەکرد و بکوژانیان نەدابە دادگایە و سەرپۆشیان لەسەر ئەم قەزیە دانا. ئێستا کە راستیەکانی ئەم روداوە زۆر باشتر روون بۆتەوە و شاهیدیش بو ئەم جەنایەتە هەیە و نوینەری حیزبی سەبزەکانیش لە پارلەمانی ئوتریش بەلگە و مەدرەکی پێویستی لە دەست دایە بویە حکومەتی ئوتریش دەبێ بە جێگای ترسان و سازان لە گەڵ تیرۆریستان، پێویستە کە هاوکاری تەواو بۆ وەگەرخستنی پەروەندەکە بکا لە بیرخۆبردنەوە و بێ بایخ بەو مەسەلەیە، دروست بە مانای هاوکاری لە گەڵ تیرۆریستان و قاتلانە و ئەوە دەبیتە

هوی کەم بایخی حکومەت و ولاتی ئوتریش. نەتەوی کورد کە خیانەتی دەوڵەتی ئەلجەزایری، لە مەر پیکهینانی پەیمانی ئەلجەزایر پاش ٣٠ سال لە بیر نەچوتە بێگومان هاوکاری حکومەتی ئوتریشی لە گەڵ تیروریستانی کۆماری ئیسلامیش لە بیر ناکا.

پاش روداوی ٧ی جولای، ئە مسالی لەندن خەریکە بەرەی دژ بە تیرۆر لە ئوروپا بە هێز دەبێ و هاوکاری ئەمریکا و ئوروپاش بەرینتر دەبیتەوە. هەنگاوی حکومەتی ئیسپانیا لەکێشانەوەی هێزکانی لە عیراق پاش کردەوە گەورەکەی تیرۆریستیی مادرید و سەرپوش دانان لەسەر قەتلی ریبەرانی کورد لەڤیەن، بە قازانجی تیرۆریستانی القاعدە و ئێران کە هاوکاری بەر چاویان لە گەل یەکتر هەیە تەواو دەبێ و ئەوان زیاتر لەخۆبایی غەرە و پررووتر دەکا، جێگەی خویەتی کە هەم ئوتریش و هەم ولاتانی دیکەی ئوروپایی کە خۆیان بە پارێزەگاری پێورە دێموکراسیەکان دەزانن، هەول بدەن کە دادپەوری لە ولاتەکەیان جێگیربێ و نەهێلن مافی نەتەوەی زۆلم لێکراوی کورد، یان هەر تاکیکی مروڤ پێشیل بکرێ.

ئەحمەدی نەژاد وەک تیرۆریست و بارمتەگر ناسراوە و ئەوی هەتا ئێستا ئاشکرا بووە لە سێ ولاتی ئوروپایی، ئوتریش، سویس و فرانسە کردەوی تیرۆریستی بەرێوەبردوە و ئێتهامی تیرۆر و جەنایەتی لەسەرە. ئاخۆ سەرۆک کۆماری تیرۆریست ئیزنی هات وچوی بۆ ئەو ولاتە دەبێ، ئاخو پۆلیسی نیو نەتەوەیی ناوبراو دەگرێ یان نا؟ روون نیە بەپێی زۆر حیساب وێ ناچێ رێژیمی کوماری ئێسلامی تەمەنی زۆردرێژبێ، یەکدەست کردنی حاکمیەتی ریژم، مەودای نیوان ریژیم و خەلکی زیاد کرد و دەرسەدەدیکی زۆر خەڵک کە لایەنگریان لە زۆر تاقم و دەستەی وەک ریفورم خواز و میللی مەزهەبی و... دەکرد لێیان کشاوەنەتەوە و بەرە بەرە دورتریش دەبنەوە، ریژیم دیەوێ هەرچۆنیک بێ چەکی ئەتومی وە دەست بهینێ، لە لایەکی دیکەش دیەوێ درۆشمی کۆن و ژنگاوی بەرێ کردنی شورشی ئێسلامی دوویات و زیندودەکاتەوە و ئەگەر بۆی بگونجێ شەریکی سەلیبی (شەری موسلمان و مەسیحێ) ریکبخات. ریژیم دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بێ دەسەلاتی خۆی پەرە پێ بدات و زیاتر خۆی دا بسەپینێ. هاوکاری ئێران لەگەڵ تیرۆریسمی نیو نەتەوەیی و پشتیوانی لە زۆر تاقمی تیرۆریستی، دەست تێ وردانی ئەو رێژیمە لە کاروباری هێندیک لە دەلەتان بۆ نمونە لە مەسەلەی فەلەستین لەرێگای رێکخراوی حەماس و پشتێوانی و کەلک وەرگرتن لە حیزب الله و ئەمەلی لوبنان بۆ کاری تیرۆریستی خۆی و شیواندنی ئەو ناوچانە و پێشل کردنی مافی مروڤ لە ئێران کە سەرجەمی ئەوان بووتە هوی ئەوە کە رێژیم جێگا پەسندی کومەلگای نیونەتەوەیی

نەبێ و لە زۆر شوێن وەک مەترسیێەک بو ئەمنیەتی جێهان چاو لێبکرێ.

بۆیە ئەمریکا زۆر لێبراوانە لە بەرامبەر رێژیمی ئێران دا راوەستاوە و تونی بلیر سەرۆک وەزیری بریتانیاش کە ئێستا سەرۆکی یەکیەتی ئوروپایە، راشکاوانە بە حکومەتی ئێرانی راگەیاند:

کە رێژیمی ئێران خراپ حالی بوە ئەگەر پیێ وایە کە ئوروپا سەبارەت بە ئێران نەرمی دەکێشێ. و ولاتانی گ ٨، کە ٨ ولاتی گەوەرەی پیشەسازی جێهانن و لە زۆر مەسەلەی گرینگی جێهانی دابریاردەرن، وێرای هێندێک مەسەلە گرینگی دیکە بە وردی مەسەلەی ئێران و هاتنەسەرکاری ئەحمەدیە نەژادیان هێنایە بەرباس و دیسان لە ئاگاداریەک دا رایانگەیاند: کە دەبێ رژیمی ئێران دەدست لە دریژەدانی بەرنامەی ئەتومی هەلگرێ.

*به وتەی روژنامەی گاردین:*

لە چاوەکانی کاربەدەستانی گەورەی ئێران دا، نیگەرانی وترس دەبیندرێ، ئەوان لە ئەمرکاییەکان دەترسن، شک و گومانیان لە ئوروپایەکان هەیە و ئیعتماد و باوەریان بە جیرانەکانی رۆژهەلاتی نیوەراست نیە و ئامادە نین لەنیو خۆی ئێرانیش دا هەل و مەرج بۆ ئازادیەکی نیوە چلێش پێک بینن.

رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە وێدەچێ دواساڵەکانی سەرە مەرگی تێپەر بکا، وەک پشیلەی رەجەبە شێتی لێهاتووە. پشیلەی رەجەبە شێتی کاتیک کە بەشێک لە لەشی دەسوتێ، لە بەر ئیش و ئازاری لەشی، خۆی بەدار و دیوار و زۆر شت دا دەدا و گەرەکیکی لەگەل خۆی دەسوتێنێ. ئازار و ئیشی ریژیم لەبێ دەسەلاتیە کە ناتوانێ ببیتە خاون چەکی ئەتومی و ناتوانێ ئیمپراتوریەکی شیعە دابمەزرینێ کە زەختیکی زۆری لە لایەن کومەلگای جیهانی لە سەرە. ئاخو رێژیمیکی تیرۆریست کە ببێتە خاوەن چەکی ئەتومی بەشێکی زۆر لە جێهان و مروڤایەتی توشێ سوتان و قرکردن و مال ویران کردن ناکات؟ ئاخو ٧٠ میلیون نەفر لە گەلانی ئێران توشی چارەرەشی و مال ویران بوون نابن؟

کاتی ئەوە هاتوە کە هەم هێزی نیوخۆی ئێران و هەم هێزی دەرەوە رێگا چارەیەکی گرێنگ و سەرەکی بۆ ئەو

مەترسیە گەورەیە ببینەوە کە هەرشەیەکە بۆ تاک تاکی خەلکی ئێران و بە شێکی زۆری مروڤایەتی. بەسەرۆک وەزیر کردنی تیررۆریستیکی جەنایتکار، بێ حورمەت کردنە بە گەلانی ئێران و بایخەکانی ئێنسانی خەلک. خەلک کە بەو بێ رێزیە و بە گالتە گرتنە و زۆلم و زۆریە لەرادەبەدر تووشی شەریکی نەخوازراو بووە دەبێ خۆی بۆ راوەستان لەبەرامبەر ئەو جەنایتکارانە زیاتر ئامادە بکا کە ئێران و هەمووی حەشمەتەکەی بەرو هەلدێرگە ی نەمان دەبا.

هاوکاری گەلانی بن دەست و ئوپوزسیونی ئێران کە زیاتر لە هەر کاتیک هەست بە مەترسی فاشیزم دەکەن لەگەل زخت و فشاری نیو نەتەویی بۆ رێژیمی سەدەکانی نیوەراست، دەتوانێ فاکتوریکی گرینگ بێ. بەکورتی پێویستی پێک هینانی بەرەیەکی یەگرتوو لە نوێنەرانی گەلانی زۆلمێکراوی ئێران و حیزب و ریکخراوە شورشگێرەکانی ئێرانی و کوردستانی بە بەرنامەیەکی گونجاو لە گەل هەل و مەرجی ئێستا لە هەر کاتیک زیاتر هەست پیێدەکرێ. بەرەیەک کە کوتایی بە ٢٦ سال زۆلم و زۆر و جەنایەت و فەسادی ئاخوندەکانی بینێ کە شورشی

گەلانی ئێرانیان لە رێبازی راستەقینەی خۆی لادا و بونە هوی چارەرەشی و دواکەوتوویی بە میلیوون کەس کە قەرەبوو کردنەوی سالیانییێکی زۆر دەخایەنێ. کاربەدەستانی رێژیم بە خامەنی و رەفسنجانی و ئەحمەدی نەژاد و زۆر دیکەوە دەبێ وەلامدەری خوینی بەناحەق رژاوی سەدان هەزار کەس بن و لە دادگایەکی نەتەوەیی یان نیونەتەوەیی وەک میلوسویچ و سەدام حوسین موحاکەمە بکرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی جوولای ٢٠٠٥

## هەر نەتەوەیەک بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیلە شێوەکانی جوراجوری خەبات کەلک وەردەگرێ

هەر نەتەوەیەک بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیلە شێوەکانی جوراجوری خەبات کەلک وەردەگرێ، خەباتی جەماوەری یەکێک لەشێوە سەرکەوتووکانی خەباتە، کەرێژیمە سەرەرۆیەکان تەنیا لەگەڵ تاقم ودەستەی خەباتگێران بەڕوڕو نابن بەڵکوو لەگەڵ کۆمەلانی خەلک بەرەوروون، بۆیە لەدامرکاندنی ئەوشێوە خەباتەدا داماون. کە بیانەوێ بە شێوەی ئووسولی چارەسەری بکەن چوونکە لەماهیەتیان دانیە کە رێز لەمافو داخوازەکانی گەلانی بندەست بگرن ئەو رێگایەیان بۆناگونجێ، تەنیا رێگەیەک کە ئەورێژیمە دیکتاتوریانە دەیناسن سەرکووتی نیزامیيە، وێرای کەلک وەر گرتن لە زۆر فرتوفێڵ کە دەبیتە هوی شەمەزاریی وریسوایی ئەورێژیمانە.

کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوو و بیزار لە سیستەمی ناعادڵانە و نامروڤانە، بەرامبەر بە زوولم و زۆری و نەبوونی دادپەروەری رادەوەستنو دژکردەوە نیشان دەدەن و بە دەستی بەتال بەگژ ئەودوژمنانەدا دەچنەوە کە سەراپا موسەلەحن. ئەوان زۆر نەترسانە دینە مەیدان بۆشیان گرینگ نیە کە دوژمن خەباتی جەماوەری ئەوان چون لێک دەداتەوە و لە بەرامبەری دا رادەوەستێ.

لە هەل ومەرجی ئێستادا، سەدەی بیستویەکەم دەورانی بەجیهانی بوون، زۆروڵاتی جیهان خۆیان لەگەل بارودوخی ئەمرۆ رێکخستووە و رێگای دێموکراتیزە کردن لە وڵاتی خویان خۆش دەکەن وهەوڵ دەدەن ژیانی شیاوی سەردەمی نوێ بۆ هاووڵاتیانی خۆیان دابین بکەن و تێدەکوشن هەرچی زیاتر بایخ بە مافی مروڤ بدەن، بەڵام کۆماری ئێسلامی ئێرانکە یەکێک لە رێژیمە سەرەرۆیەکانی ئەم سەردەمەیە وبە پێچەوانە ی رەوتی مێژوو هەنگاو دەنێ، ئەوی بۆی گرینگ نیەبایخە ئێنسانیەکان و رێزلێنان لەمافی مروڤە. بوویە رێژیم زۆر جارلەلایەن کۆمیسیونی مافیمرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان مەحکوم کراوە کە بەداخەوە ئەو هەوڵانە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەررژێیم نەبووە و ئەوەی بۆ کۆماری ئێسلامی و دیکتاتورانی دیکە گرینگ نەبووە و نیە بیروڕای گشتی جیهانیو بیر و بوچونی خەلکی وڵاتی خۆیانە.

كۆماری ئیّسلامی لە قوناغی جۆراجۆردا لە ماوەی ٢٦ ساڵ تەمەنی نگریسی خۆیدا، زەخت و فشارێكی یەكجا رزۆری بۆ خەڵكی كوردستان هێناوەوبە هەموو شیّوەیەک ماف ویست و داخوازەكانی خەلكی كوردستانی پێشێل كردوە. سەدان جار رێژیم بێحورمەتی بەخەڵک كردوە، بەلاّم خەڵک ددانی بەجەرگی خوی داگرتووەو تەحەمولی زۆر كردەوەی نالەباری كردوە كە بەداخەوە دوژمنی كورد ئەو تەحەمول كردنانە و سەبووریەی خەڵكی بەترسەنۆكی خەڵک داناوەو زختیخوی زیاتركردوە و پیّیوایە بەو شیّوە دەتوانێ حكومەت بەسەر خەلكی كورد دا درێژەبدا. خەلک بە شیّوەی جوراجور رێژیمی تێگەیاندە كەچاوپۆشی لەمافەرواكانی خوی ناكات وئامادەش نیە كە هەموو ناحەقیەكان و زۆلم وزۆری رێژیم قەبوول بكا.

خۆپێشاندانی شاری قارەمانی مەهاباد، نموونەیەكە لەراوستان و تەحەموول نەكردنی ناحەقیە كانی رێژیم بەداموودزگادا پلوسینەرەكانیوە كە رۆژ نیە بەجورێک دەست درێژی بەمافی خەڵكی مەهابادو شارو گوندەكانی كوردستان نەكەن.

بەكریگیراوانی رێژیم لە ١٨ - ٤ - ١٣٨٤ شاكارێكیان بەهەزاران شاكاری دیكەیان زیاد كرد!!! ئەوان بۆچاوترسین كردنی خەڵكی مەهاباد، پاش برینداری ئەشكەنجە كردنیكی زۆر درندانە كەدەبیتە هۆی لەدەست دانی گیانی لاوی شورشگێری مەهابادی بە نیّوی كەمال ئەسفەرین( شوانە سیدقادر)، ئەوجار لە نیّوشار بە دوای ماشین سپای پاسداران دا رایدەكیّشن تابەو شیّوەیە خەلكی مەهابادی پێ چاوترسین وتەنبێ بكەن. ئەوترساندنە زۆرترلەبەر ئەوە بوو كە خەلک نەوێرن لە ١٦ هەمین سالیادی تیرۆری رێبەری شەهید دوكتۆرقاسملوو خۆپیشاندان رێک بخەن. بەلام بە پێچەوانە، خەلک ئەم جار وەلامێكی باشیان بەبەكریگیراوو خۆفروشەكان داوە، و پێی یان گووتن كە ئەوان لەهەر هەل ومەرجێک دابن رێزلە رێبەری مەزنی كورد و حیزبی دیموكرات دەگرن و داواكانیشیان دەهێنە بەرباس. و ئەوەشیان بەسەركوت گەران و پاسدارانی جەهل ونەزانی راگەیاند كەلە هەڵەدان كە بێ دەنگی وچاوپۆشی جاروباری خەلكی مەهاباد لەمەر زۆركردەوەی نالەباربە ترس و توقین لەرێژیم دابنین.

پاش بێحورمەتیەكی زۆر بە شەهید شوانە لەلایەن چلكاوخورانی رێژیمەوە، خەلكی مەهاباد دەستیان بە دەربرینی نارەزایەتی كردكە زۆر كەس ناویان نا (شۆرشی بەرد) و ئەو بەربەرەكانی و خرۆشانە نزیک سێ حەوتووی خایاند، رێژیم بۆ سەركووتی ئەم راپەرینە هیزەسەركووتگەركانی جیگیر لەمەهابادی پێ كەم بوو، بۆیە

هێزێکی یەکجار زۆری لەشارەکانی دیکە بۆ مەهاباد هێناوە کەبە قەول ئەو ڕاپەرینەجەماوریە سەرکووت بکا.

ڕێژیمی دەست بە خوێنسوری ٥٠ هەزار کەسی خەڵکی کوردستان، دەیەوێ بۆ ڕاگرتن و درێژەپێدانی سیستەمی بۆگەنی خۆی زۆر لە وە زیاترخوێنی خەڵکی شارو گوندەکانی کوردستان بڕێژێ. هێزە سەرکوتگەرەکانی کوماری ئاخۆندی وەک عادەتیانە لەوماوەیە دا لەمەهاباد زبروزەنگیکی زۆریان لەخۆنیشان دا، ئەو بەکرێگراوانە بەبیانوی سات لایت کۆکردنەوە مالی خەلکیکی زۆریان پشکنی و زۆریان لە خەلک دا وبێ حورمەتیەکی زۆریان بەخەلک کرد و بەو شێوەیە نێشانیان داکە دادپەروەری ئێسلامی چون دابیندەکرێ!

جێگەی خویەتی پرسیاربکرێ، پاش کوشتنی سەدان هەزارکەس لە خەلکی بێ دیفاعی کوردستان، بەکرێگراوانی ڕێژیم بۆدەستبەرداری خەلک نابن و کوردستان بەجێناهێڵن، چوونکە ئەوخەڵکە ڕێژیمی ناوێ. ڕێژیم باش دەزانێ کەپێگەی کۆمەلایەتی ونفوزی لەنیوخەلکی کوردستان دانیە ولە بەنێوهەلبژاردنی مەجلیسی حەوتەم و سەرۆک کۆماری، خەلک بەتەحریم و پێشگیری لە هێنانی سەندوقی دەنگدان بۆ زۆر شوێن، ئەوەیان بەرێژیمی ئاخوندی گووت کە بێزارن لە سیستەمی دیکتاتوری ئەوان. خەلکی مەهاباد و شار و گوندەکانی کوردستان چۆن دەتوانن ڕێژیمیکی ئاوا قەبوول بکەن کە تەنانت چاویان بەشادی و هەلپەرکێ و خۆشی خەلک هەلنایەو تورەیە. خەلک بەبۆنەکانی وەک هەلبژاردنی مامجەلال بۆ سەرۆک کۆماری عێراق و کاک مەسعود بۆ سەرۆکی هەریمی کوردستان و فیدرالی کوردستان شایی دەگێرن وشادمان دەبن کەچی ئەوە دەبیتە هۆی قین وتورەیی کاربەدەستانی ڕێژیم لەخەڵک و ئەوان بەبیانوی جوراجور خۆشی و شادمانی ئەو خەلکە تێک دەدەن. ڕێژیم دەیەوێ هەم خەلک بیرلە مافی نەتەوەیی خۆی نەکاتەوە وهەم بەدائیم ڕەشپۆش و لەگریان و عەزا دابێ.

خەلکی بە هەست و شورشگێری شاری خورگری مەهاباد کە ڕوڵەکانیان دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژ- ک) و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بوون، ئەو خەلکەی کەلە جوولانەوە شۆرشگێرانەکەی سالەکانی ٤٦ - ٤٧ی حیزبی دێموکرات دا زۆر ڕۆڵەی چالاک و قارەمانی وەک کاک سولیمان موعینی، کاک سمایلی شەریف زادە، هاشم حەق تەلەب(قادرشەیف)، سەید فەتاح و زۆری دێکە گیانیان فیدای ئامانجی گەلەکەیان کرد. خەلکێک کەگەرم وگورو چالاک بەشداری لە کوبونەوەو میتینگەکانی ٥٠ - ١٠٠ هەزار کەسی قاسملووی نەمر دەکرد و گویی لە ئاموژگاریەکانی ئەو ماموستایە ڕادەگرت کە دەیگوت کە گەلیک ئازادی بوی دەبێ نرخی بۆ بدات و باسی

خوراگری و خەباتی بەردەوام وکول نەدانی دەکرد، ئەو خەڵکە کە دەرسی خوراگری و نەبەزین و بۆگەل ژیان لەرێبەرانی‌خۆی، قازی محەمەد و قاسملوو و شرەفکەندی و زۆر گیان بەختکەری دیکە فێر بووە، بۆیە کۆل ناداو نابەزێ. ئەو خەلکە دەزانن خەبات زۆر هەورازو نشێوو زۆر کەوتنی تیدایە و فێریش بوون کە دەبێ پاش کەوتنەکان هەستنەوە و ئەوان هەڵدەستنەوە.

رێژێمی کۆماری ئێسلامی ئێران کە ئەمنیەتی رۆژهەلاتی نێوەراست و جیهانی تێکداوە وزۆر روهەڵماوانە دیەوێ ئاژاوەگێری و کارە تیرۆریستیەکانی زۆر زیاتر پەرەپێبدا، چ لەناو خۆی ئێران وچ لە ئاستی نێونەتەوەیی دا جێگەی پەسند نیە وەرناگیرێ و کاتی بەسەر چووە، مەسەلەی چەکی ئەتومی و تیرۆریزم، مافی مروڤ، مافی گەلانی چەوساوەی ئێران و زۆر مەسەلەی دیکە بەرۆکی رێژیمیان گرتووە و هەتا روخانی رێژیم بەرۆکی ئەو رێژیمە گەندەڵە بەرنادەن. پێویستە رێژیم باش بزانێ کە قەتلی شوانە قەتلی زهرا کازمی نیە وجیاوازی هەیە، شوانە بۆ گەلی کورد خۆی فیدا کردو گەلی کوردیش لەخوینی شوانە و شەهیدانی کوردستان خوش نابێ و هەتا گەیشتن بە ئامانجی شوانەکان کەدابین کردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کوردە درێژە بە خەباتی روای خۆی دەدا.

پێویستە دووپات بکرێتەوە کە رێژیم بە فشاروسەرکوت و زیندان و کوشتار ناتوانێ چۆک بە گەلی کورد دابدا و رەنگە تەنیا بتوانێ بۆ ماوەیەک داواکانی خەلک وەدوا بخات، بەلام ناتوانی ئێرادەی پولایینی گەل تێک بشکینێ و لە داواکانی پاشگەزی بکاتەوە. واباشە رێژیمی ئێسلامی! دەست لە سوکایەتی کردن بە خەلک هەڵگرێ و کوتایی بە کردەوە چەپەلەکان و فەسادی ئەخلاقی و ئەشکەنجە و چاودرهێنانی مێرمنالانی مەهابادی بینێ. هەرەشە و گوشاری

کاربە دەستانی رێژیم وەدەست خۆشی کۆمێسیونی لێکولینەوەی هاتوو لە تاران، لە بەکرێگیراونی جیگێر لە مەهاباد و گۆاستنەوەی هیندێک پرۆژەی ئاوەدانی لە مەهاباد بۆ ناوچە تورک نشینەکان وەک تەنبێ کردنی خەلکی ئەوشارە لەمەر ئەو راپەرینە و ودرێژەدان بەکوشتاری خەلکی کوردستان ئەوە دەگەینێ کەرێژیم دوژمنایەتێکی قوولی لەگەڵ گەلی کورد هەیە وگاڵتەی بە ویست وداخوزی خەلک دێ. دوژمنانی کورد دەبێ باش بزانن کە گەلی شورشگێری کورد قایم راوەستاوە وسورە لەسەردرێژەدان بە خەبات و هەتا گەیشتن بە ئاواتەکانی دەست لە خەبات هەلناگرێ، و ژیانی سەربەستی وەسەر ژێردەستی دیلی و کویلەتی دادەنێ. و هەتا کوردێک بمینێ خەباتی خوی

درێژە پێ دەدا و ئاڵای کوردستان هەر شەکاوە رادەگرێ.

راپەرینی مەهاباد و پشتیوانی و پشتگری زۆر شارو گوندی کوردستان وەک پیرانشار، شنو، سەردەشت، رەبەت، بوکان، بانە، مەریوان، ورمێ و نەغەدە و بەشێک لە لاوانی کرماشان و پشتیوانی کوردە دلسوزەکانی دەرەوەی کوردستان نیشاندری ئەوەیە کە گەلی کوردی تینوی ئازادی نایەوێ چی دیکە تەحەمولی زەبرو زەنگ و ناعەدالەتی بکا و داخوازی هەموو لایەک دابین کردنی مافی نەتەوایەتی کوردە کە وا وێ دەچێ ئەو خەباتە جەماوریە وێرای شێوەکانی دیکەی خەبات تووشی کەندو کوسپ ببێ، بەلام هەلدەستیتەوە و بەرینتردەبیتەوە. لەسێ هەمین حەوتووی خرۆشانی مەهاباد بۆراوەستان لە بەرامبەر زۆلم و زۆری و نەبوونی دادپەروەری کومەلایەتی، سپاس و دەست خوشی بەخەلکی نەبەز و سەرفەرازی مەهابادو شاروگوندەکانی کوردستان دەڵێن کەنێشانیان دا کوردستان هەر مەتەرێز و سەنگەری ئازادیو دیموکراسی دەمینیتەوە ولەگێران نایەو رێژیم هێچ پیگەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دانیە. پشتیوانی وپشتگیری شاروگوندەکانی کوردستان لەگەل ئەوەش هاورێ وپشتێوانی کوردە دلسوزەکانی دەرەوەی ولات لەگەڵ خەباتی قارەمانانەی مەهاباد و شوینەکانی دیکەی کوردستان، ئەوەی سەلماندکە ئامانجی هەموولایەک ئەوەیە کە نایانەوێ کورد لە بندەستی وکویلەیی دا بمنیتەوە و دەیەوێ ئازاد بێ و شێلگیرانە هەول بۆ دابین کردنی مافی پێشێلکراو خۆی و ژیانێکی شیاوی ئەو سەردەمە دەدا و لە هەموو شێوەیەکی خەبات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نەتەوەییە کەلک وەردەگرێ، بێگۆمان وەک هەر نەتەوەیەکی خەباتکارو کوڵنەدەر سەردەکەوێ وبەئاوات دەگا.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠٠٥

---

## قووڵ بوونەوەی قەیرانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەسەڵاتی راستەقینە هەمیشە لەلایەن کۆمەڵێک نیهادەوە کە هەڵبژێراوی خەڵک نین کۆ بۆتەوە. کاربەدەستانی ئەو نیهادە نادیموکراتیکانە بەشێوەی سوونەتی ئەو سیمایانە بوون کە بە باڵی موحافزەکار و توندڕەوی رێژیم ناویان دەرکردوە. ئەگەر دیاردەی خاتەمی بۆ ماوەی چەند ساڵێک خەتی بەناو

ریفۆرمخوازی هێنایە سەر مەیدانی سیاسیی ئێران، لە ٢٢ مانگی رابردوودا باڵی موحافزەکاری پێشوو دوای زۆر هەوڵی گوماناوی سەرەنجام توانی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، بەجێگەیاندن و قەزایی بە دەستەوە بگرێتەوە و ئیسلاحتەڵەبان لە مەیدان وەدەربنێ.

باڵی موحافزەکاری رێژیم پێی وابوو کە بەو شێوەیە توانیویەتی رێژیم یەکدەست بکا. بەڵام بەپێی بۆچوونی زۆر لە چاوەدێرانی سیاسی و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیونی ئێران( وەک عەلی کشتگەر)، دیسان دوو جیناحی نوێ لە رێژیمدا سەری هەڵداوەتەوە:

١- جیناحی یەکەم کە مسباحی یەزدی سەرۆکیەتی جیناحی نیزامییە و ئەحمەدی نژادی سەرکۆماری تازە سەر بەو جیناحەیە.

٢- جیناحی دووهەم جیناحی هاشمی رەفسەنجانییە کە بە شێوەیەکی کە بۆخۆشی چاوەڕوانی نەدەکرد لە شانۆی هەڵبژاردندا دۆڕا. ئەو جیناحە کەسایەتیی وەک خاتەمی، مشکینی، شاهرودی، مهدوی کنی - ی تێدایە و هێندێک شبهە حیزبی وەک موجاهدینی ئینقلابی ئیسلامی و جەبهەی موشارەکەتی ئیسلامی پشتی دەگرن.

بە پێکهاتنی جەناحی ئەوەڵ و هەڵوێست و کردەوەکانی ئەحمەدی نژاد کە کاندیدای خودی رێبەر و شورای نیگەهبان بۆ مەقامی سەرۆک کۆماری بوو، خامەنەیی و کاربەدەستانی ئەسڵیی رێژیم هەستیان بە جۆرێک مەترسی لە سەر بەقای رێژیم کرد، هەربۆیە بۆ رزگاری لەو مەترسییە و پێشگیری لە روودانی کارەسات و رووخانی رێژیم، بە پێچەوانەی مەیلی خۆیان دەسەڵاتی هاشمی رەفسنجانییان وەک سەرۆکی شورای مەسڵەحەتی نیزام و چاوەدێر بەسەر سێ دەسەڵاتەکەدا زیاتر کرد. لە لایەکی دیکەوە خاتەمی کە رووخانی رێژیمی لانیکەم هەشت ساڵ وەدوا دابوو، لەگەڵ رەفسەنجانی ئاشت بۆوە کە بۆ ئەوەی بە هاریکاریی ژمارەیەکی دیکە هەر لەو کاتەدا کە بەو کارەیان بەقای رێژیم زامن بکەن، ئامانجە جیناحییەکانیشیان پەیگیری بکەن.

کێشەی نێوان ئەو دوو جەناحە لە هەموو ئورگانەکانی رێژیمدا، لە راگەیەنەگشتییەکاندا و تەنانەت لە حەوزەکانی عیلمیەی قۆم بە توندی درێژی هەیە. هەوڵی هەردوو جیناحیش ئەوەیە کە لەو نێوەدا پشتیوانیی

خامنەیی لە خۆیان وەدەست بێنن و بەم جۆرە بەسەر جیناحی بەرامبەردا سەرکەون.

خامەنەیی لەلایەک نیگەرانە کە نوختەی کۆتایی سەرکەوتنی جیناحی یەکەم بوونی ئایەتوڵڵا یەزدی بە رێبەری نیزام بێ و لەلایەکی دیکەوە دانووی لەگەڵ رەفسەنجانی ناکوڵێ و لە نفووزی ناوبراویش هەر دەترسێ. بەکورتی نە بە قازانجیەتی لەگەڵ لایەک بکەوێ و نە لە ئاستێکیشدایە کە هەردووک جەناح بەقسەی بکەن. لە راستیدا ئێستا خامەنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باری سیاسیـیەوە (هەر نەبێ لە پێوەندی لەگەڵ جەبهەبەندییەکانی نێوخۆی رێژیمدا) فەلەج بووە.

خاڵی هاوبەشی هەموو رێژیمە دیکتاتۆرەکان ئەوەیە کە ئەوان لە حاڵەتی قەیرانیدا موراجعە بە عەقڵ و مەنتیق ناکەن و رێگای وا هەڵدەبژێرن کە قەیرانەکانیانی پێ قووڵتر بێتەوە. هەرچی کۆماری ئیسلامییە، ئەو رێژیمە جگە لە قەیرانە نەخوازراوەکان هەمیشە هێندێک قەیرانی بەئانقەستیشی ساز کردووە. بە بۆچوونی زۆر لێکۆڵەری سیاسی، هێنانەگۆڕی مەسەلەی ئیسرائیل لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە و فەرمایشتە تازەکانی مانۆڕێکی عەمدی بووە بۆ ئەوەی زۆر زیرەکانە بیرورای گشتی لە سەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی و کێشمەکێش لەگەڵ ئەمریکا بەلاڕێ دابەرن. رێژیم لە رابردوودا لە خوڵقاندن و بوونی قەیرانەکان جاروبار قازانجی کردوە و کاربەدەستانی رێژیمی ئاخوندی ئەو دەرسەیان بەتایبەتی لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق وەریان گرتووە کە بە بوونی قەیرانی نێونەتەوەیی دەتوانن هەموو گیروگرفت کان تەوجیە بکەن و خۆیان لە زۆر گیروگرفت و کەموکوڕیی دیکە بدزنەوە و لە بەر چاوی خەڵکیشیان لابدەن.

بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئاخوندەکان بەهەڵە داچوون و قەیرانەکانی ئەمجارە ئاکامی باشیان بۆ کاربەدەستانی رێژیم لێ پەیدا نابێ. قسەکانی ئەم دواییەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد وەک هاویشتنی بەردی نەزانی بوو. کورد گوتەنی: بەردێک کە نەزانێک لە گۆمیی داوێ بە سەد زانایان نایەتەوە دەرێ. وتەکانی سەرۆک کۆمار لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان و لە کۆبوونەوەی سەرانی ئیسلامی لە عەرەبستان و هەروەها دوو لێدوانی دیکەی لەو بابەتە کە هەموویان لە تەلفزیۆنی کۆماری ئیسلامی بڵاو بوونەوە رووی راستەقینەی کۆماری ئیسلامییان نیشان دا کە خاتەمی بۆ ماوەی ٨ ساڵ لەبەرچاوی بیرورای گشتی جیهان بەجورێکی دیکە واتە هێندێک سەردەمیانەی نیشان دابوو.

هەموو لایەک باش دەزانن کە ئەو سیاسەتە نەزانانەیەن کە بە چ شێوەیەک گەلانی بێبەشی ئێرانی تووشی چارەڕەشی و ماڵویرانیی زیاتر دەکا. ئایا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شەڕ لەگەڵ عێراق جگە لە مەینەتییەکی یەکجار زۆر و کوژران و نوقوستانی زیاتر لە یەک میلیۆن کەس چیان نەسیبی خەڵکی ئێران کرد کە ئێستا دەیانەوێ بە هاندانی ئیسرائیل بۆ شەڕی دژ بە ئێران ئاگرێکی زۆر قورس و مەترسیدارتر هەڵگیرسێننەوە؟ ئامانجی کاربەدەستانی رێژیم بە تایبەت جەناحی نیزامی کە پێش لە وتنی ئەو وتانە ئیزنیان لە خامەنەیی وەرگرتوە سازکردنی رووبەروو بوونەوەیەکی تازەی نێودەوڵەتییە کە ببێتە فورسەتی سەرکوتی دژبەران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و داپۆشینی کەم و کورِی و گەندەڵییەکان و خۆدزینەوە لە عیلاجی دەردەکانی وڵات و بەم جۆرە ماوەیەکی زیاتر درێژە بە تەمەنی نگریسی رێژیم بدەن. کاربەدەستانی رێژیم کە لە چارەسەری ئەو هەموو قەیرانەدا داماون، رێگای هاتنەدەر لە قەیرانەکان لەوەدا دەبینن کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا قەیرانێکی گەورە ساز بکەن. بەڵام ئەوان زۆر لەهەڵەدان ئەگەر پێیان وابێ کە وڵاتانی بڕیاردەری جیهان نەیانناسیون و ئەگەر بە تەمای ئەوە بن کە دیسان هەروا ئاسان بیروڕای گشتیی جیهانی بەفریو ببەن.

پاش وتە "زێرینەکانی" سەرۆک کۆمار یەکیەتی ئوروپا و ئەمریکا و زۆر وڵاتی جیهان و تەنانەت زۆر لایەن کە قەت هەڵوێستیان لە دژی ئێران نەگرتبوو دژکردەوەیان لەخۆ نیشان دا. سەرۆکی پارلەمانی ئورووپا گووتی: "دەست پێ راگەیشتنی وڵاتێکی ئاوا(ئێران) [بە چەکی ئەتۆمی] بە بوونی سەرۆکێکی ئاوا بۆ ئاشتیی جیهانی جێگەی مەترسیە". گرنت ئیلر جێگری وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان رایگەیاند کە تەحریمی توجاری بە دژی ئێران بە دوور نازانێ. بژون ون سید سەرۆکی پارلەمانی سوئێدیش باسی ئەوەی کرد کە پێویستە پێوەندیی وڵاتەکەی لەگەڵ ئێران کە دەیەوێ وڵاتیکی دیکە نابوود بکا بپسێنێ. هەر بەم چەشنە کۆفی عەنان سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وتەکانی ئەحمەدی نەژاد لە بنکەی ئەو رێکخراوەی مەحکووم کرد.

ئەو دژکردەوانە کەشێکیان دژ بە ئێران ساز کردوە کە تەنانەت داوای ئەوە دەکرێ وەک بێزاری دەربڕین رێگەی بەشداری کردنی تیمی فوتباڵی ئێران لە جامی جیهانیی ئەو ساڵ کە لە ئاڵمان بەرێوەدەچێ بگیرێ. ئیسرائیل نامەی بۆ ٨٠ وڵاتی جیهان ناردووە و داوای مەحکووم کردنی قسەکانی سەرۆک کۆماری ئێران و پچرانی پێوەندی لەگەڵ ئێرانی لێ کردوون. ئەم هەڵوێستانە بوونە هۆی ئەوەش کە جارێکی دیکە هەڵوێستی ئورووپایی و ئەمریکاییەکان سەبارەت بە ئێران لێک نزیک بێتەوە. ئەمریکا دەیەوێ بەرەیەک بەدژی رێژیمی ئێران لە نێوان

خۆی و ئوروپا و روسیه و چیندا پێک بینێ. بەپێکهاتنی یەکیەتییەکی ئاوا، ئەگەری ئەوە کە ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بریاری توند و مەترسیدار بەدژی ئێران پەسند بکا بەهێز دەێ. جۆرج بووش لە وتووێژی لەگەڵ فاکس نیوزدا وتی کە ئەوە گووتوویەتی ئێران بەشێکی مێحوەری شەرارەتە تەواو دروستە.

راستییەکەی ئەوەیە کە سەرچاوەی ئەسڵیی ئەو قەیرانانە بێکیفایەتی و نامەسئولییەتیی بەرپرسانی رێژیمە کە بەرێوەبەری سیستمێکن کە لەسەر چەواشە و دەغەڵکاری و توند و تیژی دامەزراوە، سیستەمێکی گەندەڵ کە لەودا زۆربەی کارەکانی خەڵک بەبێ دانی بەرتیل ناچنەپێش و سیستمێک کە لە بەشداریی کاریگەر و نەخشی سازندەی مرۆڤە بەتوانا و دڵسۆزەکان بۆ ئیدارەی وڵات بێبەش کراوە. لە بواری دەرەوەییشدا هۆی ئەو کێشانە نەبوونی دەرکی پێویستی کاربەدەستانی رێژیم لە مەسەلە نێونەتەوەییەکان و سازکردنی شەڕ و هەڵایەکی زۆر و زۆر هۆی دیکەش کە ئاکامەکەیان بردنی ئێران بەرەو هەڵدێری زۆر کارەساتی دیکەیە.

لە حاڵێکدا کە سەدەی نوێ سەدەی گەشەکردنی زانست و تەکنۆلۆژییە و لەو سەردەمەدا هەموو هەولێک دەدرێ کە لە زانست و پێشکەوتن بۆ راحەتی و ئاسایش و قازانجی مرۆڤەکان کەڵکوەربگیرێ، کەچی بەلای رێژیمی سەدەکانی نێوەراست کە هیچ بایەخێک بۆ جەوهەری مرۆڤایەتی دانانێ، ئەو رێژیمە قەیرانخوڵقێنە بەپێچەوانەی رەوتی مێژوو دەروا. هەربۆیە مانەوەی زیاتری دەبێتە هۆی زۆر فاجیعەی گەورە و هەتا ئەو رێژیمە بمینێ نەتەنیا ئێران بەڵکوو رۆژهەڵاتی نێوەراست رووی ئاسایش و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ.

کاریگەری ئەو قەیرانانە لەسەر گەلانی ئێران ئەوەیە کە لە بەرەکەتی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامیدا قوربانییەکانی هەژاری، بێکاری، موعتادی، لەشفرۆشی، نەخۆشی، تەڵاق و... هتد لە تەنیشت زیندانیانی سیاسی، نەقووستانان، ئازلێشواوان و... هتد هەروا زۆر و زۆرتر بن. کەچی رێژیم هەروا هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی کە بەشکوم بتوانێ جیهانی پێ فەتح بکا و هەروەها زۆر ئاژاوە و خراپکاریی دیکە تەرخان دەکا کە لەجیاتی ئەوە دەکرا ئەو داهات و سامانەی وڵات سەرفی گەلانی ئێران و بۆ چارەسەری کێشەکان کرابایە کە بەو رادەیە تووشی فەلاکەت و چارەرەشی نەبایەن و هێندێک لە قەیرانەکانیش چارەسەر کرابان. لێرەدا تەنیا سێ نموونە لەو مەسرەفە خراپکارییانە رێژیم دەکرێ:

١- ماوەی ٢٠ ساڵە کە پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ روسیە دەنێردرێ بۆ کڕینی ئەبزاری پێویست بۆ سازکردنی چەکی ئەتۆمی کە خەرجی ئەو ئەبزارانە خۆی لە چەند میلیارد دۆلار دەدا.

٢- پارەیەکی زۆر بۆ پشتیوانی لە تیرۆریستە جۆراجورەکان لە تیرۆریستی نێونەتەوەیی ئەلقاعیدەوە بگرە هەتا زۆر تیرۆریستی ناوچەیی وەک حەماس، جیهادی ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان و زۆری دیکە.

٣- دابین کردنی خەرجی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار پاسدار و جاش و بەسیجی جێگیر لە کوردستان بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی شورشگێری کوردستان و پارەیەکی زۆریش بۆ سەرکووتی ناوچەکانی دیکە خەرج دەکرێ و تەئمینی خەرجی سەدان هەزار لیباس شەخسی بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران و حەرەکەتی ئێعترازی لە تاران و زۆر شوێنی دیکەی ئێران.

ئەو خەرجانە و زۆر حەیف و مەیلی دیکەش لە کاتێکدا دەکرێ کە قەرزی ئێران گەیشتۆتە ١٦ میلیارد دۆلار بە بوونی داهاتێکی زۆر کە لە نەوت دەستدەکەوێ.

بەکورتی ئابووریی قەیران لێدراوی ئێران هەروەک بارە سیاسییەکەی لەبەر بێ کیفایەتی و مودیریەتی ناشیانە و نەزانانە تووشی قەیرانیکی زۆر بووە. ئەسەدوللا عەلەم وەزیری دەرباری محەمەد رەزاشا کاتی خۆی دەیگووت:" بۆ ئێدارەکردنی ئێران دوو شت پێویستە: قودرەتی زۆر و عەقڵی کەم". جا پرسیار لەوەدایە کە ئایا رۆژئاوا رێگە دەدا کە کەڵەکەبوونی ئەو قودرەتە زۆرە و ئەو ئەقڵە کەمە بگاتە جێیەک کە گەڕانەوەی نەکرێ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٤ی جانێوێری ٢٠٠٦

# نیگەرانی سەبارەت بە بارودوخی کوردەکانی ئێران

شورای نورویژی مافی کوردان داوای لە سکرتێری دولەتی رایموند یوهانسن کردوە کە مەسەلەی وەزعیەتی مافی مروف لەپیوەندی لە گەل کوردان و بەتایبەت بارودۆخی ژنان لە سەردانەکەی روژەکانی ۲۰ و ۲۱ بۆتاران بێنیتە بەرباس.

۱٥ و ۱٦ فیبروار دیسان تیکهەلچوونی جیدی لە نیوان کوردەکانی و هێزەکانی تایبەتی دولەتی ئێران روی دا. بە پیێ گوزاریشی ئووپوزیسیونی کوردی، ۸ کەس کوژراو و ۲۰ کەس برینداار و زیاتر لە ٤۰۰ کەس لە شاری ماکو لە ئازەبایجانی روژئاوا گیراون.

هەروەها گوزارشت لە نائارامی لە شاری مەهاباد و بازرگان و سەردەشت هاتووە. رێژیمی ئێران بە توندی لە کوردەکان دەدا چوونکە دەترسێ کە کوردەکانی ئێران ببنە ئوپوزیسوونی دژی رێژیم و بەشێوەیەک کە کوردەکانی عیراق بە دژی رێژیمی سەدام کردیان. کوردە کانی عیراق لە سێ ئوستانی کوردستانی عیراق، خۆیان ئیدارە دەکەن و خۆبەرێوەبردن بە پێ هەڵبژاردنی ۱٥ئوکتوبری ۲۰۰٥ شەرعیەتی پێدرا. دێموکراتیزە کردنی کوردستانی عیراق، ئیلهامی دا بە هێزەکانی کوردەکانی ئێران و بووتە هۆی چالاکی زیاتری ئوپوزیسوونی سیاسی.

شورای نورویژی مافی کوردان هەروەها پنجەرادەکیشی بۆ راپورتی نیو نەتەوەیی مافی مروف کە لە پیوەندی لەگەل وەزعیەتی مافی مروف لە ئیراندا لە ۱٦ فیبروار ۲۰۰٦ دەەچووبوو. وەک سەنەدەکان نێشان دەدەن کوردەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئاییینیەکان لە ئاستێکی زۆر دا کەوتونەتە بەر پەلاماری توند، پاش هاتنە سەر کاری مەحمود ئەحمەدی نەژاد کەلە مانگی مای ۲۰۰٥ بۆ سەرۆک کۆماری ئێران هەلدەبژێدرێ.

هەروەها زۆربەی راپورتەکانی ریکخراوی نەتەوە یەک گرتوەکان نێشان دەدا کە وەزعیەتی ئابوری، کومەلایەتی کوردەکان بە نیسبەتی رادەی میانگینی ولآت خراپترە. بەپێ راپورتی تایبەتی ئەم ریکخراوە لە پیوەندی لەگەل وەزعیەتی ستانداردی خانووبەرە، کاتیک کە دیتە سەر مەسەلەی دەست پێراگەیشتن بە ئاو و کارەبا، لەو

**ناوچانەی کە کوردی لێ دەژین وەزعیەتەکە خراپترە. هەروەها رادەی خویندەواری کوردەکان بە نیسبەتی میانگین لە خوارەوەترە.**

**ژانویە ئەمسال لە پیوەندی لەگەل مەسەلەی ژنان لە ئێراندا راپورتی دا. لەو راپورتە دا رەخنە لە UHCHR27لە ئێران گیراوە کە هەوڵی پێویستی بۆ جێگیر کردنی مافی ژنان نەداوە و ئاکام وەردەگرێ کە دام و دزگا نیهادیەکان خەلک دەچەوسینەوە و بەردەوامن لە جیاوازی جنسی.**

**سڵاوی دوستانە**

**سەرۆکی هەیئەت Vidar Birkeland**

**بەرپرسی ئاگاداری Liv Kjølseth**

**ئەو وەرگیراوەی راگەیاندنی چاپەمەنی شورای نورویژی مافی کوردانە بۆ زانیاری گشتیە**

**وەرگێرانی: کەریم ئەڵلاوەیسی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٠٦**

## کۆچی دوایی قارەمانێکی وەرزشی

**لە نێو گەلانی خاوەن دەوڵەتدا، پاڵەوانانی وەرزشی هەم لەباری ژیان و گوزەرانەوە زۆر لەسەرەوە و دەستڕۆیشتوون، هەم لەنێو خەڵکی خۆیاندا حورمەت و خۆشەویستییەکی زۆریان هەیە.**

**بەڵام قارەمانەکانی نەتەوە زوڵم لێکراوەکان تەنیا ڕێز و خۆشەویستیی خەڵکیان هەیە و لە ئاستێکی گونجاوی**

ژیان و دەرەتان بێبەشن.هەروەک چۆن زۆر هونەرمەندی گەلی بندەست باری ماڵی و ئیمکانی بەرەو پێش چوونیان زۆر نیە و کار بە دەستانی ڕێژیمەکانیش بایەخی پێویستیان پێ نادەن، وەرزشوانانی ئەو گەلەش لە حاڵەتێکی وا دان و بەکورتی بە هۆی ئەوە کە ئەو گەلانە قەدریان نیە، یاریزانەکانیش قەدریان ناگیرێ.

کاک " محەممەد ئیسلامی " ناسراو بە "سوورە"، یەکێک لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی وەرزشی کوردستان و بەتایبەتی خۆشەویست و جێگەی حورمەتی خەڵکی مەهاباد و زۆر لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ئێران بوو. ناوبراو جگە لە توانای وەرزشیی زۆری، ئەخلاق و ڕەوشتی جوان و دڵسۆزییەکەشی وای کردبوو کە بە یاریزانێکی ڕاستەقینە و نموونە بناسرێ. کاپیتانی خۆشەویستی تیمی فوتباڵی هەڵبژاردەی مەهاباد کاک" محەممەد ئیسلامی " زۆر تایبەتمەندیی باشی هەبوو و ئەوەش ئەوی لە زۆر قارەمانی وەرزشیی دیکە جیا دەکردەوە. جگە لە خوو و ڕەوشتی جوان و باشی، ناوبراو تەنیا لە فوتباڵدا کارامە نەبوو، بەڵکوو لە زۆر ڕشتەی دیکە وەک واڵیباڵ و باسکێتباڵدا یەکجار زیرەک و شارەزییەکی زۆری هەبوو و ببوو بە قارەمانێکی" همه فن حریف". کاک محەممەد لە کێبەرکێی جۆراوجۆردا فارس گووتەنی" اقای گل" ی مەهاباد بوو. کەم وابوو لە کێبەرکێیەکی فوتباڵدا گۆڵێکی لێ نەدابێ و زۆرجاریش گۆڵەکانی دەگەیشتە ٢ و ٣ .

بە ناسینێکی زۆر کە لەسەر ناوبراوم هەیە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کاک محەممەد بەو ئیستیعداد و لێهاتووییەی کە لەوەرزشدا هەیبوو، ئەگەر کوڕی میللەتێکی ژێردەستی وەک نەتەوەی کورد نەبایە، بێشک بۆ ئەندامەتیی تیمی فوتباڵی ئێران هەڵدەبژێردرا. ناوبراو جگە لە وەرزش دەستی بۆ هەر شتێک بۆ نموونە کایە کوردییەکانی وەک دامە ، مێشێن و... دەبرد، تێیدا کارامە و شارەزا دەبوو. ئەمن و زۆر یاریزانی دیکەی باسکێتباڵ کە بۆ کێبەرکێیەکان لە شارەکانی کوردستان و ئێران لەخزمەت کاک "محەممەد ئیسلامی" دا بووین، دەزانین ئەو مرۆڤە زۆر تایبەتمەندی بەرزی لە خۆیدا کۆکردبۆوە و هەربۆیە ببوو بە خۆشەویستی خەڵکێکی زۆر بەتایبەت خەڵکی شاری قارەمان و کوردپەروەری مەهاباد.

گەلی زوڵملێکراوی کورد زۆر بلیمەتی لە ڕشتەی جۆراوجۆری وەرزشی و هونەریدا لێهەڵکەوتووە کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە هۆی کورد بوونیان ئاوڕیان لێ نەداونەتەوە و ئەو ئەستێرە گەشانە وردە وردە کوژاونەوە. بە پێی قاعیدە لە زۆر وڵاتان کاتێک بلیمەتەکان لە ڕشتە جۆراوجۆرەکاندا دەردەکەون بە هۆی کاربەدەستانی وەرزش دەقۆزرێنەوە

و بۆ زیاتر پەروەردەکردنیان مووڕەببی تایبەتییان بۆ دادەنرێ بۆ ئەوەی زیاتر گەشە بکەن و ببنە جێگەی شانازیی وڵاتەکەیان. لە ئێران، شۆوێنیزمی فارسی خاوەن دەستەڵات چ لە زەمانی شا و چ لە دەورەی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە لە بواری پشتیوانی لە وەرزشدا جیاوازیی زۆری لە نێو رۆڵەکانی گەلانی وڵات داناوە. ئەوان قەت ئیمکاناتی پێویستیان بۆ شارەکانی کوردستان دانەناوە و هەوڵیان نەداوە ئیستعدادە وەرزشییەکانی کورد گەشە بکەن. ئەگەر جاروباریش هێندێک پشتیوانییان لە وەرزشکارانی گەلی ئازەری کردوە، بۆ گەلی کورد ئەو برە پشتیوانییەشیان بە ڕەوا نەدیتووە. بۆ نموونە "یدالله کارگرپیشه"، ئازەری، خەڵکی ورمێ لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران وەک کاپیتانی تیمی میللی واڵیباڵ دیاری کرابوو و "علی دایی" ، ئازەری" خەڵکی ئەردەبیل وەک کاپیتانی تیمی میللی فوتباڵ لەم دەورەیەی دەستەڵاتی ئاخوندەکان دیاری کرا. کەچی لەولاوە ئەگەر کوردێک وەک " محەممەد هەوراز " خەڵکی نەغەدە بە هیممەتی خۆی، خۆی گەیاندە ئاستێکی زۆر بەرز و ببوو بە ئەندامی تیمی میللی شاخەوانی ئێران، هەروەک دیتمان کاتێک کە گیانی شیرینی لەدەستدا، لەلایەن کاربەدەستانی وەرزشی و حاکمییەتی ئێران هیچ ڕێزێکی لێنەگیرا.

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە کاک محەممەد ئیسلامی یاریزانی خۆشەویست و بەتوانا لە رۆژی ٣ - ٤ - ٢٠٠٦ دا بە هۆی نەخۆشیی دڵ گیانی لەدەست دا. خەڵکی کوردستان و ناسیاوان و یاریزانان بەتایبەت خەڵکی مەهاباد بە لەدەست چوونی ئەو قارەمانەی وەرزش زۆر بە پەرۆش بوون و یادی ئەو مرۆڤە دڵسۆزە قەت لەبیر ناکەن.

بەو ئاواتەی کە یاریزانانی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان کە لە زۆر دەرەتان و ئیمکاناتی وەرزشی بێبەشن، ڕێز و حورمەت و خۆشەویستی خەڵکی بەئەمەگی کوردستان بۆ ئەوان ببێتە هاندەرێک بۆ خزمەتی زیاتر بە وەرزشی کوردستان.

یادی ئەو قارەمانەی وەرزش بە خێر و ڕووحی شاد بێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی ئەپریلی ٢٠٠٦

## کۆچی دوایی دانیال میتران گەورە ناودارو پشتیوان ودلسوزی کورد

رۆژی چوارشەمە ٢٣ی نوامبر وەک ریزلێنان لە دانیال میتران وەک رۆژی ماتەمینی لە باشوری کوردستان راگەیەندرا و هەر لەم رۆژە دا لە زۆرشوێن رێزو حورمەت لەم خاتوونە گەورەیە گیرا و چەند دەقیقەیەک جموجوڵ وەستێندرا.سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستان وچەند کەس لە رێبەرانی کورد بۆ رێزلێنان سەردانی کۆنسولی فرانسەیان لە هەولێرکرد. کوردان لە فرانسەش بەم بۆنەوە رێزیان لە دانیال میتران وخەڵکی فرانسە گرت.
تێکۆشەرێک کە ٢٥ ساڵ لەمەوبەر بۆ خزمەت بە کورد و بە لێقەوماوەکانی دنیا بنیادی فرانس لیبرتەی واتەی فرانسەی ئازادەی پێک هێنا. بە کۆچی دوایی دانیل میتران، ئازادیخوازانی جیهان، چەوساوەکانی ئەمریکای لاتین وئەفریقا وزۆر شوێنی ئەم دنیا پان وبرینە وخەڵکی هەمووی کوردستان بە تایبەت ئازادیخۆازان وتێکۆشەرانی دێموکرات غەم و پەژارە دایگرتن بۆ لەدەست دانی مرۆڤێکی یەکجارئینساندوست و لێبوردو ونەترس کە کارێگەری زۆری لە سەر چارەنووسی کورد هەبوو.

ئاخر ئەو سەکۆیەک ،مێنبرێک بوو بۆ گەیاندنی ئێش و ئازارەکانی کورد بۆ ئوروپا وهەمووی جیهان لە ساڵە سەخت وتاڵەکانی کۆمەڵکوژیەکانی هەشتاکان و ساڵی کارەساتی کۆڕەوی کورد لە ١٩٩١ دا. ئەگەرکارەساتی ئەنفاڵ وهەڵەبجە وکۆرەوی میلیونی کوردی هەژاند، ئەوە خاتوو دانیل میتران بوو دەنگی ئەو گەڵە لێقەماوەی بە دنیا گەیاند وبووبە هۆی هەژاندنی عالەم. سازکردنی پێکەر ومجەسەمەو ناونانی شەقام وگۆرەپان بە ناوی ئەو و مێردی بەرێزی واتە سەرۆک کۆمار فرانسوامیتران و ناسناوی دایکی کوردان لە سەر دانیال میتران، هەمووی ئەوە دەگەینێ کە نەتەوەی ئەمەگناس و بە وەفای کورد دانیل میتران قەت لە بێر ناکا ویاد وبیری ئەو لە بیرو ویژدانی کوردان هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. پێوستە هەوڵ وکارە بەرچاوەکانی ئەم تیکۆشەرە نمونەیە بخەینەبەرچاو:

پێکهینانی فرانسوالبرتە، فرانسەی ئازاد بۆ خزمەتی کورد و چەوساوەکانی دنیا کە ٢٥ ساڵ پێش پێک هات.

ناردنی دادوەر بۆ بەشداری لە بەنێو دادگای تورکیە بۆ رزگاری میهدی زانا مێردی لیلا زانا و شارداری دیاربەکرکە دەیانەویست حوکمی ئێعدامی لە بێ دادگاکانی تورکیە بەسەردا بسە پێنن.

بردنی هەزاران کوردی پەنابەری باشوری جێگر لە کەمپەکانی تورکیە بۆ فرانسە و پەنادانیان لەم وڵاتە.

دروست کردنی ٤٠٠ قوتابخانە لەباشوری کوردستان.

هاوکاری ئەو کاریگەری زۆری هەبوو کە زۆر کۆرو کۆمەڵی مروڤدوست سەردانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەن و بە چەند جاربێنە بنکەکانی قەندیل و هەروەها هەوڵ بدرێ بۆ دروست کردنی نەخۆشخانە و یارمەتی ناردنی دوکتورانی بێ سنوور بۆهاوکاری بە حیزبی دێموکرات. لەسەر پیوندیکی نزیک دانیل میتران لەگەڵ هەمووی کورد و کوردی رۆژهەلات و رێبەرانی حیزبی دێموکرات با بۆ مێژوو بمنێتەوە ئەو پیوندیانەی کورد لە گەڵ دانیال میتران و فرانسوا میتران و برناردگۆشنرپێک هاتبووهەمووی لە رێگای شەهیدی گەورە دوکتور قاسملووە دروست ببوو.

بەشداری دانیال میتران لە یادی ١٠ سالەی دوکتورقاسملوو و دوکتورسەعید لە پارلەمانی فرانسە و پەیام خۆیندنەوە بەم بۆنەوە.

لە کاتی روودانی کارەساتی کۆرەوی گەورەی سالی ١٩٩١:

سەردانی خۆی و هێنانی چەند خەبەرنگاری خاریجی بۆ سنورەکانی کوردستان و سەردانی چەند شاری رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەسەرکردنەوەی بارودوخی پەنابەران، ئەگەرچی پێناخوش بوونی زۆر لایەنی دژ بە کوردی لێکەوتەوە.

بەگەیشتنی دانیل میتران بۆ سنورەکان و دیتنی بارودوخی نالەباری کورد لە گەڵ ئەوەی کە چەند تریلی خواردەمەنی لیباسی لەگەل خۆی هێنابوو داوا دەکا لە رێگای هەوایی فەوری فرانسە یارمەتی نان و پێخۆر ولیباس و... بۆ لێقەوماوانی کورد بنێرێ.

ماڵەکەی خۆی، ماڵە سەرۆک کۆماری فرانسە دەکاتە بنکەیەک بۆ کارو وخزمەت بۆ دوملیوون کوردی ئاوارەی تورکیە و ئێران. و بۆ ئەم کارە پلانێکی ٣ مانگەی دانا.

بەشداری لە چەند کونفرانسی پاریس وواشنگتۆن و لۆکزامبورگ بۆ باس لە سەر کورد و چالاکی زۆر بۆ پشتیوانی لە لێقەوماوانی کورد و لە هەمووی زیاتر کاریگەری بەرچاو دانان لە سەر سەرۆک کۆماری فرانسە، فرانسوا میترانی مێردی بە هاوکاری برناردگۆشنری، وەزیری کاروباری مروڤی ئەوکاتی فرانسە و دوستی نزیکی دوکتورقاسملووی شەهید، ئەو مەسەلە واتە مەسەلەی لێقەوماوانی کورد بووبە مەسەلەی فرانسە.

وەزیری دەرەوەی فرانسە لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان دەلێ: کیشەی کوردی کێشەیەکی موقدسە بۆ فرانسە.

نوێنەری فرانسە لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان دەڵێ ئەگەر ئێوە هاوکاری نەکەن بۆ خۆمان هێزو لەشکری خۆمان بۆ هاوکاری دەبەین. یەکەم فرانسە، دوایەش بریتانیا و پاشانیس ئەمریکا ئامادەی هاوکاری وپشتیوانی لێقەوماوانی کورد دەبن. و لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش کار دەکەن بۆ جێ بەجێکردنی بریاری ٦٨٨ بۆمەداری ٣٦.٩ درجە ناوچەیەکی ئازاد کە تەیارەکانی سەدام حەقی هەستانیان لەو ناوچانانە نەبێ.

کورد لە دروست کردنی بناخەی کوردستانی باشور، خۆی بە قەرزدارو مەدیوونی دانیل میتران دەزانێ زۆر جار کە هەیئەتەکانی کورد قەدرزانیان لە بەرخزمەتەکانی لێ دەکرد، ئەو بە تەوازوعەوە دەیگۆت ئەوە بۆ ئازایەتی کۆرد دەگەرێتەوە. دانیال میتران سێ کتێبی نووسیووە:

* کتیبیک کە بەشێکی تایبەت بە کوردە.
* کتیبی ئەوانە هەموو برای ئێمەن(لە سەر مکزیکیەکانە).
* کتیبی ئەشکەنجە لە تونس.

لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن ئەنجوومنی ئیالەتی، خەڵاتی باشور وباکۆری پێ دەبەخشرێ.

ئەو ژنە تیکۆشەرە کە زۆر کەس بە ئازادیخوازێکی بە تەواومانای دەزانن لە بەر خزمەتی بە کورد، دوژمنانی کورد

دەیانەوێ لە ناوی بەرن و ناوبرا لە نیزیک سولیمانیە مینی بۆ دادەنریتەوە کە بە خۆشیەوە لەم تێروورە ناجومیرانەیە رزگاری دەبێ.

رۆژی شەمە ٢٦ - ١١ - ٢٠١١ رۆژی ناشتی دانیال میترانە، ژنێک کە لە دڵ و درونی زۆر میلیوون کورد داجێگەی خۆی کردوتەوە لە پاریس پیتەختی فرانسە دەنێژرێ، منیش دەنگی خۆم دەگەل دەنگی کاک خانەی ماملی دەخەم و وەک برا بچووکی هەموو لایەک داوا دەکەم کاتژمێر ١٢ی نێوررۆیە لە سەر پێ راوستین و دەقیقەیەک بێ دەنگی رابگرین بۆ رێزلێنان لە هەموو خزمەتەکانی بە کورد و لێقەوماوەکانی دنیا.

هەزار سڵاو لە دانیال میتران کە بە ئەندازەی دەولەتێکی گەورە لە کات وساتە هەر سەخت وتاڵ ودژوارەکان خزمەتی بێ وێنەی بە کورد کردوە و هەر کوردێکی بە ویژدان ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لەبیر دەمێنێ و بەو هیوایەی هەموومان ئەو قسەی ئەو مروڤە یەکجار دڵسوز بە کوردەمان هەمیشە لەبیر بمێنێ کە دەیگووت: ئەگەر کورد یەک بێت هەموو دونیا دەبێتە دۆستی. بەو هیوایەی نمونەی ئەو مروڤە گەورانە لە عالەم دا زۆر بن و کوردێش دوست و پشتیوانی زۆر بۆخۆی پەیدا بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

---

## دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی

مەسەلەی هەوڵدان بۆ وەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی بە هۆی کۆماری ئیسلامی ئێران و گومانی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی سەبارەت بە مەبەستەکانی ئەو رژیمە لەو پێوەندیەدا و هەوڵدان بۆ قەناعەتدان و پێشگیری لەو کارە لە ماوەی چوار ساڵدا بۆتە یەکێک لە هەواڵە سەرەکی و گرینگەکانی راگەینە گشتییەکانی جیهان.

هەوڵ و تەقەللاکانی کۆماری ئیسلامی بۆ زیاتر بەفریو بردنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی نەیتوانی ئاکامی باشی بۆ

ڕژێم هەبێت و سەرئەنجام لە ڕۆژی ٢٩ی مارسی ئەو ساڵ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کۆبوونەوەی برڵین دا مۆڵەتی ٣٠ ڕۆژیدا بە ئێران کە دەست لە پیتاندنی ئۆرانیوم هەڵگرێ و ڕێز بۆ پێشنیار و ڕێ و شوێنەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی ئەتۆمی دابنێ.

زیاتر لە ١٨ ساڵ ئاخوندەکان، بە ڕیفۆرمخواز و مەحافزەکار و... سازکردنی چەکی ئەتۆمی‌یان لە ئاژانسی نێونەتەوەیی و بەگشتی لە کۆمەڵگایی نێونەتەوەیی شارد بۆوە. هەوڵەکانی ئاژانس و سێ وڵاتی گەورەیی ئوروپایی فەرانسە، بریتانیا و ئاڵمان بۆ قەناعەتدانی ئێران بەدەست هەڵگرتن لەوەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی هیچ سوودێکی نەبوو.

سەرەنجام جیهان بۆی دەرکەوت کە ئەو ڕژێمە هەوڵەکانی لە بۆواری تێکنۆلۆژی ناوەکی‌دا بە ئامانج و مەبەستی ئاشتیخوازانە نیە، چونکە ئێران پێویستی بە ئێنێرژی هەستەیی نیە و بۆخۆی لە وڵاتانی گەورەیی خاوەن نەوتە و نیزیک بە ١٠% ی نەوتە جیهان دابین‌دەکات. بۆیە ئاژانس کە پێشتر بەزۆربەی دەنگ بڕیاری دابوو، دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بنێرێتە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو ئەنجومەنەش بۆ پێشگیری لە مەترسێکی گەورە، کە تەیار بوونی ڕژێمێکی ئاوا ـ کە جیگەی باوەڕ نیە ـ بە چەکی ناوەکی بڕیاری بەجێ و شیاوی خۆی دا.

مانگێک کاتی دیاریکراو بۆ کۆماری ئیسلامی خەریکە بەرەو تەواو بوون دەڕوا، بەڵام قسە و لێدوانەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوەی دەردەخا کە ڕژیم ئامادە نیە لە هەڵوێستەکانی پاشگەز بێتەوە. خامنەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ماوەیەک لەمەو پێش بە کابینەی ئەحمەدی‌نەژادی گووتبوو کە نابێ لە بڕیاری خۆیان پاشەکشە بکەن، ئەگەر ئێران بڕیاری شوڕای ئەمنیەتیش پەسند بکات ئامریکا دیسان بیانویەک دەبینێتەوە کە مەبەستی خۆی واتا روخانی ڕژیم جێبەجێ بکات. عەلی‌ڕەزا ئاسفی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران گووتویە کە ئێران چاوپۆشی لە مافی خۆی ناکات. دیارە ئاخوندەکان وەک پیشەیانە، زۆر فێڵبازانە لەو ماوەیەدا بۆ وەدەست هێنانی کاتی زیاتر هەر خەریکی هەڵخەڵەتاندن و خافڵاندن و فریودانی ئاژانسی نێونەتەوەیی و سێ وڵاتی گەورەیی ئوروپایی باسکراو بوون و لە لایەکی دیکەش هەوڵیان دەدا کە کەڵک لە کێشەکانی هێزەکانی جیهانی بۆ بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان وەرگرن، کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

كۆماری ئیسلامی بە جێگەی ڕێزلێنان لە شورای ئەمنیەت و گوێڕایەڵی لە ئاژانسی ئەتۆمی ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم، زۆر بەڕووهەڵماڵاویەوە حەوتووی پێشوو ڕایگەیاند كە بوونە خاوەن چەكی ئەتۆمی و جێژنیان گرت و كەیكی زەرد ڕەنگی ئەتۆمی‌یان بەبۆنەی ئەو سەركەوتنە گەورەیە! بڵاوكردەوە. دیارە لە ڕاگەیاندنی هەواڵی خۆشی ئەتۆمی جۆرێك كێ بەر كێ لە نێواە هاشمی ڕەفسەنجانی و ئەحمەدی‌نەژاد كرا و هاشمی ڕەفسەنجانی توانی دەست پێشخەر بێت و بۆ خۆی ئەو هەواڵە خۆشەی! بە خەڵكی ئێران ڕابگەینێ. لەلایەكی دیكە بە مانۆڕدان و قوودرەت نمایی و زۆری بازوو و نیشاندان لە كەنداوی فارس هێزی بەهێزی خۆیان نیشان دا!! هەروەها لە ڕۆژی ئەڕتەش ٢٩ی خاكەلێوە (١٨ ی مارس) بۆ لابردنی نیگەرانی خەڵك، مانۆڕێكی نیزامیاندا كە بەو شێوەیە دونیایان وەلەرزە خست !!!

كاربەدەستانی ئێران پێیانوایە كە ناردنی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران كاریگەری زۆری لەسەر ئێران نابێت و لە گەمارۆدانی ئێران كۆمەڵگای نێونەتەوەیی زۆرتر زەرەر دەكا هەتا ئێران. لە لایەكی دیكە ڕژیم پێی‌وایە كە ئامریكا بەو وەزعەی كە لە عێڕاقدا هەیەتی توانای شەڕی لەگەڵ ئێران نیە. ئاوڕێك لە زیانە ئابوریەكانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بەتایبەت لە چەند مانگی دوایی‌دا لە بازاری بورس و خەریدەكانی دەرەوەی وڵات ڕاگیرانی پرۆژەكان و بەرەوپێش نەچوونی كارەكانی نێونەتەوەیی دەری‌خست كە گەمارۆی ئابوری ئێران و لە دواییش‌دا ئەگەری هێرشی نیزامی، ئێران تووشی چ مەترسی و كارەساتێكی قەرەبوو نەكراو دەكات. بەناردنی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان و بڕیاری ئەو ئەنجومەنە كە مۆڵەتە یەك مانگەی بۆ ئاخوندەكان دیاری كردووە و پاش كۆتایی مانگی ئاپریل كە گوزاریشی ئاژانس دەدرێتەوە بە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كە وێدەچێ لەوێ زۆر بڕیاری گرینگ لەسەر ئێران بدرێت، ئێران تووشی گەورەترین شكستی سیاسی خۆی لەماوەی هاتنە سەر كاریەوە هەتا ئێستا بووە و ئامریكا بەرێكخستنی وڵاتانی جیهان دژ بەكۆماری ئێسلامی و گەیاندنی مەسەلەی چەكی ئەتۆمی ئێرانبۆ ئەو قۆناغە سەركەوتنێكی گەورەی وەدەست هێناوە كە لە نەوعی خۆی‌دا كەم وێنەیە.دیارە سیاسەتی ئامریكا سەبارەت بە ئێران بەو چەشنەیە:

١- قەناعەتدان

٢- كۆكردنەوەی وڵاتانی جیهان بەدژی ئێران (اجماع)

**٣- ئیجبار.**

**وێدەچێ کۆماری ئیسلامی ئێران لێیتێک چووبێت کە پێیوابێ ئامریکا بە شێوە و مێتۆدی شەڕی عێراق دێتە نێو مەیدانی شەڕەوە لەگەڵ ئێران.**

**جۆرج بووش دەڵێ: ئەزموونی ١١ی سێپتامبر ئەوەیە کە ئێمە دەبێ هەڕەشەکان پێش ڕوودانەکەی دەفع بکەین و لە چەند کۆبونەوە ڕایگەیاندووە کە لێکدانەوە لەسەر ئەوە دەکا کە لە چەکی ئەتۆمی بەدژی ئێران کەڵک وەربگیرێ.**

**ژاک شیراک سەرۆک کۆماری فەرانسە لە ٢٠ی ژانویەی ٢٠٠٦ ڕایگەیاند، ئامادەیە بەدژی وڵاتانێک کە ئاسایش و ئەمنیەتی فەرانسە لە مەترسی دەخەن لە چەکی ئەتۆمی کەڵک وەرگرێ.دیارە هەموو لایەک باش دەزانن کە مەبەست لە وڵات یا وڵاتان کۆماری ئیسلامی ئێرانە.**

**مامۆستا عبدالله حەسەنزادە سیاسەتمەداری بە توانای گەلەکەمان دەڵێ: نابێ شمشیر بکەوێتە دەست قووڵەی مەست. (نباید شمشیر را بدست زنگی مست داد .) تەیار بوونی ڕژیمێکی تێرۆریست بە چەکی ناوەکی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە شوێنێکی یەکجار حاستەم و جێگەی مەترسیە بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پەسەند ناکرێ. هۆیەکانی پەسەند نەکران زۆرە کەدەکرێ ئاماژە بەچەند نمونەیەک بکەین:**

*** ڕژیمێک کە دەیەوێ وڵاتێک وەک ئیسرائیل کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانە لەسەر گۆی زەوی بسرێتەوە.**
*** ڕژیمێک کە کارنامەیەکی یەکجار ڕەشی لەمەر مەسەلەی مافی مرۆڤ هەیە و زۆربەی هەرەزۆری ساڵیانی حکومەتەکەی لەو پێوەندیەدا سەر کۆنە کراوە.**
*** ڕژیمێک کە ئێرانی کردۆتە ناوەنی تێرۆریزم و هاوکاری بەرچاوی لەگەڵ تێرۆریزمی جیهانی و ناوچەیی هەیە.**
*** ڕژیمێک کە بۆتە هۆی شێواندن و ئاسایش و پێشگیری لە ئاشتی لە زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی لە فەلەستین و عێراق دەکا.**

وەک باسکرا وێناچێ رژێم ملکەچ بێت بۆ بڕیارەکانی شورای ئەمنیەت.بۆیە پاش مۆڵەتی دیاریکراو یانی تەواو بوونی مانگی ئاپریل شورای ئەمنیەت کۆدەبێتەوە و قسە و لێدوان لەسەر راپۆرتی ئاژانسی نێونەتەوەی دەکا و سزای پێویست بۆ سەر ئێران دیاری دەکات. وا وێدەچێ جگە لە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران مەسەلەی دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق، فەلەستین و لوبنان و هەروەها پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا لە ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بێتە بەر باس.

***سزادانی ئێران رەنگە بەو شێوەیە بێت؛***

* ***قۆناغی هەوەڵ: پێشگیری لە هاتنەدەرێی کاربەدەستای کۆماری ئیسلامی.***
* ***پێشگیری لە فرینەکانی نێونەتەوەیی (پروازهای بین‌المللی)***
* ***بەستنی حیسابەکانی کۆماری ئێسلامی***
* ***قۆناغی دووهەم: گەمارۆی ئابووری.***
* ***قۆناغی سێهەم: هێرشی نیزامی.***

بۆ ئەو قۆناغە ئەگەر شورای ئەمنیەت وەک بۆ مەسەلەی دەرکردنی رژێمی عێراق لە کوەیت ئامادە بوو، بۆ ئێرانیش ئامادە بێت ئەوە کاری ئەو قۆناغەش بەهۆی ئەو شورایە دەبێت ئەگینا وێدەچێ یەکیەتیەک لە نێوان ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی رۆژئاوا و ئاسیایی بە هاوکاری زۆر وڵاتی ناوچە بەسەرکردەگی ئامریکا پێک بێ. دوو وڵاتی روسیە و چین لەگەڵ ئەوەی باش دەزانن کە ئێران تەنیا و تەنیا وزەی ئەتۆمی بۆ سازکردنی چەکی ئەتۆمی بۆ مەبەستی نیزامی دەوێ، بەڵام قازانج و بەرژەوەندی خۆیان وایان لێدەکات کە ئەو مەترسیە گەورەیە بە چووک نیشان بدەن هەوڵ دەدەن گیر و گرفتێک پێک بێنن کە ئاخوندەکان سزا نەدرێن و گەمارۆ نەخرێتە سەر ئێران و هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران نەکرێت کە دیارە لە ئاخردا ئەو دوو وڵاتەش مەجبوور دەبن هاوکاری بکەن بۆ ئەو کارە.

لەو چەند مانگەی دواییدا کۆماری ئیسلامی بە زۆر شێوە هەڕەشەی لە وڵاتانی ئوروپایی و ئاژانسی ئەتۆمی کردوە کە دەبێ هەڵەکانی خۆیان قەرەبوو بکەنەوە کە ئێران بەو شێوەیە ئیزن بە ئەوان نەدات.

ئاسفی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران زۆرجار گووتویەتی بابزانین کێ زەرەر دەکا" این گوی و این میدان."
شانتاژ و هەڕەشە و گوڕەشەکانی کاربەدەستای کۆماری ئیسلامی کاتی بەڕێوەچوونی دادگای میکۆنوسی ئاڵمان لەبەر تێرۆری هاوڕێ دوکتور سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانیمان وەبیر دێنێتەوە کە رژیم لە لایەک دەیەویست تەماع وەبەر کاربەدەستانی ئاڵمان بنێ (وەک ئێستا تەماعێکی زۆری وەبەر روسیە و چین ناوە و لە لایەکی دیکە هەر رۆژەی بەجۆرێک هەڕەشەی لە کاربەدەستانی ئاڵمان و دادگا بکا، بڕیاری بوێرانەی دادگای ئاڵمان کە کاربەدەستانی سەرەکی کۆماری ئیسلامی بە عامیلی کارەساتی میکۆنوس زانی و هێندێک بڕیاری شلگیری لەو بارەوەدا کە بوو بە هۆی ئەوە تێرۆرەکانی بە نێو دیپلۆماتانی ئێران لە خاکی ئوروپا زۆر کەم بێتەوە و ئەوە دەرکەوت کە رژیمی کۆماری ئیسلامی رژیمی فێڵ و تەلەکە و فەساد زمانی فشار و زەخت دەزانێ و دەبێ بەو زمانە وڵامی بدرێتەوە کە حاڵی دەبێت. ئەوەش بەهۆی وڵاتە گەورەکان دەکرێ کە بەرژەوەندی ماڵی وەسەر هەموو شتێک نەخەن و گرینگی بە بایخە مرۆڤایەتیەکان بدەن و پێشبگرن لە هاتنە پێشی زۆرکارەساتی گەورە کە بە هۆی دەوڵەتان یان دەوڵەتێکی تێرۆریستی وەک ئێران روو دەدات.

پێویستە باسی ئەوە بکەین ئەوەی کە هیچ حیسابێکی بۆناکرێ گەلانی زوڵم لێکراوی ئێرانن، ئەوان کە لەهەموو ئەو ساڵانەی کە رژیم بەسازکردنی چەکی ئەتۆمیەوە خەریک بوو، هەر ئاگایان لە هیچ نەبوو و لەو ساڵانەی دوایی‌دا لە رێگەی راگەینەگشتیەکانی دەرەوەی ئێران ئاگاداری مەسەلەی چەکی ئەتۆمی ئێران بوون و ئێستاش لەلایان فەرمانداری نیزامیەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ، ئەوەی رەخنە لە سیاسەتی چەکی ئەتۆمی ئێران بگرێ زمانی دەبڕن.

کۆماری ئیسلامی نەتەنیا بۆتە هۆی چارەڕەشی و فەلاکەتی گەلانی ئێران، بەڵکوو بۆتە هەڕەشەیەکی گەورەش بۆ سەر کۆمەڵگایی نێو نەتەوەیی و بە پێی ماددەی حەوتەمی شوڕای ئەمنیەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەگەر دەوڵەتێک ببێتە هۆی مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، لەلایان رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان پێشی پێدەگیرێ و سەزای پێویست دەدرێ.

بەرووخان یا لاوازبوونێکی زۆری رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، پرۆسەی ئاشتی و دێموکراسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆرخێرا دەچێتە پێش، ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە ناوچەدا دێتە ئاراوە، عێراقیش زۆری ناکێشێ رووی ئاسایش

و ئـاراميش بەخۆيـەوە دەبينـێ. مەسـەلەی فـەلەسـتين و لوبنـان رواڵـەتێکی ديکـە بەخۆيـەوە دەگـرێ. تاقمـە تێرۆريسـتەکانی حـەماس و حزباللـەی لوبنـان و سـوپای بـەدری عێـراق، پشـتيوانێکی گـەورە بـۆ ئـەنجامی کـاری تێرۆريسـتی لەدەسـت دەدەن و رێکخـراوی تێرۆريسـتی نێونەتـەوەی ئەلقاعيـدە بـە رێکخـراوە ناوچەکانيـەوە وەک ئەنساروالسننە و... زۆر لاواز دەبێت.

لـەو سـەردەمەدا کـە سـەردەمی رەتکردنـەوەی ديکتاتۆريەتـە، جێگـەی خۆيـەتی گـەلانی ئێـران وەخـۆ بێنـەوە و ئۆپۆزسيۆنی کورد و ئێرانی بـۆ پێکهێنـانی بەرەيـەکی يـەکگرتوو پەلـە بکـەن. فشار و زەختی نێونەتـەوەی لەمەر مەسەلەی چەکی ئەتۆمی وێدەچێ هەل و مەرجێکی لەبار بۆ رووخانی رژێم و هێنانە سەرکاری رژێمێکی دێمۆکراتيک لە ئێراندا بێنێتە پێش کە پێويستە بەباشی لەو هەل و مەرجە کەڵک وەربگيرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک ميديا - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

## هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی نوروێژ، بەرەکانی راست و چەپ!

هەلبـژاردن کـۆڵەکەی سـەرەکی دێموکراسـی لە وڵاتـانی پێشـکەوتوو و ديمـوکراتێکە کە بە شـێوەيەکی سـالم بەرێوەدەچێ. ئەوە خەڵکن بە دەنگدانيان دياری دەکەن، کێ وڵات بەرێوە ببات. دەنگدانيش بە لە پێش چاوگرتنی بەرنامە و پرۆژەکانە و متمانە بە پارتەکانێش بايەخی خۆی هەيە.

هەروەهـا ئەگەر گەيشـتن بە دەسـەڵات ئـاوات و ويسـتی هەر حيزبێکـی سياسی يە، ئەوە بەجێهێشـتنی دەسـەلاتيش پاش سەرنەکەوتنی دووبارە هەميشە بێ گيروگرفت بووە. ديارە بەشداريکردن لە دەسـەڵاتدا گرينگـی هەيە، خەلـک ديەوەێ بزانـێ حێزبێـک يـان ئۆپوزسـيۆنەکەی کە بەردەوام رەخـنە دەگـرێ، لە کـردەوەدا چەنـدە دەرووەسـت بە دروشمەکانيە. بەداخەوە لە ولاتانی ديکتاتوری بۆ نموونە ئێران، ئەگەرچی هەلبژاردن هەيە، بەڵام هەلبـژاردن بـۆ رەواييـدان بە دەسـەڵاتی نارەوايـان لە لای کۆمەلگـای جيهـانێيە و دەنگـی خەلـک زۆر کـات کەمتـرين بـايەخ و

کاریگەریی هەیە. وەلی فەقی دیاری دەکا نوینەرانی ولات کێ بن و ئەگەر جارویاریش بەناو ریفورمخوازان بێنە سەرکار بە دەسەڵاتی رەهای خامەنەیی بە هەموو شێوەیەک پێش بە بەرەوپێشچوون و رۆڵگێڕانیان لە کۆمەلگادا دەگیرێ.

ئەمسال ٩ی سیپتەمبەر هەلبژاردنی نورویژ بەرێوەچووو بەرەی چەپ(سوسیال دیمۆکراتەکان و حێزبێکی سوسیالیست و پارتێکی میانە) پاش ٨ سال دەستەڵات، ئەمجارلە هەلبژادن دا سەرنەکەوتن و راستەکان (حیزبی راست، حێزبی بەرەوپێشچوون (حیزبیکی راستی توندرۆ) و دوو حیزبی لیبرال (کۆ، ئەر، ئێف و وینستره) لە هەڵبژادندا بردیانەوە.

لە ئەورووپای دیموکراتیک زۆر ئاسایی یە کە پاش ٨ سال دەسەڵات دەست بە دەست بکرێ یان بلێن دەسەڵات بگوردرێ. هەرچەند گەورەترین حیزبی ولأت دیسان باشترین دەنگی هێنایەوە؛ واتە: ٣٠.٨٪ دەنگی ولات و ئێس ڤی ١،٤ و سەنتر پارتی ٥.٢ ، کە سەرجەم ٧٣ نوینەر دەنیرنە پارلەمان. رێژەیەک کە ئەوە دەگەێنێ ئێستاش دەسەلاتی پێشووی کەسک وسوورەکان خۆشەویستییان لە نیو خەلکدا زۆرە و زۆر لایەن متمانەییان پێ دەکەن.

***هۆی متمانەی زۆری خەک پاش 8 سال ئەمانن:***

* نورویژ ئێستاش کەمترین رێژەی بێکاری لە نێو هەموو وڵاتانی ئورووپاییدا هەیە.
* قەیرانی ئابووریی ئەورووپا و جیهان کەمترین کاریگەریی لەسەر نۆورێژ هەبوو کە ئێستاش بەرۆکی چەند وڵاتی ئەورووپایی گرتووە.
* جیاوازی نیوان هەژار و دەولەمەند کەم بووتەوە.
* نورویژ ، کۆمەلگایەک بە ئاسایشی گشتی ، ئیمکانات بۆ هەموو کەس و وەک یەک بوو.
* گرینگیدانی زۆر بە پەنابەر و مەسەلەی مروڤی لە نێوخۆ و جیهان دراوە و ١٪ داهاتی ولات بۆ ولاتانی هەژاری ئەفریقایی و ئاسیایی و ئەمریکای لاتین و....تەرخان کراوە.

وە زۆر هەنگاوی گرینگی دیکە.

هۆیەکانی ئالوگۆڕی کەسک وسوورەکان بە قازانجی بەرەی راستەکان:

* لە ئەورووپا زۆر ئاسان نییە پاش ٨ سال دیسان حیزبەکانی دەسەڵاتدار لەسەرکار بمێننەوە، زۆر کەس هەن دەیانەوێ تەنانەت دەموچاوەکانیش ئالوگۆڕ بکرێ.

* ریگا وبان و...خراپە. کەسک وسوورەکان گرینگییان بە شەمەندەفەر و پاس و... داوە. لە بەر گرینگیدان بە ژینگەیەکی باش و کەمتر کەلک وەرگرتن لە ئۆتۆمبیلی شەخسی.

* بۆم پێنگر (واتە لە هەر شوێنێک مەسەلەن ریگای رۆیشتن بۆ ئۆسلۆ) دەبێ پارە بدەێ. ئەوە هەم بۆ کەمکردنەدەی هاتووچووە ،هەم کەمکردنەوەی کەلک وەرگرتن لە ماشین لەبەر ژینگەی خاوێن ، ئەمە بە درێژای ئەم ساڵانە خەلکی قەڵس کردوە.

* باج ، خەلک پێیان وایە رێژەی باج زۆرە.

پرۆژەکانی حیزبی راست وەک سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکان، باشتر دەێتە بەرچاو ئەوانە و هێندیک شتی دیکە بوونە هۆی لەسەر کارلاچوونی کەسک و سوورەکان.

راستەکان بۆ لابردنی دەسەڵاتدارانی پێشوو یەکگرتووبوون و چوار قووڵی هاتنە مەیدان. بەڵام کارکردنی ٤ حیزبی سیاسی کە دوو حیزبی لیبرالی دیمۆکرات مەسیحی و حیزبی چەپ لەگەڵ راست و راستی توندرەو ئێف، ئەر، پێ؛ کە لە زۆربارەوە جیاوازیان هەیە، بە تایبەت لەگەڵ حیزبی دژی بیانی " ئێف، ئەر، پێ "، حاوانەوە زۆر چەتوونە. ئەم حیزبە ٤٠ سال بوو هەر لە ئوپوزسیۆن دابوو و زۆر جار حیزبەکانی سیاسی نورویژ ئامادە نەبوون هاوپەیمانیی لەگەڵدا پێک بێنن.

دوو رۆژ دوای هەلبژاردن دەنگی بالوێزخانەکانی جیهانی بەرز بووە و نامەیان بۆ وەزیری دەرەوەی نورویژ نارد کە چوون دەبێ حیزبیکی راستی توندرۆ لە دەسەلات دابێ کە بریویک قاتلی ٨٠ کەس ٣ سال ئەندامی ئەم حیزب بووە و زۆر رۆژنامەی ئێتالیایی و.... لەسەر ئەو ئەو مسەلە هەواڵ و بابەتیان بڵاو کردووتەوە.

**راستەکان و زیانەکانی بۆ کورد!**

حیزبی راست( Høyre) و راستی توندرو (Frpش) بەرنامەیان نەهێشتنی پەنابەر و داخستنی زۆربەی کەمپەکانی پەنابەریە و هەردووکیان زۆر زیاتر کاریگەرییان هەیە لە دوو حیزبە چکۆلە هاوپەیمانەکەی دیکەیان. کورد لە

خەباتیکی سەخت لەگەڵ سێ دەسەلاتی داگیرکەر دایە و زیاتر لە نەتەوەکانی دیکە تووشی هەلاتن و پەنابەربوون دەبێ، بۆیە کورد زۆر زەرەرمەند دەبێت. هەم بۆ هاتنی پەنابەری نۆی وهەم ئەوانەی ولامیان وەرنەگرتووە و زۆری دیکە کە گیروگرفتی وەرگرتنی پاسی نورویژیان دەبێ. ئۆپۆزیسیۆن واتە نوینەرانی کەسک وسوورەکان دەتوانن هێزێکی باش بن کە پیش بە سەرەرۆیی دەسەلات لەم بارەوە بگرن و هەروەها بۆ بەردەوامبوونی هاوکاری مروڤی بۆ جیهان

### "SV " حیزبیکی نۆرویژی دوستی کورد!

کورد لە زۆر ولاتی ئەوروپایی و قارەکانی دیکە لەگەڵ زۆرحیزبی سیاسی دەسەڵاتدار و ئوپوزیسیندا پیوەندی و دوستایەتی هەیە . بەڵام بە داخەوە پیوەندیەکان بۆ کورد لە ئاستێکی پراکتیک و سوودمەندد دانیە. ئەوەی لە زۆر ولاتان ئامادەن بۆ فەلەستینی بکەن، بۆ کوردی ناکەن. جاروبار حیزبیکی وەک ئیێس ڤی پەیدا دەبێ کە ئامادەیە زۆر کار بۆ کورد بکا. ئیمەی کورد بەوجورەی پیویستە هەنگاو بۆ دوستایەتیکی باشتر وهاوکاری بەرچاوترمان هەلنەهێنایەوە .ئەگەر ئیمە دەیان جارکارمان بە ئەوان بێ، رەنگە لە ٤ یان ٨ سالدا جاریک ئەوان لە کاتی هەلبژاردندا پیویستیان بە ئیمە هەبێ. لە کاتیکدا بۆ بەرفەرمی ناسینی جینوسایدی کورد کە هەموو پارچەکانی کوردستانی گرتووتەوە، ئەوان هەوڵێ جیدیان دا. کەبوودوەندیان لە سالی ٢٠١١ و دیسان لە ٢٠١٣ بۆ خەلاتی نوبیل کاندیدا کردوە، کاری گەرینگیان بۆ زیاتر لە ٢٠٠ پەنابەر کردوە و ئەوان لەبەرنامەیان دایە چ لە دەسەلات و چ وەک ئوپوزیسیۆن کاری زۆر بۆ پەنابەر بکەن. بۆ ئەندام پارلمان و وەزیر و زۆر لایەنی دیکەی کوردی ویزا وەرگیراوە. مەبەست ئەوەیە کورد زۆر دوستی هەیە، بەڵام دوستی دەروەستی زۆر کەمن، ئەگینا دەبوو سەدان کەم ئەندامی حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستان لە مێژەوە وەرگیرابان. پێویستە کە ئیمەی کورد لە زۆر ولاتان خۆمان لە حیزبە سیاسیەکان دا ببینینەوە کە ئامادە ن لەگەڵ دەرد و خەمەکانی نەتەوە ژێردەستەکان بە تایبەت کورددا بمێنەوە و کورد گوتەنی درۆیەک لە جەستەی کورد دەربێنن.

*ئەو وانانەی کە دەبێ لە هەلبژاردنی ولاتانی ئەوروپایی و یەک لەوان وەربیگرین:*

لە کاتی کێبەرکێ هەلبژاردندا بچووکترین کێشە و بەرخۆردی فیزیکی لە نیوان چەپ وراستدا نایەتە پیش؛ لەکاتیکدا چادری کیبەرکێ هەلبژاردنەکان هەموویان لە نزیک و تەنیشت یەکترین دامەزراوە.بەداخەوە لە

کوردستان حەوتووی پێشوو(سێ حەوتوو پێش هەلبژادن) ژنیک کوژراوە و ژمارەیەکی زۆر خەلک لە کێبەرکێ هەلبژاردندا بریندار بوون کە ئەو بەرخۆردانە لە دوو جار لە سلیمانی رووی داوە.

* چ ئوپوزیسیون و چ ئەوانەی دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت بە حورمەتەوە رێزیان لە یەکتر گرت، دەسەلاتدارانی نوێ،واتە راستەکان؛ سپاسی زەحمەتەکانی حێزبەکانی چەپ، واتە کەسک و سووریان کرد کە ٨ سال دەسەلاتیان بەدەستەوە بوو و حێزبەکانی لە دەسەلاتدالابراو؛ واتە چەپەکان پیرۆزبایی خۆیانیان پێشکەشی راستەکان کرد.
* بەو پەرێ حورمەتەوە دەسەلات واتە وزازتخانەکان ئالووگوری دەکرێ.
* هەردووک بەرەی چەپەکان وراستەکان، دەسەلاتداران وئوپوزسیۆن بەلێنیان دا بەو پەری باشی و چالاکانە خزمەتی گەل ونیشتمانی نورویژ بکەن.

بەو هیوایەی کە کورد هەموو کات هەولْ بۆ زیاترکردنی دوستانی بدا و پشتیوان و پشتگری زۆرتر بن.

جیگای خۆیەتی ئیمەی کوردیش لە ئەزموونەکانی هەلبژاردن نۆروێژ و ولاتانی دیکە فێر بین و لە هەمووی ئەوانە و زۆر هەنگاوی دیکەی ئەم ولاتە پێشکەوتوو و دیموکراتیکانە، بۆ خزمەت و سەرخستن و بەرەوپێشبردنی کوردستان، کەلک وەرگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١١

# جینوسایدی کورد، ئەنفال و کەم تەرخەمی کورد

مێژوی کۆن ونۆی کورد پرە لە کۆمەل کوژی، کۆرد بۆئەوی لە نێو نەتەوەکانی دیکەد دا نەتۆتەوە و خاکی پێرۆزی باب و باپێران ونیشتمانی خۆشەویستی لە دەست نەدا، خۆراگری و بەربەرەکانی کردوە کەبە بەربەرەکانی کردن و تەسلیم نەبوون تۆوشی لە ناوبردن و جینوساید ودورخستنەوە لە سەر ئاو وخاکی بوتەوە. دورخستەنەوەکانی کورد بۆ خۆراسان و ئیسانبوول نمونەهایەکی ئەو هەنگاوەدژی گەلیانن.

سەدی بیست کورد ،دەیان خەبات وشۆرش و خۆراگری لە ٤ پارچەی کوردستان بەخۆیەوە دیوە ، سەدەیەکی لێپاولیپ و دەریایەک خۆین ،کە بیتوو نەمایشگایەک بە وینە لەوهەموو خۆین وقوربانیە نیشان بدرێ، بەدلنیایەوە دلڕقترین مروفەکانیش بە دیتنی دەگرین وخەفەتبار و غەمناک دەبن. سازکردنی فیلمێکی بە نێورۆک لە سەر ئەوهەموو نامروفایەتیە کە بە نیسبەتی کوردکراوە رەنگە جیهان تەکان بدا!

یەکێک لە جینوسایدە گەورەکانی ئاخری سەدەی بیست کە لە سالی ١٩٨٨ لە باشوری کوردستان روی دا ئەنفالە. رۆژی ١٤.٤(چاردەی ئاپریل) بە رۆژی ئەنفال ناسراوە ،ئەنفالێکی شوم ورەش و بەدناوکە تیدا زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ مروفی بێ دیفاع و بێ گۆناح لە ماوەی ٧ مانگ لە ٨ قوناغ دا بە جۆرمی کوردبوون گیانی شیرینیان لێ ئەستیندرا. رێژیمێکی دیکتاتور کە نوینەرایەتی زۆر دیکتاتوری دیکە و بە میلوون شونیستی دەکرد، سەدامی دیکتاور کە خۆی بە پالەوانی قادسیە دەزانێ هەمووی هەولێکی دا کورد لەم خاکە پێروزی کوردستان دەربکا و عەربی بینیتە ناوی وەک ئەوەی لە کەرکوک کردی و دیماگۆژی ئەوشارەکوردیەی گۆری. دیەویست ئەوکارەش لە هەمووی باشوری کوردستانی بکا بە زیاتریشەوە. کورد بەخۆشەوە پالەوانی قادسیە ونوینەری زۆرمیلیون شونیستی دژبەکوردی دیت چۆن و بە چ شێویەک گیراو چۆن دادگای کرا و سەرنجام بە سەزای بەشێک لە جەنایەتەکانی گەیشت.

پاش رۆخانی ریژیمی سەدام کەم مانگ هەیە کە کورد هەوالی دیتنەوەی گۆرە بە کۆمەلەکان نەبیسێ، ئەوگۆربەکۆمەلانەی کە پرلە ئێسک و پرۆسکی زۆر لە مندالانی شیرەخۆرو ژنی دووگیان وپیاو وژنی پیرو پەک

کەوتووبوو. ئاخۆ مروڤ چۆن دەتوانی لە ئاستی ئەو هەموو بێ ویژدانیانە بێ دەنگ و کپ وبێ هەلویست بێ، ئاخۆ ئەو سەربازو ئەفسەرانەی ریژیم چون پەروەرە و فێر کراون و چۆن مێشکیان شوردرابووە کە هێچ رەگی پیاوەی وئینسانیەت و مروفایەتیان تیدا نەبێ کە بەزەیان بە ژنی دووگیان وکۆرپەی سەرلانک وشیرەخۆر و کەسانی پەک کەوتوون نەیەتەوە.

کاتێک کە جینوسایدی کوردی باشور کرا، کاتیک بە ئەنواعی بومب و شێمیایی لە کورد درا، ویژدانە زیندویەکانی جیهان لەکوی بوون، ئەرێ ئوروپای متمدن و دیموکراتیک چێدەکرد بۆ دەنگی لێ نەبیسترا. ئەمریکا لە ترسی سەرکەوتنی رێژیمی دیکتاتوری ئێران بە سەر عیراق دەبوو چاوپووشی لەو کارەساتەی گەورەیەی ئەم نێو سەدەی دوایی بیستەمی کردبایە و دەنگی لێوەنەهاتبایە؟!

ئاخ بۆ نەتەوەیەکی بێ پشتیوان کە بۆ خۆشی لە بیری خۆی وخاکی خۆی نیە و کەس کەسی قەبوول نییە جا رەنگە ئەوانیش، کۆمەلگای جیهانی زۆر ناحق نەبن کە کارێکمان بۆ بکەن؟!

ئێستا چی؟ لەگەل بوونی دەسەلاتی فیدراتیوی کوردی لە باشوری کوردستان کە هەموو دۆژمانی کورد چ لە ولاتانی جیران و چ ئەلقاعدەو نەنسارئەلسونی وزۆر لایەنی دیکە چاویان تێبرێوە ودداتیان لێ تێژکردوە و وەک گۆرک دیانەوێ ئەزموونی دیموکراتیک و پێشکەوتووی کورد(دیارە کەموکۆری خۆی هەیە) لە ناوبەرن. چ زەمانەتێک و گارانتێک هەیە کە جینوسایدی کورد لە یەکێک لە بەشەکانی کوردستان دووپات نەبێتەوە؟

زۆر نەتەوە بۆ رزگاری خۆی لە جینوسایدی دژ بە خۆی باشترین کەلکی وەرگرتووە. جۆلەکە لە هۆلەکۆست بۆ پێکهینانی دەولەتی خۆی کەلکی وەرگرت و ئیستاش جۆلەکە بە لۆبیکەویەوە کارێگەری لەسەر گرینگترین مەسەلەکانی جیهان هەیە و لە بەرامبەردوژمنەکانی دا قورس وقایم راوستاوە و زەمانەتی هەتا هەتایی بۆ پاراستی خۆی مۆسەوگەر کردوە.

ئەرمەنیەکانیش لۆبی بە هێزیان هەیە و زۆر ولاتی جیهان دانی بە جینوسایدی ئەوان ناوە کە عوسمانیەکان زیاتر لە ١ و نیو میلونیان لێ قەتل وعام کردون. کۆسویەکانیش کەلکی زۆر باشیان لە کۆمەلکوژی خۆیان وەرگرت و بە

لۆبێکی چالاکی خۆیان بە کاریگەری باش لە سەر ئەمریکاو پشتیوانی ئەوان سەرکەوتن.

کورد ئەگەر هێمەت بکا دەتوانێ زمانەتیکی باش لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان وەرگرێ کە هێندیک هیمەت وماندوبوون وزەحمەت و فیداکاری دەوێ. هۆیەکی گرینگ بۆ سەرکەوتن کە ئێستا هەیە ئاسانکارێکی باش بۆ جینوسایدی کورد کراوە، هەم ئەنفال و هەم هەلەبجە بە توانای کورد لە لەیەن رێژیمی ئێستای عیراق بە فەرمی بە جینوساید ناسراوە. لە لایەکی دیکە زمینەیەکی زۆر باش لە دەرەوی کۆردستان لە زۆر ولاتی ئوروپایی پێک هاتووە بۆ نمونە لە نورویژ ٣ جار لە پارلەمانی نورویژ لە سەر جینوسایدی کورد سمێناری گرینگ پێکهاتووە کە دواجارلە ١٧ مارشی ٢٠١٠ بوو کە هەر سێ جار بە هاوکاری رێکخراوی دژ بەرەگەزپەرستی ئێس ئوو ئێس راسیسیمە و حیزبی دلسوزبە کورد حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ ئەو هەوڵانە دراوە.

جێگەی خۆیەتی کە حکۆمەتی هەریمی کوردستان بە جیدی کار بۆ ئەم کەیسە بکا و بەرنامەی توکمەی بۆ دابنێ و لە توانا وهێزی کوردانی شارەزا و دلسوزی کورد و حیزبەکانی خەمخوری کورد ولاتانی ئوروپایی و ولاتانی دیکەی جیهان ئەوپەری کەلک وەرگرێ. کێشەکانی نیوخویی کورد کاریگەری لە سەر زۆرشت کردوە . بەداخەوە لە بەر ئەوکێشانە وەزیری کاروباری شەهیدان لە سمیناری گرینگی تایبەت بە کۆمەلکوژی پاری ئێمە بۆ سمیناری پارلەمانی نورویژ ٢٠١٠ بەشدار نەبوو ولە سالی ٢٠١١ کیشەی نێوخۆی کورد پێشگیری لە پێک هێنانی سمیناری گرینگی تایبەت بە جینوسایدی کوردلە ناوپارلەمانی بریتانیاگرت. ئاخۆ کورد هەمیشە هەلێ باشی بۆ هەلدەکەوێ، ئاخۆ لە زۆر ولاتاتی جیهان هەمیشە ئەو حیزبە سیاسیانەی ئوروپایی و جیهانیانە ئامادەن زۆر کار بۆ کورد و نەتەوەکان بکەن؟! بە دلناییەوە نا.

ئەو هەمەمەوو خوێن وقوربانی و شەهیدی کە کورد داویەتی بۆ پێک هینانی دەولەتێکی کوردیش زۆرە ،بەلام داخەکەم کورد تەنانت حکومەتێکی ناوچەیی فیدارلی بە هێزیشی نیە. حەق وابوو لە خوێنی هەر شەهیدێک و هەر تاکێکی کورد بۆ سەرکەوتنی تالاری سەربەرزی کورد ئەوپەری کەلک وەربگیرێ. بەداخەوە کورد هەر عەودالی ئازادی وسەربەستی ومافی دیاری کردنی چارەنووسی خۆیەتی ئەو لە کاتێدایە نیزیک بە تەواوی نەتەوە گەورەکانی جیهان بنیادیی رژیمیکی دادپەرورانە وپێشکەوتوویان بۆ خۆیان ناوتەوە و هەربەروپێش دەچن و زۆرێ دیکەش ولاتیان هەیە ، بە چاکسازی و ئیسلاحی دەولەت وولاتی خۆیان خەریکن.

ئاخۆتاکەی تاک وحیزبی کوردی هەر بەرژەوەندی خۆیان دەبینن چ کات بەرژەوندی وقازانجی گشتی ونەتەوە یی وەسەر ئەو بەرژوەندی بچوکەکان دەخەکەن مەعلوم نییە؟ کورد نابێ زۆر هەلی زێرین لە دەست بدا ئێستا باشترین هەلە بۆ کوردی هەمۆوبەشەکان کە هەول بۆ نێزیک بونەوە و پێوندی نێزیکی حیزب ورێکخراوەکان وبەرێکی نیشتمانی بدەن کە باشترین کەلک لەم هەڵە کە ئێستا لە رۆژهەالاتی نێوراست پێکهاتووە.

بەو هیوایە کوردێش بتوانێ لە جینوسایدی خۆی باشترین کەلک بە قازانجی خۆی وەرگرێ . پشتیوانی چەند ولاتی گەورە وبچووکی ئوروپایی بە شێوەی بە فەرمی ناسینی جینوسایدی کورد یارمەتی باش دەکا کەجینوسایدی کورد لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان بە رەسمی بناسرێ و جیهانی بکرێ. کورد زۆر هەلی باشی لە دەستدایە کە زۆربەرووپێش بچێ و پشتیوانی ناوندەگەورەکانی جیهانی بۆ لای خۆی راکێشێ.

کاتی ئەو هاتوو کورد چێ دیکە کەم تەرخەم و خەمسارد نەبێ . ئیستا پێک هێنانی دەولەتی نوێ بەئەندازەی جاران چەتوون وسەخت نیە، سودان و کۆسوو نمونەهایەکی ئەو ئێدعایەن بەلام ئایا کورد دیەوێ ٦٠ - ٥٠ سالی دیکە راوستێ، ئەری دیەوێ کورد کێشەکانی نێوخۆیی بۆ خۆی چارەسەربکا یان درەنگ لە بەر بەرژوەندیک لایەنیک وەک ئەمریکا پەیدا بێ و بەلکوو بۆی چارە بکا. دایک و باب وخۆشک وبراکانی نزیک بە نێو میلیوون شەهیدانی ئەنفال وهەلەبجە و کۆمەل کۆژیەکانی هەموو بەشەکانی ئە نێشتیمانە ئی کۆن ونوێوە و هەروەها گشت شەهیدەکانی کوردستان لە کەم تەرخەمیمان خۆش نابن. جاران کورد دۆست وپشتیوانی نەبوو ئێستا دەیان هەڵ هەیە کە کەلکی لێوەربگیرێ و پشتیوان و یارمەتی دەربۆ خۆی پەیدا بکا . کورد کەمتەرخەم وناچالاکە و زۆر بە کاوەخۆە دەچێتە پێشی بوویە زۆر درەنگ بە ویست و ئاواتەکانی دەگا.

لە کۆتایی دا سەری رێز ونەوازش بۆ شەهیدانی هەموو جینوساید وکۆمەلکۆژیەکان و بەگشتی هەموو شەهیدانی کوردستان دادەنوینم. بەو هێوایەی کورد لە هەلە زێرینەکان و ئێمکاناتی پێویست کە لەبەر دەستی دایە باشترین کەلک بە قازانجی خۆی وەرگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١١

# کونفرانسێکی گرینگ بۆ کورد لە پارلەمانی نورویژ پێکهات

رۆژی دووشەمە ٦ - ٦ - ٢٠١١ کونفرانسێکی گرینگ لە پارلەمانی نورویژ لە ئوسلوو پێتەختی ئەم وڵاتە بە بەشداری زیاتر لە ١١٠ کەس پێک هات. ئەو کونفرانسە بە هاوکاریی فراکسیۆنی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ و چەند کەس لە چالاکانی کورد، نیشتەجێ لە وڵاتی نورویژ و بە پشتیوانی بۆردی حکومەتی هەریمی کوردستان پێک هات.

لە لایەن حکومەتی هەریمی کوردستان چەند کەس لە وەزیران و ئەندامانی پارلەمانی هەرێمی کوردستان لەوانە دوکتور کاوە محمود وەزیری روشنبێری و وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە وەکالەت، ماموستا سەعد خالید وەزیر بۆ کاروباری پارلەمان و دوکتور فەلەکەدین کاکەیی، پروفیسوور مارف عومەر گول وکاک فەلاح مستەفا بەرپرسی پێوندیەکانی هەریمی کوردستان و هەروەها ژۆمارەیەک پارمانتاری کورد وەک دوکتور غازی سابیر، شیلان عبدولجەبار سندی، گۆران ئازاد و سەباح بیەتوئەڵلا ئەحمەد بەشداربوون. لەنجە ئێبراهیم راوێژکار لە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان، ڤالا فەرید ماموستای زانکۆ و پسپورلە بواری جینوساید، محمد سالح ئامێدی لە بەرگری لە مافی کەس و کاری ئەنفالکراوان و نەوزاد عبدولعەزیز راوێژکاری وەزاری کاروباری شەهیدو ئەنفالکراوەکان بەشێکی تر لە وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێک هێنابوو.

لە لایەنە نورویژیەکانیشەوە ٢٥ کەس لە ئەندامانی پارلەمان و چەند کەس لە وەزیران و بەرپرسانی حکومەتی و حیزبی و ئەمنیستی بەشداربوون کە هەتا ئێستا رێژەی ئەوەندە بەرچاو و ئەکتیو لە کونفراس و سمینارەکانی کورد دا لەم وڵاتە نەبینرابوون. لە نیو ئەوان دا: ئاود لیس باکن وەزیر و جێگری ریبەری لە حیزبی سوسیالیستی چەپ، بوورد ویگار سەرۆکی فراکسیونی حیزبی سوسیالیستی چەپ لە پارلەمانی نورویژ و جێگری ریبەری حیزب و وەزیری پێشوو، هێکی هولموس ئەندام پارلەمانی چالاکی ئەم حیزبە وهەروەها نوینەری حیزبەکانی وینستره (چەپ) و حیزبی دیموکرات مەسیحی (کو، ئەر،ئێف) بەشداربوون و باسی سرنجراکێشیان هێنایە پێش.

نوینەری ٤ ولات وەک سەفیر و کارداری ولاتانی جیهان لەوانە نوینەری ولاتی ئوروگوئێە و وەزیری دەرەوەی پێشووی کورۆاتیا وێڕای سەفیرانی عیراق لە وڵاتانی سوئید ونورویژبەشدار بوون و زۆربەی لایەکان لە سەر

جینوسایدی کورد قسەیان کرد و پێشنیاری بە سوودیان ئاراستەی کونفرانس کرد.

جگە لە زۆرباسی پرنێوەرۆک و گرینگ بە هوی دوکتور کاوە و ئود لیسباکن وەزیری نورویژی و بۆردویگار نوینەری دوو حیزبی چەپ (وینستره) و حیزبی دیموکرات مەسیحی و حێزبی سەوز باسیکی ورد و سەرنجراکێشیان لە سەرنەهامەتەکانی کورد وکومەلکوژیی کوردان پێشکەش کرد. نوینەرانی ئەمنیستی و ریکخراوە ناحوکمیەکانیش بە باسی پربایخ وبەپیز کونفراسیان دەولەمەند کرد.

لە گەل باسی ورد و پوختی نورویژی و کوردەکان ، فیلمیکی دیکومێنتیی سرنجراکیش لە سەر جینوسایدی کورد نیشان درا و پاشان ماوەیەکی کورت بۆ پرسیار وپێشنیار و بۆچوون تەرخان کرا لە کۆتایی دا دۆکتور کاوە و هیکی هولموس دواپین وتەکانی خۆیان پێشکەش کرد و کونفرانس پاش ٣ کاتژمێر کۆتایی پێهات.

نوینەرانی کورد جگە لە بەشداری چالاکانە لە کونفرانسی پارلەمانی نورویژ لە گەل ژۆمارەیک لە حیزبەکانی نورویژی کوبونەوەیان هەبوو کە حیزبی کاری نورویژ (ئا پێ) و حیزبی سوسیالیستی چەپ دوو لەو حیزبانە بوون. هەیئەتی کورد کوبونەوەیان لە گەل سفیری عیراق را لە نوویژ پێک هێناو سەردانی موزخانەی هولکۆستیان کرد.

***پێک هینانی ئەم کونفرانسە لە چەند بارەوە گرینگە:***

١- پیوەندیکی زۆر باش لە نیو هەریمی کوردستان وحیزب ورێکخراوەکانی سیاسی ومەدنی نورویژ پێک هات و دیتنەوەی زۆر دوست و کەسانی دلسوز بو پشتیوانی لە کورد.
٢- بەشدارانی کونفرنس زۆر باشتر لە ژان و ئازارەکانی کورد وجینوسایدی کورد گەیشتن *و پێداگربوون کە پێویستە کۆمەلکوژ کرانی کوردەکان لە رابردوودا بە فەرمی بناسرێ و لە ئاستی جیهانی دا بێتە بەرباس و بۆ ئەم مەبەستە راو بۆچون و پێشنیاری خۆیان پێشکەش کرد.
٣- هەولێک بوو بۆ ئەوەی کار بکرێ تا پرسی کورد بەرەو نێونەتەوەیی بوون بروا.
٤- تێبینی: ئەوە سیهەمین چالاکی گرینگ بوو کە لە ماوەی ٥ سال لە نووێژ لە سەر جینوسایدو پرسی کورد لە پارلەمانی نورویژ پێک دەهات.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠١١**

# کەبوودوەند لە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبێل سەفیری نەتەوەی زوڵم لێکراوی کوردە

**دیمانە:**

*چەند رۆژ لەوەپێش هەواڵی سەرکەوتنی هەوڵەکان بۆ کاندید کردنی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند وەک بەربژێری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ لە لایەن "کۆمیتەی کارکردن بۆ کاندیداتۆریی کەبوودوەند - نۆروێژ" بڵاو کرایەوە. دوا جاریش بە پێی لیستێک کە رۆژهەڵات تایمز لە بەربژێرەکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە سەرچاوەیەکی نیزیک لە کۆمیتەی نۆبێل بڵاوی کردەوە، روون بۆوە کەبوودوەند لە ریزی پێشەوەی کاندیدەکانی ئەو خەڵاتە دایە. بە مەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر ئەو پرسە، چۆنیەتی سەرکەوتنی هەوڵەکان و کارەکانی لەمەودوا، رۆژهەڵات تایمز چەند پرسیاری بەرەورووی کەریم ئەڵڵاوەیسی، بەرپرسی "کۆمیتەی کارکردن بۆ کاندیداتۆریی کەبوودوەند - نۆروێژ" کردەوە:*

***پرسیار:** بە دوای سەرکەوتنی پرسی کاندیداتۆریی کەبوودوەند وەک بەربژێری خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١، ناوی کومیتەی کارکردن بۆ کاندیداتوری کەبوودوەند - نورویژ، ناوێکی ئاشنایە و کارو چالاکیەکانی دیار و بەرچاون. با سەرەتا لە زمان جەنابتەوە وەک بەرپرسی ئەو کومیتەیە ببیسین کە ئەو کومیتەیە چۆن پێک هات و تەرکیبەکەی چۆنە؟*

***وەڵام:*** هۆی سەرەکی پێک هێنانی کومیتەی نورویژ ئەوە بوو کە کاندید کردنی کەبودوەند پێویستی بە هەنگاوی بە کردوە و خێرا هەبوو چۆنکە ئەو خەڵاتە لە نورویژ دەدرێ و من بەرپرسایەتیم لە حیزبی سوسیالیستی چەپ دا هەیە و باوەرم بە ئەوە هەبوو کە دەکرێ لە رێگای ئەم حیزبەوە سەرکەوتن وەدست بێنین. بەڵام ئەوە پێویستی بە کارو ماندوبوون و کومیتەیەکی چالاک هەبوو و بۆیەش لە ٢٠ دیسامبری ٢٠١٠ کومیتەیەکی بە توانامان بۆ راپەراندنی ئەرکەکانمان پێک هێنا.

تەرکیبی کۆمیتە وەک لە نووسراوەکانی پێشوومان دا هاتبوو، کومیتەی کارکردن لە کەسانی بێلایەن، چالاکانی مافی مروڤ و کەسانی سیاسی پێکهاتووە و کۆمیتەکە سەر بە حیزب و رێکخراوەیەکی تایبەتی نیە. هەرچەند

ئەندامانی کومیتەکەمان روانگەی سیاسی جوراوجۆرمان هەیە بەڵام لە پێوندی لە گەڵ راپەراندنی ئەو ئەرکە نیشتیمانیەدا بێ لەبەرچاوگرتنی مەسائیلی حیزبی و رێکخراوەیی بەیەکەوە کار دەکەین.

***پرسیار: پێش لە کۆمیتەی کارکردن لە نۆروێژ، کەمپینی پشتیوانی لە کاندیداتۆرێ کەبوودەند کە ژمارەیەک لە ژنانی چالاک بەرێوەی دەبەن، پێکهات و بانگەوازی بۆ ئەو کارە کرد. حەز دەکەین بزانین پێوەندی ئێوە و ئەوان چۆنە؟***

***وەڵام:*** بە پیویستی دەزانم کە لە پێشدا سپاسی گەرمی خۆم ئاراستەی بەرێز شەهلا دەباغی بکەم کە زەحمەتی زۆری بە کەمپینەوە کێشا و کاتیک بۆ یەکەم جار لەو پێوەندیەدا پێوندیم لەگەل گرت کە دەست بە چالاکی بکەین، ئەو تەنیا بوو و ئێستا زۆرکەسی چالاک بەیەکەوە کارو تێکۆشانی زۆریان هەیە. بەڵێ پێوەندی و هاوکاری باشمان لەگەل کەمپینی پشتیوانی (١٤ خۆشکی تێکۆشەر) هەیە کە چەند خۆشکیش هاوکاریان دەکا. ٢ جار ئەوانمان بۆ کوبونەوەکانی گرینگی پارلەمانی نۆروێژ، پێش کانداتوری و دوای کاندیداتوریی کەبودوەند بانگهێشت کردووە کە زۆر بە دلسوزیەوە وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە. هەر دوو جار بەرێز خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی بە نوێنەرایەتی کەمپین لە سوئێدەوە تەشریفی هێناوە.

***پرسیار: باشە لە کاتێک دا کەمپین دەستی بە کارکردبوو دەکرێ بۆمان باس بکەی کە زەرورەتی دروست کردنی کومیتەکەتان لەچیدابوو؟***

***وەڵام:*** لەگەل بەرزنرخاندنی کاری کەمپینی پشتیوانی، وەک باسم کرد زۆر پێویستی بە هەنگاوی بەکردەوە و خێرا کە پێمان وابوو لە رێگای دوورەوە ئەو ئەرکە بە باشی مسۆگەر نەدەبوو، هەروەها و بە شناختێک کە ئێمە لە سەر کۆمەڵی نورویژ و حیزبو رێکخراوەکانی نورویژ و دەولەتی نورویژ هەمانبوو پێمان وابوو چالاکیەکانی ئیمە کاریگەری زۆر باشی دەبێ و ئاکامی باشێشی لێوەردەگرین. بە کردەوە ئێستا دەرکەوتووە کە ئەو لێکدانەوەیەی ئێمە درۆست بوو و بەخۆشیەوە ئاکامێکی باشی لێکەوتەوە.

***پرسیار: دوای راگەیاندنی پەسەندکرانی سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان وەک کاندیدی خەڵاتی ئاشتی***

***نوبێل کە ئێوە لە ڕاگەیاندنێک دا ئەو مزگێنییەتان بە بنەماڵەی محمد سەدێق کەبودوەند و خەلکی کوردستان دا، بۆخۆتان چ هەستێکتان هەیە؟***

***وەڵام:*** زۆرخۆشحالم کە بە هێمەتی هاوڕێیانم لە کومیتە کارکردن و پشتیوانی کەمپین و گشت لایەک ئەو سەرکەوتنە بەدەست هات. هەست بە شانازی دەکەم کە وەک پێشمەرگەیەک، سەرکەوتنێکمان بە کۆششی زۆر لایەن بە نەسیبی گەلە چەوساوەکەمان کرد. ماوەیەکی زۆر بوو خەلکی کوردستان هەر هەوالی ناخۆشی پێدەگەیشت، کوردی ڕۆژهەلات کە شایانی زۆر سەرکەوتنی گەورەن، شادم کە پاش ئەو هەموو هەوالە ناخۆشانە، هەوالی خۆشی ئەو سەرکەوتنەیان بیست.

***پرسیار: گرینگی کاندیدکردنی کەبودوەند بۆ خەلاتی ئاشتی نوبێل لە چیدا دەبینی و ئەمە چ تەئسیرێکی لە سەر خەباتی نەتەوەیی کورد بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات دەبێ؟***

***وەڵام:*** کەبودوەند لە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبل سەفیری نەتەوەی زۆڵم لێکراوی کوردە کە بە کاندیدکردن و بردنەوەی خەڵاتی ئاشتی نوبل بەو چالاکەی مافی مرۆڤ کە بە حەق ناوی باوکی مافی مرۆڤ لە کوردستانی لێ نراوە، بەشێک لە چارەرەشیو نەهامەتیەکانی نەتەوەیەکی ٤٠ میلیونی و بە تایبەت ١٢ میلیون کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان تا ڕادەیەک بۆ جیهانیان دردەکەوێ. پێم وایە دەبێتە هۆی ئەوە کە؛

زومی هەموو مێدیاکانی جیهانی بێتە سەر مەسەڵەی کوردو پێشێلکاریەکانی ماڤی مروڤ لە کوردستان و ئێران، ناسینی زیاتری کوردو وردبونەوە لە دەرد و ئازارەکانی کوردی لێ دەکەوێتەوە، پارمەتیدەر دەبێ کە فشارو زخت بۆ سەر هەموو زیندانیەکانی سیاسی و مەدەنی کورد کەم بێتەوە، ڕاکێشانی سەرنجی کومەلگای نێونەتەوەیی بۆ لای مەسەلەی نەتەوەیەک کە ڕۆژ نیە زۆر کەس لەسەر سنورەکانی وەڵاتی خۆی بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک بە دەستی سەربازانی کۆماری ئیسلامی گیانی لێنەستیندرێ، ڕێزگرتنە لە تێکۆشانی کەبوودوەند و بنەمالە بەرێزەکەی و کارێگەری دەبێ بۆ ڕزگاری گیانی ئەو تێکۆشەرە، بەجۆرێک تەئسیری دەبێ بۆ بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد و خەڵاتی نوبل دەتوانێ ئەهرومێکی فشار بێ بۆ سەر ڕێژیمێکی بێپرنسیپ ودژبە مافی ئینسان. لیرەدا دەمەوێ قسەیەکی ئاکسل هاگن، پارلمانتاری حیزبی سوسیالیستی چەپ کە کەبودوەندی کاندید کردوە بێنمەوە کە دەلێ:

"لەڕێگاری کاندید کردنی کەبودوەندەوە دەمەوێ سرنجی تایبەت رابکێشرێ بۆ مەسەلەی مافەکانی مروڤ، وەزعی رۆژنامەنگاری ئازاد و سەربەخۆ و هەروەها مافەکانی نەتەوەی کورد. هەرجۆرە پشتیوانیەک لە کەبودوەند پشتیوانیە لە ئەو بەندیە سیاسی و مەدەنیانەی کە لە پێناوی مافی مروڤ دا تێدەکۆشن و هەروەها پشتیوانیە بۆ دیموکراسی لە ئێراندا."

***پرسیار: بەشێک لە چالاکیەکانتان لە میدیاکاندا بڵاو بوونەوە. جگە لە مانە ئایا هیچ چالاکی دیکەتان بووە کە بۆ خۆینەرانی باس بکەی؟***

***وەڵام:*** جگە لە چالاکیەکانی باسکراوی پێشوو واتە کارکردن لەگەل حیزبی سوسیالیستی چەپ و پارلمانتارانی ئەو حیزبە و پارلمانتاری حیزبی راست واتە هۆیرە، لە گەل حیزبی کاری نورویژ و حیزبی دیموکرات مەسیح و ئەرلینگ فۆلکورد کە سیاسەتمەدار و نووسەر و دۆستێکی نێزیکی کوردە و زۆر لایەنی مەدەنی و مافی مرۆڤی نورویژی کارمان کردوە. پاش بەربژار کردنی کەبودوەند، کۆبونەوەیەکی گرینگمان لە پارلەمانی نورویژ لە گەل ئاکسل هاگن، ناسینەری کەبودوەند بو خەلاتی ئاشتی نوبێل پێکهێنا کە لێرەدا بە پێویستی نازانم باسی وردەکاریەکانی بکەم.

***پرسیار: چالاکیەکانتان لە نێو حیزب و رێکخراوەکانی کوردی چۆن بووە؟***

***وەڵام:*** کۆمیتەی هاوبەشی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کە لە ٧ حیزب و رێکخراوی رۆژهەلاتی کوردستان پێکهاتووە، لە رۆژەکانی هەوەلی کارکردنمان یارمەتیدەرمان بوون و کوردەکانی سوریە و جگە لە حیزبی شیوعی کوردستان و بەشێک لە کوردەکانی باشوور کومیتەیەکی پشتگری لە ٤ ریکخراو پێکهات کە هاوکاری و یارمەتیمان بکەن لە بەرەوپێش بردنی کارەکان. ئەو کۆمیتە:

- *رێکخراوی دژ بە رەگەزپەرستی س،ئو،س راسیمە گشتی*
- *لاوانی گەشە (کوردانی باشور)*
- *کۆمەڵەی کوردانی سوریە*

*- کومەلەی کولتوری کوردی سشموو ( کوردانی باشور)*

ئەو کومیتەیە واتە کومیتەی پشتگیری لە کەبودوەند ئامادەگی خۆی بۆ درێژەدانی هاوکاریمان راگەیاندوە.

***پرسیار**: دوای ئەوەی هەواڵی کاندید کرانی کەبوودوەند بڵاو کرایەوە، باسی کاندیدی درەجە یەک و دوو وکاندیدی سەرەکی وسیمبولێک هاتە ئاراوە کە گۆیا کەبوودوەند کاندیدی ئەسڵی نییە و زیاتر وەک سیمبۆلیکە. ئەوە چۆنە؟*

***وەڵام**:* ئێمە باورمان وابوو کە پارلمانتارانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ بە لێکدانەوەوە کەبودوەندیان کاندیدکردوە، بۆ ئێتمینانی زیاتر، دوای کاندید کردنی کەبوودوەند، لە کۆبوونەوەی پارلمان پارلەمان ئەو پرسیارانەشمان بەرەورووی بەرێز ئاکسل هاگن کرد. ناوبراو گوتی کاندیدی درجە ١ و ٢ و سەرەکی و سیمبولێک وجودی نییە. هەموو لایەک دلنیا دەکەینەوە کەبودوەند وەک هەر کاندێکی دیکە بە حیساب هاتووە و بە کاندیدێکی شایستە دەنرخیندرێ.

***پرسیار**: ئێستا کە کەبودوەند کاندیدکراوە ، پێتان وایە دەبێ چی بکرێ تا براوەی خەڵاتەکە بێ؟*

***وەڵام**:* کورد دەبێ هێزو توانای خۆی بە تاقی بکاتەوە بە تایبەت کوردانی رۆژهەلات کە ١٢ میلیون کورد دەبن بە هەموو حیزبو رێکخراو و تاکەکانەوە (بە تاکو بە کۆ) لە بەر دەم تاقیکارێکی گەورە داین.

دەمانەوێ نوینەرێ گەلی چەساوەی کورد خەڵاتی ئاشتی بباتەوە؟ دەمانەوێ مەسەلەی کورد لەم رێگایەشەوە هەتا ئەندازەیەک لە ئاستی جیهانی بێتە بەرباس؟ دەبێ بێینە مەیدان بۆ کارێکی جیدی و گەورە و بێ پسانەوە هەتا دیسامبری ٢٠١١. کورد بە هەموو حیزبە سیاسی ومەدەنی و تاکەکان لە هەر جێگایەکی ئەم جیهانە پانو بەرینە دا دەژین دەست بەکاربن بۆ وەرگرتنی پشتیوانی لە پارلمانتاران و سیاسەتمەدارانی ناسراوی جیهانی و رێکخراوەکانی مافی مروڤ و ئەمنیستیئەنترناشنال، کەسایەتیەکانی جیهانی لە بواری جۆراجۆر و لە براوەکانی خەلاتی ئاشتی نوبل و... هتد هەلمەتی ئێمزاکوکردنەوە لە رێگای ئێنترنت و لەسەر کاغەز بە جیدی درێژەی هەبێ.

گرینگە حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان لە پێوندی دیپلوماتێکی نیونەتەوەیی خۆیان دا ئەوپەری هەوڵ بۆ وەرگرتنی پشتیوانی و گەیاندنی ئەو پشتیوانیە بە کومیتەی خەلاتی ئاشتی نوبل بدەن. بە کوردی وبە کورتی، هەوڵ و هاوکاری جیهانی پێوستە کە سەفیری فیداکاری نەتەوەکەمان ئەو خەلاتە بباتەوە.

خەباتی کەبودوەند بەردەوام بۆ درۆستکردنی جیهانێکی باشتر بۆ ئینسانەکان وسەقامکردنی مافەکانی مروڤ بووە کەوابو تێکۆشانی ئێمە لە پێناو سەرختنی ئەو پرسەدا، تێکۆشانێکی رەوایە.

***پرسیار**: ئێمە پرسیارمان نەماوە، بەڵام ئەگەر جەنابت وەک قسەی کۆتایی شتێکت ماوە، فەرموو.*

***وەڵام**:* حەز دەکەم لە قولایی چالەرەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ناوی محمد سەدیق کەبودوەند بچێتە خانەی بەرزی خەلاتی ئاشتی نوبێل لە تەلاری شارەداری ئۆسلۆ پێتەختی نوروێژ. ئەوەش هەوڵ و هێمەت و کاری هەمەلایەنە، گشتی و بێ‌پسانەوەی دەوێ هەتا دیسامبری ٢٠١١.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٧ی فێبریویری ٢٠١١

## هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەمی شورای ئیسلامی ئێران و بەشداریی کورد

وەک ئاگادارن هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەم لە ٣ی مارسی ٢٠١٢ بەرامبەر بە ١٢ی رەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی قەرارە بەرێوەبچێت. کورد ئەزموونی زۆری لە هەڵبژاردن دا هەیە. لە ماوەی ٣٢ سال دا زۆر جار حیزب ورێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەل ومەرج بۆ هەلبژاردنی سەرۆک کۆماری و مەجلیس جاروبار بریاری دەنگ دان وزۆر جارێش بریاری بایکوت و تحریمیان داوە.

هەلبژادنی جاری پێشوو، هەڵبژارادنی سەروک کۆماری ئێران یەکێک لەو هەلبژاردنانە بوو کە زۆربەی

ڕێکخراوەکانی مەدەنیی نێوخۆ وهەروەها یەک دوویەک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و هەمووی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی و زۆربەی خەڵکی ئێران وکوردستان بەشدارییان تیدا کرد. ئاکامی هەڵبژادنەکانی سەرۆک کۆماری و ڕوداوە گرینگەکانی ئێعترازی پاش هەڵبژاردن لە ئێران ،نیشانی دا کە بەشداری لە هەڵبژاردنی جاری پێشوو دروست بووە. بۆیە گرینگە حیزب وریکخراوە سیاسییەکان بە وردبینی ولێکدانەوەوە بریاربدەن کە چ کاتێک دەنگ بدرێ و چ وەخت تەحریم بکرێ.

لە هەڵبژاردنی جاری پێشوو دا لە گەڵ ئەوەی کە داخوازییەکانی ئیسلاح تەلەبان لە گەڵ ئی حیزبە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران و ویست وئامانجەکانی کاندیدەکانی کورد جیاوازی هەبوو، لەگەل ئەوەش موافیق بوونی کروبی وموسوی بۆیە جێ گەیاندنی بەشێک لە داواکانی "قەومەکانی" ئێران هۆیەکی گرینگ بوو بۆ بەشداریی کورد لە هەڵبژاردن دا. لە لایەکی دیکەوە دەنگ دان بە کاندیداکانی ئیسلاح تەڵەبان کە لە بەرامبەر خامنەیی وئەحمەدی نەژاد دا ڕاوەستابوون وداوا وهەنگاوەکانیان شتی باش ومەعقوڵی تێدا بوو، کە هەوڵدانێش بوو بۆ پاشەکشەکردن بە دیکتاتۆری ویلایەتی فەقی و خامنەیی گرینگ بوو.

خامنەیی وموحافەزەکاران کە ناتوانن دەنگی جیاواز پەسند بکەن و لە هەلبژادانی دوو دەورەی پیشتری سەرۆک کۆماریش تەقەللوب وفێڵ وتەڵەکەیان کرد و ئەحمەدی نەژادیان لە سندوق هێنادەرێ، ئەوکات بە تەقەللوب لە هاشمی ڕەفسەنجانییان بردەوە وناوبراو گوتی ئەمن شکایەتی خۆم بە خودا دەگەینم و مەحەوەلی بە خودا کردن! ڕێبەری کۆماری ئێسلامی، خامنەیی ویستی لە هەڵبژاردنی دەورەی دەهەمیش واتە جاری پێشتر فارس گوتەنی لە و شگردەی دەورەی نۆهەم کەڵک وەرگرێ بەداخەوە توانی سەرکەوێ بەڵام زۆر گرانی بۆ تەواو بوو.

هەرلە ڕۆژی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، بەو پشتیوانییە بە هێزەی خەڵک لە موسەوی و کەروبی کردی، هەمووی گەلانی ئێران بۆیان دەرکەوت کە تەقەللوب کراوە و خامنەیی کلاویکی زۆر زلی بە گەورەیی ئاسمانی ئێران لە سەر خەڵکی ئەم وڵاتە ناوە. موسەوی کە پێی وابوو ١٠٠% دەیباتەوە، ڕێژیم بە بەرنامەریژییەکی زۆر فیلبازانە وهەڵبژاردنێکی مەهندیسی کراو کارێک دەکا چەند میلیۆن کەمترلە ئەحمەدی نژادی بێنێتەوە و کروبی کە لە داواکانی دا زۆربەی ویستەکانی نوێنەرانی کوردی هێنابوو ولە بەرنامەی دابوو ئەگەر سەرکەوێ هیندێک کاری جیددی بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بکا، ئێجگار زۆر دەنگەکانی لێ کەم کراوە کە بەقەولی خۆیان وایان تەمبێ کرد کە جارێکی دیکە نەوێرێ باسی مافی قەومەکان (نەتەوەکان) بکا.

ئاشکرا بوونی تەغەللوبی رێژیم و خەباتی جیددی و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک دەرسێکی زۆرباشی دا بە ریبەرانی رێژیم کە قەت لە بیریان ناچێتەوە و هەڵبژاردن ودەنگ دان بوو بە ئەمرازو وسیلەیەکی ئێجگارگرینگ بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەردیکتاتوری دا. خۆپیشاندانی میلیۆنی خەلک لە تاران وشارەگەرووەکانی ئێران فیداکاری ونەبەزین و لەخۆبوردویی وئازادیخوازی خەلکی ئێرانی نیشان دا وئەو خەبات و موبارزە بەرحەقە نە تەنیا بۆ گەلانی ئێران گرینگ بوو، بەڵکوو بە وتەی ژمارەیەک لە شارەزایانی سیاسی تەئسیری ئەم راپەرینە لە سەر وڵاتانی عەربیش هەبووە. ئەم بەربەرەکانی وخۆراگریە بەداخەوە ئەگەرچی سەرنەکەوت، بەڵام ئابرویەکی بۆ کاربەدەستە دیکتاتورەکانی ئێران نەهێشتووە وزۆر زیاتر روخساری واقعیی ئەوانەی بۆ بیرووڕای گشتی و دنیا دەرخست.

ئەگەرجاری پێشووبەشداری لە هەلبژادنی سەرۆک کۆماری زۆر بە قازانج بوو وئەهمیەتی تایبەتی پەیدا کرد، چونکە خەڵک هاتنە مەیدان و داوای دەنگەکانیان کرد و وەک باس کرا هەڵبژاردن بوو بە ئەبزارێک بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ پاوانخوازان، ئەمجار بە پێچەوانەی جاری پێشوو باشترین رێ تەحریمی هەیبژاردنی دەورەی نوهەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێرانە.

لە هەڵبژارنی ئەمجار دا رێژیم زۆر دەترسێ لە تەحریم و هەموو هەوڵێک دەدەن کە خەڵک لە ئاستێکی زۆر دا بەشداربێ و هەڕشەی نان برین وزۆر تاکتیکی نامروڤی دیکە دەکرێ وهەروەوها سپای پاسداران هەرەشە وگۆرشەیەکی زۆری دژبە ئەو رێکخراوانە دەست پێکردوە کە داوای تەحریمی هەڵبژاردن دەکەن.

ئەگەر جارانی پێشوو کەسانی بەتوانای وەک موهەندیس بەهائەدین ئەدەب ودوکتورجەلالی زادە و ژمارەیەکی نوینەری کورد وەک فراکسیونی کورد لە پارلەمانی ئێران بەبوونی فەزایەکی ئێجگار کەم بۆ ئەنجامی هێندیک کار، دەکرا هێندیک هەنگاو بهاوێژن، بەڵام ئەمجار بە بوونی دەیان فیلتێر پێشگیری رێژیم و محروم کردنی سەدان کەس تەنیا ریگایان بۆ خۆدیەکان هیشتەوتوە، هەرچەند خامنەیی لەبەر کێشەکانی نێوخوویی بەو هەموو پێشگیریە ئیشتاش هەر نیگرانە.

لە لایەکی دیکە وە تەحریمی ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە و رێکخراوەکانی سیاسی کورد و ژمارەیەکی زۆری نوێنەرانی پێشووی مەجلیس (لەلیستەی ئیسلاح تەڵەبان)بە کورد و غیر کوردوە. و تەحریمی سەوزەکان کە بە

تەواوی هەڵبژادنیان بایکۆت کردوە بە کورتی نزیک بە تەواوی حیزب وڕێکخراوی کوردو ئێرانی جگە لە ڕێکخراوی سەر بە ڕێژیم هەڵبژادنیان بایکۆت کردوە. بۆیە ئەمجار مەجلیس تەنیا دەبێتە مەیدانی ڕمبازێنی نوینەرانی دوو جەناحی خامنەیی و ئەحمەدی نژاد لە ئوسوولگەرایان کە ڕەنگە وەک هەموو شتیک بچێ وەک مەجلیس نەچێ.

ئەوەی هەمیشە خەڵکی قارەمانی کوردستانی ناراحەت وعاجز کردوە، نەبوونی کۆدەنگی و هاودەنگی حیزب و ڕێکخراوەکانی روژهەڵاتی کوردستان لە سەر هەلبژادن وهەموو پرسە گرینگەکانە. ئەو جارەش بەداخەوە نەکرا نەوعێک هاوهەلوێستی وەک سالی ١٩٨٨ کە بۆ ئێعدامی فرزاد کەمانگر و هاورییانی کرا پێک بێ کە ئازادیخوازانی ئێران و تەواوی عالەم زۆر بەرێزوحورمەتەوە باسی ئەو هەنگاوەیان کرد. هەنگاوێکی نیشتیمانی و گەلێک گرینگ وەک ئەو دەمی بەراستی تەئسیری زۆر باشی دەبوو لە سەر تەحریم کردنی هەڵبژادن دا. ئەمجارە حیزبەکانی سیاسی رۆژهەلاتی کورستان لە دوو قۆل دا، قۆلێک ٤ حیزب و ریکخراوەی سیاسی و لە قۆڵێکی دیکە دا ٢ حیزب بریاری تەحریمیان داوە. هەموو کەس دەزانێ کە رێژیم ئەو جارەش بە جۆرێک فرت وفێڵ دەکا کە لە ئاستی نێونەتەوەیی ئابروچوونی خۆی داپووشی، ئەگینا بەو هەموو بایکۆت کردنە لە ٦ - ٥ میلیۆنی کەسی سەر بە ڕیژیم نابێ ئاکامێکی باشی بۆ ڕێژیم لێبکەوێتەوە.

*ئەگەر باسەکەم خۆلاسە بکەمەوە دەتوانم بڵێم:*

١- هەڵبژاردنی ئەم جار بە زۆر دەلیل پێویستە تەحریم بکرێ و بەشداری ئەمجارە لە هەڵبژاردن دا تەنیا بە قازانجی رێژیم تەواو دەبێ و رێژیم دەیەوێ مەشروعیەتی پێ پێدا بکا و توزێک لە وهەموو ئابروی لە دەست چووی وەدست بهێنێتەوە.

٢- زەختی زۆری نێونەتەوەیی لە لایەن ئەمریکا ویەکیەتی ئوروپا کە هەتا هاتووە بەربەرینتر بووە وزۆر لایەنی گرینگ وەک بانک ونەکرینی نەوتی ئێرانیشی گرتوتەوە و بۆتە هۆی ئەوە کە ئێران فشارێکی ئێجگار زۆری بۆبێ وبەرو ئیزولەو ئی فلیج بوون بڕوا. گەلانی ئێران نابێ دەنگ دانیان ببێتە هۆی رەوایی دان رێژیم.

٣- دەکرێ کۆمەڵانی خەڵک بە کاری جیدی و بەربەرنامە تەحریم، تا ئەندازەیەکیش بێ جوبرانی بەشێک لە

دەغەڵکاری وناپاکی و کوژران وبریندار بوونی و زیندانی وئەشکەنجە کردنی ئازادیخوازان چ پاش هەلبژادنی سەرۆک کۆماری و هەمووی تەمەنی پر لە شەرم و شورەیەی ڕێژیم بکەنەوە .

٤- ئەگەرلە هەڵبژاردنی پێشوو، زیاتر لە ٥٠% خەڵکی ئێران وەک ئیسلاح تەڵەبان، و بە کورد و نەتەوەکانی دیکە وئێسلاح تەڵەبان نیزیک ٧٠% بەشداربوون ئەمجار کە ٦ - ٥ میلیۆنی لایەنگرانی ڕێژیم دەمێنێتەوە، گرینگ ئەویە بە شێوەیەک کار بکرێ و خەلک وشیار بن کە ڕێژیم نەتوانێ بە فرت و فێل زۆرترلە لایەنگرانی خۆی دەنگ بنێتەوە. چۆنکە ئەم ڕێژیمە بێ فێل وتەڵەکە هەڵبژاردنی بۆ ناکرێ.

٥- لەگەڵ ئەوەی کە کورد نەیتوانی بۆهەڵبژاردنی ئەم جارە کۆدەنگی وهاوهەڵوێستی ساڵی ٨٨ لە پێوندی لە گەڵ ئێعدامی فەرزاد کەمانگر وهاوڕییانی وەدست بینێ. ولەگەڵ ئەوەی کە بەرەیەک بۆ هاوکاری لە نێوان حیزب ورێکخراوە کانی ڕۆژهەلات نیە لەگەڵ ئەوەش بوونی هاوکاری حیزب ورێکخراوەکان لە دوو قۆڵ ٤ حیزب ورێکخراو لە لایەک و ٢ حیزب لە لایەکی دیکە کاریگەری ئەرینی خۆی دادەنێ. بە کاری جیددی و پێوندی لەگەل کۆمەلانی خەلکی کوردستان و حیزب ورێکخراوکانیی سیاسی و هەڵسووڕاوانی مەدەنی نێوخۆ و کاری میدیایی بەردەوام دەکرێ لەتەحریم وبایکۆت، هەتا ئەندازەیەک قەربووی نەبوونی یەکدەنگی تەواو بکریتەوە و وەک ئەبزارێکی گرینگ لە هەڵبژاردن بە قازانجی کورد ونەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی پێویست وەربگێرێ.

٦- هەن دەستە ولایەن لەسەرئەوباوەڕەن خەڵکی دلسۆزی کوردو ئێران، تەحریمی هەڵبژاردن بە دوو نەوع بکەن .یەک: با زۆربەی خەڵک نەچنە سەر سەندوقەکانی دەنگدان و لە ماڵ بمێنەوە. دوو: ئەوانی مجبور بە بەشداری کردنن با دەنگی سپی باتل لە سەندوقی دەنگ دان بهاوێن. لەکاتێکدا بە سەدان هەزار خەڵک کارمەند وموچەخۆری ڕێژیمن و ڕەنگە کەم نەبن لە بەر وەرگرتنی یارانە وسەهمیەی بنزین مجبور بە دەنگدانن .پێوستە کە سجیلەکانیان مۆری هەلبژاردنی پێوە بێ، بۆیە ئەو گۆزینەیە لە هەڵبژاردن دا گۆزینەیەکی ناگۆنجاو نیە بۆ کەسانی مەجبوربە دەنگدان.بەلام لەماڵ مانەوە و نەچونە دەرێ لەم ڕوژەدا موناسب ترین هەنگاوە و شێوە خەباتیکە زۆر گونجاوە.

گرنگە خەڵک بیر بکەنەوە کە هەر دەنگێک بایێخی خۆی هەیە و نابێ دەنگەکانیان خەساربکەن. خەڵک دەبێ بزانن

کە نابێ رێژیم چی دیکە لە ئەوان و دەنگی ئەوان کەڵکی خراپ وەرگرێ و و بەجیهانیان نیشان بدا کە مەشروعیەتی هەیە و خەڵک دەنگیان پێ داوە.

٧- بۆ تەحریمی ئەم جارە پێویستە کاری جیددی وبە بەرنامە بکرێ، پێویستە هەر حیزب ورێکخراوێک لەگەڵ هاوکاری لەگەڵ حیزب ورێکخراوەکانی دیکە لە ئاستی خۆیەوەش کار بۆ لەقاودانی سیاسەتەکانی رێژیم بکا و بە پێوندی گرتن لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵک زۆرتر رۆشەنگەری لە سەر هەڵبژادن بکا.بە کاری بەرفراوانتر رۆخساری راستەقینەی دیکتاتۆری کۆماری ئێسلامی بۆ جیهانیان دەربخسترێ. هەمووڵایەک دەکرێ زۆر زیاتر زیانەکانی بەشداریی ئەم جارەی هەڵبژاردن و کەڵکی خراپ وەرگرتنی رێژیم لەهەڵبژاردن دەربخەن، لە سیمنار وکۆبوونەوەکان بۆ خەڵک باشتر و باشتر روون بکەنەوە. بە کورتی خەڵک دەبێ باش بزانێ بۆ دەنگ نەدا. هەروەها چالاکی میدیایی، تلویزیوون وماڵپەرو فەیس بووک بگاتە ئەوپەری خۆی بەشێوەیەک کە لە چەکی هەڵبژاردن باشترین کەڵکی پێویست وەربگیرێ بۆ رسوایی هەرچی زیاتری رێژیمی سەدەکانی نیورەراستی کۆماری ئیسلامی ئێران.

بەو هیوایە کە ئەم هەنگاوە واتە بایکۆت وتەحریم هەڵبژادنی مەجلیسی نەوهەم بە نیسبەتی خۆی کاریگەری دابنێ بۆ ئیزولەبوون و بێ ئابروویی زیاتری رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران. دیکتاتورێک کە لە خراپترین دیکاتوریەکانی جیهانە کە بۆتە مایەی چارەرەشی و بدبەختی گەلانی ئێران و بە بۆنەی هەوڵ دان بۆ بە خاوەنبوونی چەکی ئەتۆمی وکردوەی تێرۆریستی و پشیتوانی لە تێرۆرێزم و پێشیلکاری یەکجارزۆری مافی مروڤ لە بەر چاوی جیهانیان ،ناوچەو گەلانی ئێران بێزاوە . بەو هێوایە کە ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی ساڵەکانی ئاخری رێژیمی نیگریس و گەندەڵی رێژیمی دژی گەلێ کۆماری ئێسلامی ئێران بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبرێوێری ٢٠١٢

# نەورۆزی کوردان

*ئەم رۆژی سالی تازیە نەوروزە هاتەوە جەژنیکی کۆنی کوردەوبە خۆشی هاتەوە*

*پیرەمێرد*

نەورۆز شاتاقانەی جەژنی کوردە و چێژ و پێز و وزەی پێوە دیارە و هەتا دێ هەر گەشەدار وپرشنگدارتر دەبێ. نەتەوەکانی جیهان نیزیک بە هەموویان، جیژنی نەتەویی خۆیان هەیە و نەورۆزی کوردیش وردە وردە بۆتە بەشێک لە میرات وکەلۆپەری مێژوویی روشنبیری خەلکی کوردستان.

نەورۆز نیشانەی زاڵبوونی ڕووناکی بە سەر تاریکی، خێرو شادی و خۆشی بە سەر ناخۆشی و سەخلەتیدا، فەرعانی و ئاسایش بە سەرِ قاتی وقڕی و گرانیدا، بە کورتی سیمبولی چاکە بە سەر خراپە دا. هەوڵدان بۆ ئازادی و بەختەوەری و نەهێشتنی دیکتاتوری و زۆلم وچەوسانەوە و خەبات بۆ دوا رۆژی گەش و بەختیاری.

نەوروز ڕەمزی خۆڕاگری و بەرخۆدانی کوردە و راوستان لە بەرمبەر زۆردار وچەوسێنەران دا، بۆتە سیمبۆلێک بۆ راوستان، ئەوەی کە کورد بە راوەستانی، خۆی لە نەمان و تواندنەوە رزگارکردوە. دژکردەوە مێژوویيە سەخت وخۆیناویەکانی کورد بە سەدان سالە بەردەوامە، داستانی فیداکاری و قارەمانێتی و دلێری سەرِسورهێنەری دروست کردوە.

*نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەرە لاوان بە عشق ئەچن بەروپیری مەرگەوە*

نەورۆز، رۆژی پەیمان نۆی کردنەوە بۆ خەبات بە دژی داگیرکەرانی کوردستان، جێژنێکی رەسەنی کوردە کە کورد لە خۆشی وناخۆشیەکان و روژی تاڵ و گەلێک سەختیش دا بە دائێم ئەم جیژنە نەتەوەییەی خۆی پیرۆز کردوەتەوە. زۆر لە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە زۆر لەمێژەوە کورد ئەم رۆژی بە لاوە زۆر گرینگ بووە و سەر سالی پیرۆز کردوە و بایخی پێ داوە و بەرەبەرە لە ناوچەکانی دەروبەری کوردستانیش دا بلاو بۆتەوە و هەرچەند داگیرکەرانی کوردستان ویستوویانە مۆرکی کوردی لێ بکەنەوە، بەخۆشیەوە نەیانتوانیوە.

لە باشوری کوردستان کورد گرینگی زۆری بە ئەم جیژنە داوە و لە نێو ئەوان دا پیرەمێردی نەمر زۆر رۆڵی تایبەتی هەبوو و بایخی زۆری بە جیژنی نەوروز داوە لە کاتی ژیانی دا. هەموو سالی لە مامەیارەی سولیمانی بە هەڵکردنی ئاگر، ئەم جیژنەی پیرۆزکردوە. ئەو بەهێزترین هۆ بوو بۆ گێرانی ئاهەنگی نەورۆز و بوژانەوەی و رۆژنامەیەکیشی بەم بۆنەوە بلاو دەکردوە. ئەو کات کە دۆژمنانی زۆردار قەدغەی ئاگرکردنیان لە مامە یارە کرد ئەوە شاگردان وقوتابیانی ماموستا پیرەمێرد بوون کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆزیان لە سەر لوتکە وشاخەکانی دەوروبەری سلیمانیە دا دەکردەوە. ئێستاش بە خۆشیەوە خەلکی کوردستان هەموو سالێ لە سەر شاخ و لۆتەکە وشارو دێهاتەکان یادی نەورۆزی پیروز بە هەڵکردنی ئاگر دەکەنەوە و پەیمان بۆ درێژەدانی خەبات تازە دەکرێتەوە.

ئاگر نەقش و رۆڵی گرینگی لە ژیانی مروڤ دا هەبووە، چوونکە دۆزینەوەی ئاگر خالێکی وەرچەخان لە مێژووی مروڤایەتی دابووە و دیارە پێوندی بە ئایینی زەرتشتیش دا هەیە کە کورد پێشتر زەرتشتی بووە.

لە باکوری کوردستان نەورۆز و ئەم جیژنە بۆکورد گرینگی ئێجگار تایبەتی هەبوو و هەیەتی و ئەمسالیش بە میلوێن خەلکی ئەم خاکە پیرۆزە بەرەوپیری جیژنی نەورۆز چوون و وەک هەمێشە باکوری کوردستان بۆتە مەیدانی خەباتێکی شێلگێرانەی مەدنی کە شەو و رۆژیان لە دوژمنانی کورد و کوردستان تالْ کردوە.

لە رۆژهەلاتی کوردستان، جگە لە ساڵەکانی پێشوو سالی ٢٠١١ بە هیممەتی دڵسۆزانی کورد لە ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی کوردستان بە تایبەت رەبەت و سیسێربەرنامەی نەورۆز گەلێک بەرچاو بوو. خەڵکی ئەو ناوچانە بە پێک هێنانی بەرنامەی گۆرانی وشیعرو بەرنامەی هەڵپەرکێ و کردنەوەی ئاگری پیرۆزی نەورۆز، بایخ وگرینگیی جێژنی کۆنی کوردیان زۆر زیاتر بەرز نرخاند.

کورد زۆر هیواداره کە لە سالی نوێ دا بەشێکی زۆری ئاواتەکانی وەدی بێ. زۆرمان ئارەزوومانە دەوڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان دابمەزرێ وزۆر نەخایەنێ کە سەرکەوتنی بەرچاو بۆ باکوور ورۆهەلات و رۆژئاواش وەدست بێ. بەرێز خالید عزیزی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کورردستان گوتەنی: پێویستە بۆ ئەم ساڵە ئەرک بۆ خۆمان دیاری بکەین. بەڵێ گرینگە کە کورد و حیزب وریکخراوە سیاسییەکانی دیانەوێ چ بکەن وهەنگاوەکانیان چ بێ؟!

ئاوڕدانەوە بۆ رابردوو و بە بەرنامە بەرەو پێشچوون گەلێک گرینگە.

بە ڕاستی ئەگەر حیزب وڕێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەوە زیاتر کۆدەنگی یان بەرەیەکی حیزب وڕێکخراوەکان وەدوا بخەن زولمێکی گەلێک گەورە لە کۆمەلانی خەلکی ئەم پارچەیەی کوردستان دەکەن. کورد لە تاراوگەش زۆر هەنگاوی لە پێشە کە نابێ لێیان کەم تەرخەم بێ.

سالی ٢٧١٢ کوردی لە هەمووی کوردانی چوارپارچەی کوردستان بە تایبەت بنەماڵەی شەهیدان وزیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پیرۆزبێ. لەیلای زانای مەزن گوتەنی نەورۆز لە حەممی کورد پیرۆزبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠١٢

## رۆژی شەهیدانی کوردستان و چەند ئەرکێک

نەتەوەی زۆلملێکراوی کورد لە تەمەنی پڕ لە چەرمەسەریی خۆی دا تووشی زۆر کارەسات بووە، یەک لە وان کارەساتی رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی سالی ١٣٢٦ هەتاویە. لەم رۆژە تاڵە دا یەکەم سەرۆک کۆماری کورستان پێشەوا قازی محمد و سەیفی قازی وەزیری دیفاع و سەدری قازی نوێنەری خەڵکی مهاباد لە مەجلیسی ئەو کاتی ئێران، لە پێتەختی کۆمار، مەهاباد هەر لەو شۆینە کە کۆماری کوردستان ڕاگەیێندرابوو لە سێدارە دران.

شەهید دوکتور قاسملوو گووتەنی، ئەوە شەخسی قازی محمد نەبوو کە لە دادگای محمد رەزاشا دا محاکمە دەکرا، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتی خەڵکی کوردستان بوو کە دادگایی کرا، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوای گەلی کورد بوو کە دادگا بە تاوانی دانان. هەربۆیەش پێشەوا وەک رێبەرێکی هەڵکەوتوو بەرامبەر بە جەللادەکانی رێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کورستان کرد.

پێشەوا قازی محمد ڕووحی نەتەوەیی کوردی یان سیمبولی نەتەوەیی کورد کە جاروبار بە گاندی کوردستان ناو براوە زۆر تایبەتمەندیی گەورەی لە خۆی دا کۆ کردبۆوە. ئەو وەک کاریزمایەکی نەتەوەیی لە قوناغێکی مێژوویی کورد دا ڕۆڵی سەرەکی بینی و پاش لە سێدارە دانیشی توانی پانتایەکی مەزن لە مێژووی نەتەوەی کورد دا داگرێ. هێندیک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن:

کوردستانی بوون، سەربەخۆییخوازی، دێموکڕات بوون، یەکیەتی خوازی و ڕێزدانان بۆ برایەتی گەلانی ئازاد، پێشکەوتنخوازی، لێبوردوەیی و بوێری.

پێشەوا لە کاتێکدا سەدا ٩٠ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەواربوون، جگە لە زانست لە زۆر بواری دیکە دا زمانەکانی عەڕەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیسی، ڕووسی وفەرانسەوی زانیوە.

با قسەی چەند غیر کوردێک بێنینە بەرباس، ئەوان بەم شێوەیە لە سەر پێشەوا باس دەکەن: سەروان شەریفی یەکێک لە بەشدارانی دادگاە دەڵێ: ئەوە پێشەوا بوو بەرپرس و ئەفسەرانی دادگای محاکمە کرد و لە هەموو بارێکەوە هێنانیە ژێرپرسیار.

*سەروان کیومەرس سالحی بەشداری دادگاە و هەواڵنووسی ئەو کاتی گۆڤاری ئەرتەش دەڵێ:*

*من لە زۆر مەحکەمە دا بەشدار بووم، بەڵام کەسی ئاوا بەجەرگ و ڕووڕاستم نەدیوە، هەر ئەو لەخۆبوردوویی ونەترسیە ش بوو کە کاتی ئێعدام کردن نەیهێشت چاوی ببەستن و فەرمووی حەزدەکەم لە دوایین لەحزەی ژیانم دا بە سەربەرزی و پڕ بە چاوەکانم لە نێشتیمانەکەی خۆم بڕوانم.*

*ئارچی ڕۆزوێلت ئەمریکایی کە خۆی هاتبووە مەهاباد وچاوی بە پێشەوا کەوتبوو لە کتێبی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دەنووسێ:*

*وا دەردەکەوێ کە قازی محمد بیرو باوەرێکی زۆر پتەوی هەیە و ئامادەیە خۆی لە پێناوی دا فیدا بکا، لەهەمان کاتیشدا ڕۆناکبیرێکی لەسەرەخۆ بوو.*

*لەشۆنێکی دیکە باس دەکا:*

*پێشەوا چوارچێوەیەکی فکری زۆر بەرینی هەبوو و نێونەتەوەیی بیری دەکردەوە.*

**هەرکوردێک کە جگە لە تێکۆشەرانی دێرین لە زاری بەرپرسانی رێژیمی شایەتی، باسی گەورەیی و خۆڕاگری پێشەوا دەبیسێ کە چلۆن سەرۆک کۆماری کورد لەو دادگایە دا بەرامبەر بە دوژمن ڕاوستاوە ودیفاعی لە کورد و داوا ڕەواکانی کردوە و ئەوە پێشەوابووە کە محاکمەی دوژمنانی کوردی کردوە، بەحەق هەزاران ئافەرین بە پێشەوا وهاوڕێیانی دەڵێ و فەخر دەکا کە پێشەوا پێک هێنەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە هەموو بۆارەکان دا جێگەی فخرو سەربڵێندی بووە بۆ کورد وکوردستان.**

**جیاوازی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان:**

**پێشەوا لە کاتی ماڵ ئاوایی لەگەل مەلا مستەفای نەمر دا لە رۆژە ڕەشەکانی تێکچوونی کۆمار دا دەفەمووی: من خۆم فیدای خەڵک دەکەم و هیچ کات وەک پیشەوەری ناکەم و ناهێڵم وڵاتەکەم لە خۆیندا شەلاڵ بێ و هەزاران کەسی تێکۆشەر و خەڵکی ئاسایی بە کۆشت بچن و ببنە قوربانی.**

**لە سەر پێشەوا و کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی کە زۆر لاپەڕەیان لە مێژووی پڕ لە عیزەت و شەڕەفی کورد بە خۆوە گرتووە و زۆر خاڵی نەگوتراویش هەیە بۆ وێنە وەک زۆر کەس باس دەکەن پێشەوا بۆخۆی نووسەری دوو نەماشینامەی گەورە و بە بایخی ١. سوڵتان صلاح الدین ٢. دایکی نیشتیمان ـە کە لە سالی ١٣٢٤ لە مەهاباد و چەند شاری دیکە نیشان دراون و ئێجگار تەئسیریان لە سەر بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی جەماوەری کوردستان هەبوو.**

**پێشەوا دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کورستان و کۆماری کوردستان، زۆر کتیب و نووسراوەی لە سەر نووسراوە و دەیان کەس تێزی ماستەر و دوکتورایان لە سەر کارو هەنگاوەکانی پێشەوا بە تایبەت کۆماری کوردستان نووسیووە. پێکهێنانی کۆماری کوردستان و شێوە بەرێوەبردنی داپەروەرانەی کۆمار وئەو هەموو کارە بە نرخ وبە بایخانەی کە**

لە ماوەی نزیک بە ١١ مانگ ئەنجام دران و هەروەها دادگای پێشەوا وهاوڕێیانی کە ڕاست دادگای کردنی دوژمنـانی کورد وکوردستان بوو، کە هەمووی جێی خۆیەتی وەک درس و ئاموژگاری بۆ کورد کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

عەمەلیاتی نیزامی مەلامستەفای بـارزانی بە تـایبەت لە کـاتی تێپەڕبـوون لە مەهابـاد هەتـا یەکیەتـی سۆڤیەتی پێشـوو بە نـاوی (از مهابـاد خـونین تـا کنارەهـای رود ارس) لە زانکوکـانی نیزامـی ئێران بە درس دەگـوتراوە کە جێگای فخر بوو بۆ کورد، پێویستە خەبات وتیکۆشان و باس لە کۆماری پر لە کەڕامەتی کورد و دادگای پێشـەوا و وەسیەتی ئەو گەورە پیاوەی مێژوو لە هەموو کلاسەکانی سیاسیی حیزب وسازمانەکانی سیاسیی کوردی هەر چوار بەشی کوردستان بە درس بگۆترێنەوە و هەروەها دایک و بابەکان ئەو میراتە بۆ نەوەی ئەمڕۆ و سبەی بگوێزنەوە!
بە وتەی مسعود تەک سیاسەتمەداری کوردی باکوور: کورد شەهیدێکی زۆری لە ڕێگەی ڕزگـاری وڵات دا داوە هەمـوو رۆژێـک رۆژی شـەهیدانی کوردسـتانە، بەڵام بە هـۆی ئەوە قـازی محمـد یەکەمین سـەرۆک کۆمـاری کـورد و کۆمـاری کوردستـانە و کەسایەتی پێشەوا قـازی محمد جێگەی رەزامەندی هەموو کـوردە بـۆیە بـاشترین و گونجـاوترین رۆژ بـۆ شەهیدانی کوردستان، رۆژی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان قـازی محمد ە.

## ئەرکەکانمان:

١- هەر کوردێکی دڵسوز بە گەل و وڵات پێوستە ئامۆژگاریەکانی پێشەوا کە لە وسیەتنامەکەی دا هـاتووە گرینگی پێ بـدا کە کـاکڵی باسـەکە ئەوەیە: خوێنـدن وگرینگی دان بە زانست و فێربـوون. یەکیەتـی و تەبـایی. یەکێتـی و پشت نەبستن بە دوژمنـانی گەلـی کـورد. دەرس فێربـوون لە مێژووی نەتەوەی کـورد. خەیـانەت نەکـردن بە یەکتـر.
پێویستە ئەو وانانە ببێتە چرای رێ نیشانـدان بۆ خەبـات و تیکۆشانی هەر کۆردێک.

٢- بەهەزاران جـار گـوتراوە و پێشـەواش ڕووی لە هەر تـاکێکی کـوردە کە تەبـایی ویەکگـرتن گـرینگە ، دیـارە لە زۆربەی جووڵانەوەکانی کوردیش ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی شکانی بـوو کە چی لە هەزارەی سیهەم وسەدەی بیست ویەکم هەمان هەڵەکانی پیشوو دوو پات و سەدپات دەبێتەوە. کاتی ئەوە هاتووە بۆ بەرژوەندیی گشتی ونەتەوەیی بەرژوندی تـاکی و حیزبی گرینگیەکەی زۆر کەم بێتەوە.

٣- رۆژی شەهیدانی کوردستـان، ١٠ی خاکەلێوە پێوستە ببێتە رۆژی شەهیدانی هەمووی کوردستان واتە ئی هەر چوار

پارچەی کوردستان و کاری بۆ بکرێ بە تایبەتی دوو حیزب، حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران ئەم داوایە بۆ حکۆمەتی هەرێمی کوردستان بەرز بکەنەوە و حیزب و رێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پشتیوانی لەم داوایە بکەن. پێوستە پارلەمانی کوردستان بریاری لەسەر بدا. چالاکانی کورد لە هەر حیزب و رێکخراوێک کە کار بۆ ئەو مەسەلە بە ناوی کەمپین یان هەرناوێک دەکەن، پێوستە ئەوانیش لەم ئەرکە دا بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگرن.

لە ٦٥مین ساڵیادی شەهید بوونی پێشەوا سەری قەدرزانی و حورمەت دادەنوێنم بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی رۆژی ١٠ی خاکەلێوە و پڕ بە دڵ ئارەزو دەکەم ئاوات و ئارەزوی هەمووی ئەو شەهیدانە ودی بێ و کورد بە ئاوات وئامانجەکانی بگا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - رێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٢

## خەلاتی ئاشتی نۆبل، ئان سان سۆچی، محەمەد سەدیق کبودوەند

کامێراکانی زۆربەی هەواڵنێرانی جیهانی رۆژانی ١٦ و ١٥ ژۆئن ٢٠١٢ لەسەر ئووسلوو پێتەختی نورویژ بوو کە هەوالێ هاتن وریز لێنان لە خەباتگێری ریگای ئازادی ودیموکراسی بە وڵات وخەڵکێ خۆیان بگەینن. سالی ١٩٩١ئان سان سووچی بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبل ناوزەد کرابوو لە بەر ئەوەی سووچی لەم سالە دا نەیدەتوانی بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە ئامادە بێ، بۆیە مێردو منداڵی ئەم خەباتکارە خەڵاتەکەیان وەرگرت. دیارە وەک خۆی دەلێ ئەگەر ساڵی ١٩٩١ بەشداربایە رێگای گەرانەوە و بەشداری لە خەباتی نێوخۆی وڵات واتە بەرمەی لێ دەگیرا.

ئان سان سووچی رێبەری خەباتکارانی برمە ١٥سالی لە زیندانی خانگی تێپەرکرد و سالی ٢٠١٠ ئازاد بوو. لە رێ ورەسمی زۆر گرینگی رۆژی شەمەی تەلاری شارەداری نورویژزیاتر لە ٢٠٠ سیاستمەداری نورویژی، سەرۆک وزیر وژۆمارەیەک لە وەزیرانی ئێستا وکۆن و بنەمالە شای نورویژ و زۆر کەسایەتی بەنێوبانگ بەشداربوون. یان

ستولنبەرگ سەرۆک وەزیرانی نوروێژ گووتی: ئان سان سووچی سیمبولێکە بۆ خەبات لە پێناوی ئازدی ودیموکراسی دا. قسەکانی سووچی بەم شێوە هاتووە: هەتا گەیشتن بەدیموکراسی تەواوولاتەکەی ریگایەکی زۆرو دووری لە پێشە. زیندانی خانگی ئەوی لە دونیا دا براند بوو بەڵام خەڵاتی ئاشتی نوبل یارمەتی دەر بوو کە ئەو بتوانێ پێوەندی بە کۆمەلگای نێونەتەوەیی بگریتەوە. و لە کۆبونەوەی ٤٠٠ کەسی هاوولاتانی خۆی کە لە ولاتانی دوور ونزیکەوە هاتبوو دا دەلێ: ئێمە ئەوەی لە دەستمان دێ دەبێ بۆ وەلاتەکەمانی ئەنجام بدەین جائێمەلە هەرجێگەیک بژین..

لە کوردستانیش محمەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرینەری ریکخراوی مافی مروڤی کوردستان، چەند سالێکە لە زیندانی ئەوین پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر جسمی وروحی، نەتەنیا کە ئیزنی پشوودان و مورەخەسی وەک تێکۆشەرانی غیرکورد نییە تەنانەت ناهلێین جەرگۆشەکەی کەزۆر نەخۆشە ببینێ. ئەم خەباتگێریەی رێگای دیموکراسی و مافی مروڤ ٢٠١١ لە سالی بە هۆی حیزبی سوسیالیستی چەپی بۆ خەلاتی ئاشتی نۆبل کاندید کرا و بۆ بە یەکێک لە کاندیدکانی ئەم خەلاتەی ئاشتی بەڵام بە داخەوە ئەم رۆلەی نەتەوەی کوردکە لەهەموو لەشی نەتەوەکەی و خۆشی خۆین دەچورێ و ئەم خەڵاتە کەلە سارێژکردنەوەی خۆی ونەتەوەکەشی کاریگەری زۆر دەبوو نەتوانرا ئەم خەڵاتە بباتەوە. ئێستاکەناوی. هاتووەنێولیستی کاندیدەکان، دەکری هەمووسالێ کاری بۆ بکرێ. شانسی بردنەوەی ناوبراو بۆ سالی ٢٠١٢ زۆر لاواز بوو بۆیە قەرارە چالاکانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ کار جیدی و بەردوامی لە سالی ٢٠١٣ دا بۆ بکەن. پاش گرانەوەی هەئیەتی نورویژ لە کوردستان ئەوان گرۆپی دوستانی کوردیان لە نێوئەندام پارلەمانی چەند حیزبی نوروێژی دا پێک هێناوە کە جگە لە ئەندام پارلەمانانی ئێس، ڤی، ئەندام پارلەمان لە حیزبی کریکاری نورویژ و حیزبی دیکەشی تیدایە، کە رەنگە ئەم یەکیەتیەی ئەندام پارلەمانی نوروێژیش بۆ ئەم هەوڵە گرینگە یارمەتی دەربێ.

### *قازانجی خەڵاتی نوبل بۆ ئان سان سوچی و وڵاتەکەی لەسەردانە کەی بۆ نوروێژ:*

١- ناساندن ودەرهێنانی سووچی لە پاسیوو بوون وپیوەندیدانەوەی بە کۆمەلگای نێو نەتەوەیی
٢- ئامادەگی نوروێژ بۆ هاوکاری تەواو بۆ جیگیرکردن ونهادینە کردنی دیموکراسی هەتا سەرکەوتنیان
٣- پشتیوانی مادی ومەعنەوی لە بەرەوپێشچوونی بەرمە و ئاودان کردنەوەی ئەم ولاتە(کوبوەنوەی رۆژی دووشەمە

٠٦،١٨ لە نیوان وەزیری دەرەوەی نورویژ و ئان سان سووچی گرینگی زۆری بۆ سووچی و وڵاتەکەی هەبوو.)

ئەگەر خەڵاتی ئاشتی نوبل کەگەلێک گرینگە کاریگەری هەبوو کە خەباتگیرانی دژی ریژیمی نیزامی بەرمە بە تایبە ت ئان سان سووچی لەئاستی جیهانی دا بناسرێ و لە ئیزولە بوون بێتە دەرێ و پیوندی لەگەل کۆمەلگای جیهانی زیندو وبە هێز بکرێ ئەوە ئەو خەڵاتە بۆ نەتەوەی کبودوەند و خۆدی کبودوەندیش زۆر گرینگی زۆری هەیە کە مەسەلەکەی نێونەتەوەیی بکرێ...

ئەگەرئان سان سووچی و خەباتکارانی دژ بە ریژیمی بەرمە لە نەبوونی دیموکراسی وئازادی و کێشەی بودایی و موسلمانەکان دەنالێنن ئەوە کبودوەند و نەتەوەکەی جگە لە نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و لەبەر ناسنامەی نەتەوەیی و دووبارەی بوونەوەی کۆمەل کۆژی و زۆر کارەساتی دیکەش دەنالێنن.

ئەگەر دانی خەڵاتی ئاشتی نۆبل بۆ بەرجستەکردنی سوچی و خەباتکارانی بەرمە گرینگی زۆر هەبوو ئەوە بۆ نەتەوەی ٤٠ میلیوونی کورد بە تایبەت بۆ ١٢ میلوونی کورد ی رۆژهەڵاتی بێ بەش لە زۆر ماف ئێجگار گرینگی هەیە. لەوەڵاتی بەڵالێدراوی ئێران کە سەرپووش لە سەر هەموو جەنایەت وناعەدالەتیەکان دادەندەرێ دانی خەڵات بە تێکوشەرێکی وەک کبوودوەند بۆ ناسینی جیهانیان بەم زۆلم وپێشیلکاریانەی مافی مروڤ زۆر چارەنووس سازە.

لەگەڵ پیرۆزبایی گەرمی من و هەموو خەباتکارانی ریگای ئازادی ودیموکراسی بۆ ئان سان سووچی و خەباتکارانی بەرمە، بۆ خەباتی بەرحەق و روایان ،ئاواتە خوازم کە کۆمەلگا ی نێونەتەوەیی ئەو جار روی لە کورد و کبودوەند بێ و کبودوەند بتوانی براوەی خەڵاتی ئاشتی نوبل لە سالێ ٢٠١٣ بێ. هەلبژاردنی سەروکی مافی مروڤی کوردستان، تیکۆشەری جیی شانازی کورد ، ئێفخارێک دەبێ بۆ کورد وکبودوەند و هێنانە بەرباسی زۆرزیاتری کورد لە ئاستێکی بەرز ونێونەتەوەیی و یارمەتی دەکا بۆ رزگاری گیانی کبودوەندیش.

بەوهیوای ئەوە کە دەنگی خەباتکاری گەورەی مافی مروڤی کورد کبودوەند لە چالەرەشەکانی جەڵادانی رێژیمی سەدەکانی نێوەراست بگاتە تەلاری خەڵاتی ئاشتی نوبل بۆ ئووسلوو پێتەختی نورویژ و هەموو و هەوڵدران و

ژۆرنالیستانی جیهانی باسی فیداکاری ونەبەزی کبوودوەند و دەنگی مەزلومییەتەتی کورد و مافە پێشیلکارەوەکەی بە گۆی جیهانیان بگەیین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٢

## کێبەرکێی نێونەتەوەیی فوتبالی لاوان لە نۆروێژ و تیمی کوردستان

وەک ئاگادارن هەمووساڵێ کێبەرکێ نێونەتەوەیی فوتبالی لاوان لە ئووسلوو پێتەختی نۆرویژ بەرێوە دەچێ. ئەم ساڵ تیمی فوتبالی لاوانی کوردستان لەم کێبەرکێیانە کە ٤٠ مین ساڵی بوو (١٩٧٢ - ٢٠١٢) بەشداربوو. هەموو ساڵێ لاوانی جیهان لە نزیک بە ٤٠ وڵاتەوە زۆر چالاکانە لە ماوەی یەک حەوتوودا (٢٩ی جولای هەتا ٤ ئاگووست) بە چاڵاکی جۆراوجۆر لە گۆرەپانی وەرزشدا لە نۆورێژ روبروی یەکتر دەبنەوە.

بەشدارانی کێبەرکیکان کە ١٤٠٠ - ١٦٠٠ کەس دەبن و لە چەند ناوچەی ئووسلوو کە هەرکامیان زۆر مەیدانی فوتبال لە خۆوە دەگرێ بە ئالای وڵاتی خۆیان ماوەیەکی پڕ لە خۆشی و هاوڕێیەتی بەیکەوە تێ پەڕ دەکەن و لەگەڵ سەدان کۆر وکچی لاوی یاریزانی وڵاتانی دیکەی جیهان ئاشنا دەبن.

ئەمساڵ بۆ یەکەمجار تیمی کوردستان بەشداری لە نۆروەی کۆپدا کرد. ئەوان رۆژی پنجشەمە گەیشتنە نۆروێژ و رۆژی هەینی ٢٧ - ٧ - ٢٠١٢سەردانی پارلەمانی نۆرویژیان کردو چاویان بە سیاسەتمدارانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ کەوت. کێبەرکێی یەکەمی تیمی کوردستان رۆژی یەکەم، یەکشەمە ٢٩ - ٧ - ٢٠١٢ لەگەڵ تیمێکی نۆرویژبوو کە بەلێدانی ٣ گۆل سەرکەوتنێکیان بە دەست هێنا کە بووبە هۆی خۆشحاڵی کوردانی دانیشتووی وڵاتی نۆروێژ ، بەڵام ئەوەی بۆ یاریزانی لاوی کورد و بەرپرسان و کوردانی نۆروێژ جێگەی پرسیار و ناراحەتی بوو هەڵ نەکردنی ئالای پێرۆزی کوردستان بوو، دیارە جگە لە ئالای زۆربەی وڵاتانی جیهان، فەلەستین و سامیەکانیش مافی هەڵکردنی ئالای خۆیان هەبوو. پاش هەوڵ وکارێکی زۆر شلگیرانە کوردانی نورویژ، بە خۆشیوە لە سیهەمین

رۆژ واتە لە روژی سیشەمە ٣١ - ٧ - ٢٠١٢ ئالای پیرۆزی کوردستان روبە ئاسمانی نورویژ بەرزکرایەوە و لە تەنیشت ئالای نورویژ و ولاتانی دیکە شەکایەوە و هەزارانی کوردی جیگر لە نورویژ و ولاتانی دیکەی زۆر خۆشحاڵ کرد.

تیمی فوتباڵی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژدا سێ یاری ئەنجامدا کە سەرکەوتنێک و بەرامبەریک و دوڕانێکی هەبوو و توانی بچێتە قۆناغی دووهەمی کێبەرکێکان. رۆژی چوارشەمە تیمی کوردستان روبروی تیمێکی دێکەی نۆروێژی دەبێتەوە کە ٣ بەر ٣ بەرامبەر دەبن ولە کاتی ئێزافیش دا هەر بەرامبەر دەمێنەوە، بەڵام بە لێدانی پێناڵتی ٤بە ٢ تیمی نۆرویژ سەرکەوتنی بەدەست دێنێ و بە داخەوە تیمی کوردستان حەزف دەکرێ.

رۆژی هەینی ٣ - ٨ - ٢٠١٢ لە ئێکەبەرگ بە ئیبتکاری ریکخراوی کوردی نۆروێژی (ئەر، کۆ. ئەر) رێورسمێک بۆ رێزگرتن لە یاریزانی کوردستان بە بەشداریی نوێنەری حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ و کوردانی نورویژ پێک هات. ئاختر چاودێری جێگری سەرۆک پارلەمانی نورویژ لە ئیس ڤی و چەند کەسی دیکە لەسەر گرینگی بەشداریی تیمی کوردستان و هاوکاری و پشتیوانی کوردەکانی جێگر لە نورویژ بابەتێکیان پێشکەشکرد و لەلایەن چاودێری لەوحەی ریزلێنانن بە سەر یاریزانان وسەرپەرستانی تیمی کوردستان دابەش کرا وهەروەها لە لایەن بەرپرسی تیمی فوتباڵی جەوانانی کورستان بەرێز سەفین کانەبی لۆحەی ریزلێنانن ئاراستەی نوێنەری ئیس، ڤ و چەند کوردێک کرا کە یارمەتی دەروهاوکاری نزیکی تیمی کوردستان بوون. پاش رێزلینان و دوای نانخواردن دەستکرا بە هەڵپەرکێ و شادی و خۆشی و دوای سێ کاتژمێر بەرنامەکە کۆتایی پێ هات.

*ئەوەی بەلای منەوە زۆر گرینگ بوو بە پێویستی دەزانم کە لێرەدا ئاماژە بە چەند شتێک بکەم.*

١- بە هەوڵ وهاوکاری جیددی کوردانی نۆروێژ کە توانیان کارێک بکەن کە ئالای کوردستان لە تەنیشت ئالای ولاتانی دیکەی جیهان بەرزبێتەوە و بشەکێتەوە. و بەشداری چالاکانەی کوردان بۆ تەشویقی تەیمی کوردستان لە ئاستیکی زۆر سەرەوە دا بوو کە لە سیهەم رۆژ دا گەیشتە نزیک بە ٨٠٠ - ٧٠٠ کەس. پێوستە بگۆترێ کە کوردی هەرچوار پارچە بەشداری کێبەرکێ کان بوون کە کوردکانی باشور ورۆژهەلاتی کوردستان بەرچاوتر بوون وهەروەها نابێ نەقش وچالاکی یەکیەتی لاوانی رۆژهەڵاتی کورستان لەبەرچاونەگێرێ.

٢- عشق وعەلاقەی یاریزانانی کورد و سەپەرست و راهێنەری تیمی فوتباڵی کوردستان بە هەڵکردنی ئالای کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی ئالا، وەک هیمایەکی نەتەوەیی و هەوڵ دان بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن بۆ کوردستان کە ناوی کوردستان هەتا بکرێ باشتر مەترح بکرێ.

٣- هاوکاری ریکخراوەیەکی کوردی ـ نورویژی(ئەر، کۆ، ئەر) بۆ هاوکاری تیمی کوردستان و پشتیوانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ لە هەموو بۆاریک دا لە کورد.

٤- لە ماوەی سێ رۆژ دا ناوی کورد وکوردستان لە دوو رۆژنامەی بە ناوبانگی ئافتن پوستن و داگ بلادە و مەسەلەی ئالای کوردستان جێگەی باس بوو کە بوو بە هۆی زیاتر ناساندنی کێشەی کورد و خەڵکێکی زۆر زیاتر شارەزای مەسەلە کوردبوون و هەروەها کانالی تلوویزونی (ئن ، ئەر، کۆ) کە بەشێکی لە کێبەرکێ و عشق و عەلاقەی کوردان لە پشتیوانی لەتیمی کوردستان نیشان دا.

لە کۆتاییدا پێوستە بگۆترێ بە هاوکاری و یەکیەتی و برایەتی کوردان دەکرێ زۆرهەنگاوی گرینگ بهاوویشترێ کە نموونەی بەرچاوی ئەو هاوکارییە، شەکانەوەی ئالای پیرۆزی کوردستان لە تەنیشت ئالای وڵاتانی دیکە جیهان بوو لەم کیبەرکێ نێونەتەوییەی لاوان لە نورویژە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٢

## باسێک لە سەر دوکتور سادق شەرەفکەندی

ئەم نووسراوەیە لە ١٤ هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە کۆبونەوی شاری ئوسلۆ کە بەهۆی کۆمیتەی حیزب بەمەستی ڕێزلێنان لەو شەهیدانە پێکهاتبوو خویندرایەوە کە بەهێندێک دەستکاریەوە پێشکەش دەکرێ.

زۆرتایبەتمەندی گرینگ وەک زانایی، مودیریەت، ئازایی، سەداقەت و ماندوونەناسی ببوو بە هۆی ئەوە کە دوکتور شەرەفکەندی ببێتە ڕێبەرێکی لێوەشاوە و لێهاتوو.

لە کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامیان پرسیبوو بۆ چی دوکتور قاسملووتان کوشت ؟ وەڵامی داوە چۆنکە دوکتور قاسملوو و شاپوری بەختیار مەترسێکی گەورە بوون بۆ سەر کۆماری ئێسلامی ئێران ئەو جار پرسیاریان لێ کردبوو بۆ دوکتور شەرفکەندیتان کوشت؟ وەڵامی داوە پێمان وانەبوو کەس جێگەی دوکتور قاسملوو بگرێتەوە، بەڵام دوکتور شەرەفکەندی جێگای دوکتور قاسملووی گرتبۆوە.

دوکتور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە دوکتور سەعید کە یەکێک لە دارێژەرانی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بوو بە لێوەشاوەیی و کارزانێکی زۆرەوە کە هەیبوو نەیهێشت کەلێن و جێگەی لەدەست چوونی ڕێبەری زانا و بەتوانامان دوکتور قاسملوو بە حیزبەوە دیار بێ. شەهید کردنی دوکتور سەعید خەسارێکی یەکجار گەورە و زەربەیەکی گورج و بڕ بوو کە وە حیزبی دێموکڕات و جولانەوەی شوڕشگێڕانەی گەلەکەمان کەوت چونکە حیزبەکەمان ئێستا زامێکی قورسی سەرکردەیەکی گەورەی سارێژ نەببۆوە کە تووشی زامێکی گەورەی دیکە بۆوە، بەو زام و برینە تازەیە کۆمەڵانی بەشەرەفی گەلەکەمان و ئەویندارانی ئازادی ماتەمبار و لەسەرڕاوە دڵبریندار بوونەوە. بەڵام حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، حیزبی قاڵبوو لە کورەی خەبات و نەبەردەسەختەکان دژی ڕێژیمی شایەتی و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی زۆر ئازایانە بەرامبەر بەو زەربە قورسەش خۆی ڕاگرت و توانی کاروانی خەبات بەرەو پێش ببا.

بەپێچەوانەی روداوی تیرۆری دکتور قاسملووی مەزن لە ویەن کە دەوڵەتی ئوتریش ئامادە بوو راستیەکان و خوێنی قوربانیەکان بخاتە ژێرپێ و بەم جۆرە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە دادپەروەری رزگار بکا، دادگای میکۆنۆس جگە لە لەقاودانی تیرۆری رستۆرانی میکۆنۆسی ئاڵمان، هەموو دونیای لەو راستیە تێگەیاند کە نەک هەر تیرۆری رستورانی میکۆنۆس ،بەڵکوو دەیان تیروری دیکەی موخالیفانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرانسەری جیهان هەربە هۆی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام دراون.

کارەساتی میکۆنۆس لە نێو کۆر و کومەلە سیاسی و بەشەر دوستەکان دا رەنگدانەوەیەکی یەکجار بەربڵاوی هەبوو و بە شێوەیەکی کەموێنە خرایە بەردەم بیروڕای گشتی نێونەتەوەیی.

***دەرچوونی حوکمی دەزگای قەزایی ئاڵمان لەبەر کارەساتی میکۆنۆس لە چەند بارەوە گرینگی هەبوو:***

١- روخساری راستەقینەی دژی گەلی و کونەپەرستانەی رێژیمی ئێران و ماهییەتی نامرۆڤانە و درندانەی ئەو رێژیمەی بە خەڵکی جیهان نیشان دا.

٢- تاوانبارکردنی پایەبەرزترین کاربەدەستانی رێـژیم واتە خامەنەیی(رێبەر)و رەفسنجانی(سەرۆککۆمار)و ولایەتی( وەزیری دەرەوە) و فەلاحیان (وەزیری ئیتلاعات وئەمنیەت) و محکوم کردنی رێژیم لە تەواوییەتی خۆی دا.

٣- وڵاتانی ئوروپایی زۆر کردەوەی تیروریستی لە وڵاتەکەیان کرابوو کە لەبەر بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی خۆیان هەڵوێستی ئازایانە و دلیرانەیان نەگرتبوو بەڵام ئەم جار ئاڵمان بەم شێوەیەی نەکرد و نە تەنیا بەرێکردن و ئیسکۆرت کردنی تیروریستان و قاتڵانی بەرەو تارانی تێدا نەبوو. بەلکوو ئەو بەکرێگیراوە تیروریستانەی محاکەمە و زیندانیش کرد.وەهەروەها زۆربەی وڵاتانی ئوروپا سفیرەکانی خۆیان بۆ ماوەی ٦ مانگ لە تاران کێشایەوە.

دیارە جێگەی خۆی بوو کە پاش دادگای ئاڵمان، دادگایەکی نێونەتەوەیی بۆ سەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی پێک هاتبا. زۆر وێدەچێ ئەگەرکۆماری ئیسلامی ئەو کات لە دادگایەکی نێونەتەوەیی محاکەمە کرابا رەنگە تیروریستان ئاوا بەهێز نەبان و کارەساتی ١١ی سپتامبر روی نەدابا، بەڵام ئەمریکا هەتا زەبری گورج و بڕی وێنەکەوت ئامادە

نەبوو هەنگاوی بەرچاو بەدژی تیروریستان هەڵێنێتەوە و یەکیەتیکی بەکردەوە بە دژی تیروریزم و تیروریستان پێکبێنێ. بەداخەوە ئێستاش ئوروپاییەکان لەو بارەوە زۆر شێلگیرنین.

رێبەری شەهید دوکتور سەعید مرۆڤێکی بوو کە لە حەق و دادپەری دیفاعی دەکرد ولە هەموو تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕانە و ئینسانانە لە سیاسەت دا کەڵکی وەردەگرت و پڕ کارو ماندوونەناس و شۆڕشگێڕ و دێموکڕاتێکی بە تەواو مانا بوو. لە روانگەی ئەو سیاسەت کردەوەیەکی خەباتگێڕانە بوو. گرینگێکی دیکەی دوکتور سەعید توانای ئاڵوگۆڕ لە خۆدابوونە کە ئەوە کارێکی زۆر ئاستەمە بە کەم کەس دەکرێ مەبەست ئەوەیە ئەو کە هەتا ئەندازەیەک بە مرۆڤێکی توند لە هەڵس و کەوتەکانی دا ناسرابوو، بەڵام کاتێک کە ببوو بەسکرتێر توانی بە تەوای خۆی بگۆڕێ و ببێتەباب و هەموو کەسی کادر و پێشمەرگەکان.

دوکتور سەعید بۆ زیاتر بەهێزکردنی حیزبی دێموکڕات زۆری هەوڵ دا، ناوبراو هەوڵیشی دا بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات رێکبخاتەوە و هەتا ئەندازەیەکیش کاری بۆ کرد، بەڵام سەد داخ ومخابن تیروری ناجوامێرانەی ئەو بەدەستی تیروریستانی کۆماری کۆنەپەرستی، مەجالی بۆ درێژەدانی ئەو هەوڵانە و خزمەتەکانی بە گەل ونیشتیمان نەهێشتەوە.

رێبەری لێوەشاوە کاک سەعید زۆری باوەڕ بە هاوکاری گەلان و ئازادیخوزانی ئێران هەبوو.،ئەو وەک حیزبەکەی پێی وابوو کە بە بوونی بەرەیەکی دێموکڕاتیکی حیزب و رێکخراوەکانی ئێرانی روخانی رێژیم مسۆگەر دەبێ کە بە داخەوە گیانی شیرینی لەسەر ئەو هەوڵە شۆڕشگێڕانەیە دانا. بەو ئاواتەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی روخانەکەی زۆر نەخایەنی و گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بتوانن رێژیمێکی دێموکڕاتیک بێننە سەر کار و بە ئاواتە لە مێژینەکانیان بگەن، ئەوکات لەهەموو شارەکانی کوردستان پەیکەری شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد و قاسملوو و شەرەفکەندی دابنرێ.

**هەزاران سڵاو لە گیانی دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانی و هەموو شەهیدانی حیزب وگەل.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٠٦**

## حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ و کورد

حیزبی سوسیالیستی چەپی نـورویژ یەکێک لەو حیزبـانەیە کە لە سـالی ١٣٩١ زایینـی وە لە گەڵ درد و خەمەکانی کورد بـووە و خزمەتـی بەرچـاوی کـوردی کـردوە و دیسـان بەردەوامە لە هەوڵ و پشـتیوانی کـورد. ئەم حیـزبە کـاری بەرچاوی بۆ هەموو بەشەکان کوردستا ن کردوە. پێک هێنـانی چەنـد کۆنفرانس و سیمینـاری گرینـگ لە پـارلەمـانی نـورویژ لە سـالەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ و ٢٠١١ لەسـەر مەسـەلەی کـوردو جینوسـاید و زۆر کوبـونەوەی گرینگـی دیـکە لەلایەکی دیکە کاندیـدکردنی محمەد سەدقیق کەبوودونـد بـۆ وەرگرتنـی خەلاتـی ئاشتی نوبـل لە سـالی ٢٠١١ کە دەیـانەوەێ لە سـالی ٢٠١٣ بـۆ ئەم کـارە بەردەوام بـن. و یـارمەتی سـەرانی کـوردو هەنگـاوی بەرچاونـان بـۆ پەنابەرانی کورد ناسراو بە موف. ئەوانە بەشێکە لە خزمەتە بەرچاوەکانی ئەم حیزبە دلسوز بە کوردە. لە بەشی هاوکاری نیونەتەوەیی ئەم ریکخراوە دا هاتووە کە ئەم حیزبە پشتیوانی لە مـافی نەتەوەکـانی ژێردەست دەکـا. بە حەق ئەم پـارتە لە کـردوە دا لەگەل نەتەوەی بـن دەسـتی کـوردە و جیـاوزای هەیە لەگەل زۆربەی حیـزب و رێکخراوەکانی دیکەی نورویژی و ئوروپـایی کە لە توانـای کورد و ئەنـدامانی حیزبی کـوردی نێو خۆیـان تەنیـا بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی خویان کەڵـک وەردگرن بەڵام لە پراکتیـک دا ئامـادە نیین هیچ بـۆ کورد بکەن. دوایین هەوڵـی حیزبـی سوسیالیسـتی چەپـی نـوویژ، پـروژەیەکە کە دەیـانەوێ جـی بەجـی بکەن. ئەم پـرۆژەیە سـەردانی کوردسـتان و چەند سیمینـاری گرینـگ دەگرێتەوە بۆ ناسین و شناختی زیاتـر لە سەر کـورد وناسـاندنی و هینـانەگۆری پرسی کورد لە میدیای و پارلەمانی نورویژە. لەمێژە ئێمەی کورد ناراحەت وتووڕەین کە بۆ چی مەسەلەی کورد لە میـدیای نـورویژ و ولاتـان و پارلەمانەکانیـان نـایەتە بەربـاس شـاندی حیزبـی سوسیالیسـتی چەپـی نـورویژ بـۆ بەرچاوروونی زیاتری لەسەر دوایین گۆرانکاریەکانی کورد وکوردستان و ئاشنا بـوونی زیـاتر پێش سـەفەرکەیان بـۆ کورستان لەگەل ١٢حیزب ورێکخـراوی چواپـارچەی کوردسـتان لە تەلاری پـارلەمـانی نـورویژ کۆبـونەوە. سیمینـاریکی دوو ونیو کاتژمیری کە زۆر لایەنی کوردی لەسەر کەم و کۆریەکان و بەرپێشچوون و مافی مروڤ ومافی ژنان و زۆر خالی دیکە قسەیان کرد.

رۆژی یەک شەمە ٣ی یوونی ٢٠١٢ هەئیێەتـی حیزبـی سوسیالیسـتی چەپ کارەکـانی خۆیـان لە کوردسـتان دەست پـێ کرد. ئەوان لەگەلە بەرێز عماد ئەحمەد جیگری سەروکی حکۆمەتی هەریم و وەزیری کاروباری شەهیدان بەرێز

دوکتور ئارام ئەحمەد و بەرپرسی پێوندیەکانی دەرووی حکومەتی هەریم فەلاح مستەفا و ژمارەیک ئەندام پارلەمان کۆبونەوە. سەردانی هەلەبجە و قسە لەگەل قوربانیانی چەکی شیمایی و پێک هینانی پرس کۆنفرانسیک بەشیکی دیکە لە هەنگاوەکانی ئەم شاندە بوو.

ئەم هەیئەتە لە گەل رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە کۆبونەوە لەسەر باردوخی کوردی روژهەلات و کارو وتیکۆشانی ئەم حیزبە قسە باسیان کرد و هەروەها ئەوان سەردانی بنکەو بارەگای ئەم حیزبەیان کرد.

شاندی ناوبراو لە شاری سولەیمانیە چاوی بە ئەندامێکی ریبەری حێزبی دیمورکراتی کوردستانی ئێران کەوت.

پاش ٥ رۆژ کاری جیدی و دیتنی باشوری کوردستان و سەرسام مان لە پیشکەوتنەکانی ئەم بەشەی کوردستان و خەمبار بوونی زۆر بە دیتنی مونۆمینت وکەس وکاری قوربانیانی کوردی هەلەبجە و بەدەست هێنانی زانیاری پێوست لە رۆژی پنج شەمە گەرانەوە. جیگەی خۆیەتی کوردیش وەک هەر نەتەوە و دولەتێک بەرژوەندی خۆی لەبەر چاوبێ و هەم وەک نەوەیەکی بە وەفا، وەلامی چاکە وپێ زانین بە چاکە بداتەوە وهەرووەها هێز و توانای خۆی بۆ ئەو لایەنانە بە کارنەهینێ کە لە بەرژوەندی کورد دانین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٢

## پێویستییەکانی سەربەخۆیی باشووری کوردستان

بێگومان پرس و هزری سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد کە لە دنیادا کە وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت دێتە ئەژمار، هەردەم پرسێکی ئاڵۆزو هەرە گرنگ و چارەنووسسازی نێو کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و بزووتنەوە ڕۆشنبیری و سیاسییەکەی بەشێوازێکی تایبەتی بووە. باردۆخی ژئۆپۆلۆتیک و جوگرافیای کوردستان بە گشتی جۆرێک بووە کە لە رابردوو و ئێستادا هەردەم جێی سەرنجی زلهێزەکانی جیهان بووە. ئەگەر کوردستان لە

رابردوودا بە هۆی شەڕ و داگیرکاریی دوو ئیمپراتوریی عوسمانی و سەفەوی و بۆ یەکەم جار لە شەڕی چاڵدێران بوو بە دوو پارچە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، زلهێزەکانی جیهان لە سەرەوەی هەموویان بریتانیا لە ترسی پێشگرتن لە مەترسیی کۆمۆنیزم و یان هەر بەهانەیەکی دیکە دوو پارچەی دیکەشیان لە کوردستان جیا کردەوە. لە ئێستادا هەرکام لەو پارچانە بە هۆی باردۆخی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوەلکاوە لە رووی سیاسی و هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان پێگەو هاوسەنگی و هەڵ و مەرجی تایبەت بە خۆیان هەیە. لێرەدا من تەنیا دەمهەوێ لە سەر ئەو بەشەی کوردستان قسە بکەم کە زیاتر لە بیست ساڵە نیمچە سەربەخۆیە و گرینگیەکی تایبەتی لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچە و جیهاندا کە باشووری کوردستانە، هەیە.

بە رای من لە دوای پەیامەکەی کاک مەسعوود بارزانی لە نەورۆزی ئەم ساڵدا، باسکردن لە سەر بەرەو سەربەخۆبوونی ئەو پارچەیە چۆتە قۆناغێکی دیکەوە و بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە هزر و بیر و هەنگاو نان بەرەو سەربەخۆبووندا. من لەو بابەتەدا دەمهەوێت ئەو پێوەر و مەرجانە باس کەم و بوروژێنم کە بۆ وڵاتێکی سەربەست و سەربەخۆ، گرینگن. ئایا ئەو پێوەر و مەرجانە کە بۆ سەربەخۆ بوونی باشووری کوردستان لەم کاتەدا پێویستن چن؟

هەر وەک لە کەس شاراوە نییە و هەموومان دەزانین کە بەردی بناخەی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ژۆئیەی ١٩٤٥ بە ئیمزای ٥١ وڵات دانرا. بە پێی مادەی سیهەمی جاڕنامەی ئەم ریکخراوە، هەر نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە بەو پێیە کە لەو ماددەیە دائاماژەی پێکراوە، نەتەوەی کورد هەموو مەرجەکانی بوون بە دەوڵەت وەک خاک، فەرهەنگ، زمان و مێژووی تیدایە. لەگەڵ ئەوەش نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان لەگەڵ بوونی هێندێک کەم و کۆوری، ٢٠ سال ئەزموون و سابقەی خۆبەرێوەبردنی هەیە.

کورد نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنییە، هێندێک لەو نەتەوانەی کە ئێستا ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن و سەربەخۆن، حەشیمەتیان لە نێو میلیۆن کەمترە.

پانتایی خاکی باشوری کوردستان نزیک بە ٨٠٠٠٠ کیلومتری چوارگۆشەیە کە لە ٧٩ وڵاتی سەربەخۆ کە لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکاندا ناویان هەیە لە ئاست پانتایی خاک گەورەترە. حەشیمەتی باشووری کوردستان

٢٠% لە کۆی حەشیمەتی عیراق پێک دێنێ و ٥ میلیۆن ونیوە، هەر بەو پێیەش حەشیمەتی باشووری کوردستان، لە ٨٨ وڵات کە ئەندامی ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانن زیاترە. کورد لە عیراق جگە لە نیشتمانەکەی خۆی(باشووری کوردستان)لەم پارێزگایانەی عێراقیش دا بڵاو بۆتەوە: بەغدا، دیالە، بەسرە و نینەوا. لە کەرکووکیش، کە بەشێکە لە خاکی کوردستان کورد لە گەڵ نەتەوەکانی عەرب و تورکمەن و کەڵد و ئاشووری بە شێوەیەکی ئاشتیانە پێکەوە دەژین.

بە پێی راپرسییەک کە ساڵی ٢٠٠٥، بزووتنەوەی رێفراندۆم لە کاتی هەڵبژادنی نوێنەرانی پارلەمانی عێراق ئەنجامی دا ، دەرکەوت کە زیاتر ٩٧% خەڵکی باشووری کوردستان خوازیاری سەربەخۆیی باشووری کوردستانن کە راپورت و دەنگەکان بۆ وڵاتی ئەمریکاش ناردراوە و بەرپرسانی ئەو وڵاتەش لێی ئاگادارن.

پرس و ئیرادەی نەتەوەکان و باوەر بە سەربەخۆیی و گەیشتن بە کاملبوونی ناسنامەی کەسی ونەتەوەیی چەمکێکی گرینگە کە لە میانەی خۆیاندا بوونە بزووتنەوەی چالاکی میژووی مرۆڤایەتی. نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە مافی رەوای خۆیەتی کە سەربەخۆ بێ و ئازاد بژی بەو پێیەی کە مافی سەربەخۆیی لە چەند بریاری نێونەتەوەیی دا دانی پێدانراوە.

بەداخەوە گەلی کورد بە دەیان جار لە رابردوودا مەوجودییەتی رووبەروی مەترسی یەکجار گەورە بۆتەوە و تا سنووری نەمان و پاکتاوکردنی رەگەزی رۆیشتوە. ئاسمیلاسیوونی گەلی کورد لە لایەن نەتەوە سەردەستەکان بە درێژایی دەیان ساڵە بە شێوەیەکی بەرنامەدارێژراو دەچێتە پێش،. جا ئەو تواندنەوەیە چ لە رووی فەرهەنگی بێت یان فیزیکی و یان شێوەکانی دیکە ئەوە دوژمنانی کورد دەستیان نەپاراستوە و بە هەر رێگەیەکی مومکین خەریکی قرکردن وجینوسایدکردنی ئەو گەلە ستەمدیدەبوون. بۆ نموونە کارەساتەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجە لە باشوور و درسیم لە باکوور و کۆمەلکوژیی گوندەکانی قارنێ، قەلاتان، سۆفیان، ئیندرقاش و سەروکانی و زەردە و زۆر گوندی دیکە لە رۆژهەڵات و سینەما ی عامودی(*) لە رۆژئاوای کوردستان نموونەی بەرچاوی ئەو پیلانە شوومانەی دوژمنانی گەلی کورد بوون.

تاکی کورد لە رووی پرسی هاووڵاتیبوون ئەوە وەک شارۆمەند و هاووڵاتی پلەی دوو وپلە سێ سەیر کراوە و

دەکرێ. کوردستان بە نیسبەتی ناوچەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەر دابەش کراوە، کەمترین ئیمکانی ژیان و رەفاهی و ئابووریی بەر کەوتوە و هاوکاری کردنیان زۆرتروەک خێر کردن بەکورد بووە و زۆربەی دەسەلاتدارن بە چاوی دوژمن چاویان لە کورد کردوە. ئەوە ئاشکرایە کە بە بێ دیاریکردنی مافی چارەنووس لە شێوەی سەربەخۆییدا و بێ هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی ناتوانرێ کۆتایی بەو هەموو کیشەو ناعەداڵەتیانە بهێنرێ کە لە درێژایی مێژوودا دەرحەق بە کورد کراوە.

ژمارەی دەوڵەتی نەتەوەیی هەتا دێ لەهەڵکشان و زیاد بوون دایە و لیستی ئەندامەتی لە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان هەر درێژتردەبێتەوە. لێرەدا دەمهەوێت ئاماژە بەو گەلانە بکەم کە لە ١٠ ساڵی دوایی دا بە سەربەخۆیی گەیشتن وئەوزڵهێزانەش ناوبەرم کە پشتیوانیان بوون:

*تەیموری شەرقی، پشتیوان:*

*وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکا، سەربەخۆیی: سالی ٢٠٠٨*
*کۆسۆڤۆ، یەکیەتیی ئوروپا، ٢٠٠٨*
*ئابخازەکان، روسیە، ٢٠٠٨*
*باشووری سوودان، ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان، ٢٠١١*

سوودان بوو بە سەد ونەوە د و چوارەمین ئەندامی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەوەی گەلی کورد بۆ هەنگاو نان بەرەو سەربەخۆ بوون پێویستە بیکات لە گەڵ ئەو ئەرکانەی کە دەکەونە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو رێکخراو و پارتە سیاسیەکانە وە چن؟ من لێرەدا ئاماژە بە هێندێک خاڵ دەکەم:

### ١- رێکخستنی نێومالّی کورد

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی ئوپۆزیسیۆن وحیزب ورێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کورستان پێوستە

لە سەر پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەرنامە و پلانی هاوبەشیان هەبێ. پێویستە ئەوان ناوەندێکی نەتەوەیی پێک بێنن. مەسەڵە چارنووسساز و ستراتیژییەکانی کورد پێوستی بە هاوکاریی هەموو لایەک هەیە و دەبێ هەموویان خۆی لێ بە بەرپرس بزانن. هەر تاکێکی کورد و هەر ڕێکخراوێکی سیاسی دەبێ بەرژەوەندی نەتەوەیی بخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە و گرنگیی تەواوی پێ بدا. یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی بۆ کورد زۆر گرینگە، کورد بە هاوپەیمانیی نەتەوەیی دەتوانێ ڕێ بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئارەزوو و ئاواتەکانی خۆش بکا.ئەگەر مەبەستی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان ئاسایش و سەروەری و دوارۆژێکی باشە بۆ کورد کەوابوو دەبێ هەموو لایەک ڕیگە لە درێژەی ئاڵۆزی و ناتەبایی بگرن و هەموو هەوڵێک لە پێناو سەربەخۆیی و سەربەستی کوردستاندا بێت.

### ٢- بەهێز کردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان

بە خۆشیەوە نەوت و کانگا سروشتیەکانی دیکە کە لە باشووری کوردستان هەن و حکوومەتی هەرێم خەریکی بوژاندنەوە و گەشە پێدانیانە. گەشەکردنی ئەو ژێرخانە ئابوورییە بە فاکتەرێکی گرینگ و سەرەکی دادەنرێت لە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا. هەر وەک دەزانین کە ڕیژیمی سەدام حوسێن ژێرخانی ئابووریی کوردستانی تەواوی لێک هەڵتەکاند و بە شێوەیەکی پلاندارێژراو کردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند کە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری بوون لە رووی جۆتیاری و کشتوکاڵ خاپووری کردن و تەنانەت سەرچاوەکانی ئاوی بە سیمان و چیمەنتۆ وشک کرد. کوردستانێک کە گەنمی هەموو عێراقی دابین دەکرد، بە داخەوە پاش ٢٠ ساڵ لەو کارەساتە ئێستاش نەتوانراوە وەک پێویست ببووژێتەوە. پێوستە هەوڵی جیدی بدرێت کە کوردی باشوور چی دیکە مەحتەل و دەستەوەستانی هاوردەی شتومەکە جوربەجورەکانی کشتوکاڵی وەک تەماتە و هێلکە و سەوزی وسەدان شتی تر نەبێت. بە پێی را و بۆچوونی پسپۆرانی بواری کشتوکاڵ باشووری کوردستان دەتوانێت بە کەلکوەرگرتن لە دەشتەکانی حەریر و شارەزوور بە شێوەیەکی زانستی نەتەنیا گەنمی خۆی بەڵکوو بەشێکی بەرچاوی گەنمی ناوچە دابین بکات.

### ٣- ئامادەکاری لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی

زۆرجار لە مێژووی پرلە کارسات و چەرمەسەریی کورد دا، بەرژەوەندەی زلهێزەکانی جیهان هەر وەک لە سەرەوە بە کورتی ئاماژەم پێدا، لەگەڵ بەرژەوەندی کورد یەکی نەگرتووەتەوە کە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە یەک یان دوو

لە وان بە دژی کورد راوەستن و یارمەتیی دوژمن یان دوژمنانی کورد(وڵاتانی داگیرکەری کوردستان) بکەن یان ئەوانەی کە دەشیانتوانی یارمەتیدەری کورد بن، لە ئاست ئەو دوژمنکارییانەی داگیرکەرانی کوردستان دەر هەق بە کوردیان ئەنجام دەدا، بێدەنگ و بێ هەڵویست بوون. نموونەی هەرە بەرچاو کیمیابارانی هەلەبجە کە هەر ئەو کاتەی سەدام کیمیابارانی هەلەبجە ی کرد سەرانی وڵاتانی عەرەبی لە کووەیت کۆبوونەوەیان بوو، بەڵام نە تەنیا مەحکوومیان نەکرد، بەڵکوو هێندێک وڵات بە راشکاوی پشتیوانیان لێدەکرد. ئەنفالیش کە بە بڕوای من یەکێک لەگەورەترین کۆمەلکۆژییەکانی جیهان پاش شەری یەکەمی جیهانە،لەو نموونانەیە کە زۆر لە دەوڵەتان لە ئاستی بێدەنگ و بێهەلوێست بوون. بەخۆشیەوە ئەمجار بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە گەڵ کورد یەکی گرتووەتەوە و هیچ وڵاتیکی زلهیزی جیهانی دوژمنایەتی کورد ناکا.

بوونی دوستایەتی لە گەڵ وڵاتانی ئوروپایی و بە هێزکردنی پێوندیی بازرگانی وسیاسی لەگەڵ ئەوان بۆ کورد زۆر گرینگە و لە کاتی خۆیدا دەتوانێت یارمەتیدەرێکی باش بن. هەر وەها پیوندیی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری هەریمی کوردستان بە تایبەت تورکیە بۆ کورد بایەخی زۆری هەیە. نەتەوەی عەرب، خاوەنی ٢٢ وڵاتن، بوونی پیوندەی لەگەڵ ئەوانیش بە تاییەت وڵاتانی دەوروبەری هەرێم و کەنداو بایەخێکی گرینگی بۆ کورد هەیە.

گەلی کورد دەبێت حیسابی ئەوە بکا کە وڵاتان یان وڵاتێکی گەورەی ناوچە بۆ نموونە ئێران لە کاتی راگەیاندنی سەبەخۆیی کوردستان دا بایکوتی تەواوی باشووری کوردستان دەکا بۆیە پێویستە هەموو ئامادەکارییەک بۆ ئەو کات کرابێ.

### ٤- پرسی ناوچە دابڕاوەکان

ناوچە دابراوەکان، نزیک %٥١ی خاکی باشووری کوردستان پێک دێنن. نە تەنیا کەرکووک کە خاوەنی نەوتە هەر بستێک لە خاکی کوردستان گرنگیی خۆی بۆ کورد هەیە. دیارە لە شۆرشی ئەیلوولیش، کورد ئامادە نەبوو سازش لەسەر کەرکووک بکا. بە پێچەوانەی ئیددیعای هێندێک لە نەیارانی کورد کە پێیان وایە کورد تەنیا لە بەر نەوت گرنگی بە کەرکووک دەدا، نا کورد هەربستێکی کەرکووک و هەرناوچەیەک کە بەشێک لە خاکی کوردستانە بە نیشتیمانی خۆشەویستی خۆی دەزانێ و بەلایەوە گرینگە کە بستێکیش لە خاکی کوردستانی خۆشەویست لە دەست

نەدا. کورد چاوی لە خاکی کەس نەبڕیوە و ناشیهەوێ خاک و نیشتمانی خۆی لە دەست بدا. هەر بۆیە پێویستە یەکگرتووانە و بە هاودەنگی کار بۆ وەسەریکخستنەوەی ناوچەدابڕاوەکان بکا و هەموو هەولێک لەو پێناوە دا بدا. پێویستە کەبۆ ئەم مەسەلەیە هەموو ریگا قانوونی ویاساییەکان بگرێ .تەنانەت لە گەڵ ئەم پرسە تا گەیاندنی بە ناوەندە نێونەتەوەییەکان، وەک دادگای نێودەوڵەتییەکان و... بڕوا.

## ٥- کۆمەلگایەکی دیموکراتیک

هەوڵدان بۆ باشتر جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسی و عەداڵەتی کومەلایەتی وپاراستنی مافی مروڤ لە کوردستان بەردی بناخەی پاراستنی ئەزموونی هەریمی کوردستانن.

کاتێک دادپەورەری دابین و نهادینە بکرێ و کاتێک بنەماکانی دیموکراسی لە بەرەوپیش چوون دابن، کاتێک هەر کوردێک مافی پارێزراوبێ ،ئەوکات هەر تاکێکی کورد ئامادەیە بەو پەری دلسۆزییەوە کارو خزمەتی نیشتمانی خۆی بکا. رووح و گیانیش پێشکەش بە کوردستان بکا.

## ٦- هوشیاری نەتەوەیی.

لەگەڵ ئەوەی کە کورد نەتەوەیەکی کۆن وخاوەنی مێژوویەکی چەند هەزارساڵەیە و بەخەباتی دووروردرێژی خۆی و بە قوربانیدان و مایە دانان لەگیان و ماڵ هۆویەتی خۆی پاراستوە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار دوژمنانمان لە سادەیی کورد ئەو پەرەی کەڵکی خەراپیان وەرگرتوە. زانست و خۆیندواری بۆ کورد زۆرگرینگە لە دامەزراندن و بەرێوەبردنی ولاتێک، بۆیە کورد دەبێ هەنگاوەکانی بۆ ئەم بوارانە دا چالاکانەتر بێ. مروڤی خۆیندەوار هوشیارترە و زیاتر دەتوانێ دەردەکانی خۆی و گەلەکەی چارەسە بکا. میدیای کورد بە بوونی دەیان کاناڵی تەلەڤزیۆنی و روژنامە و،... وەک دەسەلاتی چوارم دەتوانن رۆلێکی گرینگ بگێرن لە زیاتر هوشیار کردنەوەی تاکی کورد.

## ٧- بوونی ناوەندیکی بە هێزی ستراتیژی

ناوەندێک کە لە کەسانی بە توانای ئاکادیمی لە بواری زانستە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان و حوقووقی

نێودەوڵەتی و کەسانی سیاسیی بە ئەزموون پێک بێت کە کاربکەن لە سەر ئەو کەیسانەی کە بۆ کورد گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، وەک: هۆیەکانی شکستی شۆڕشەکانی کورد و هۆیەکان سەرکەوتنی نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت سەرکەوتنی نەتەوەکانی سوودان، تەیموری شەرقی و باشووری سوودان. زۆرتر کاری خەسارناسی بکا، خەریکی دانانی پلانی گونجاو بیت بۆ دەوڵەتی کوردی کە لە گەڵ بارودۆخی نەتەوەی کورد وکوردستان بگونجێت، هەروەها لێکدانەوەی بارودوخی ناوچە و هەڵوێست و دژکردەوەی ولاتانی ناوچەکە لە ئەگەری راگەیەنرانی دەوڵەتی باشووری کوردستان دا بکا. پێوستە کورد هەموو فاکتورەکان و ئەگەرکان بخاتە بەرچاو و هەڵسەنگاندنی ورد و دقیقی بۆیان هەبێ و بۆ هەرئەگەرو گرفتێک رێگا چارەی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

### ٨- دروستکردنی زمانێکی ستاندارد

***زمان یەکێک لە پێکهاتە هەرە گرنگەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکە. زانایەکی گەورەی فەرانسەیی دەڵێ:***

نیشتمانی من زمانی فرانسییە. حەق وابوو کورد لە ماوەی ٢٠ ساڵ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستاندا هەموو ئاسانکارییەک بۆ زمانی ستانداردی کوردی کردبایە. بەبوونی کۆڕێکی زانیاریی بەهێزی کورد و هەڵگرتنی هەنگاوی جیدی پێویستە ئەم کارە بە زووترین کات بکرێ. پێویستە لە تواناکانی زانایانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ ئەم ئەرکە گرینگە سوود وەربگێرێ.

### ٩- خانەی داد

لە هەر ولات و سیستەمێکدا کە بەشی قەزایی بەشێکی جیاواز بێ و دەسەلاتداران و دەست لە کاروباری ئەم بەشە وەرنەدەن، رێگا بۆ دادپەرورەی خۆش دەبێ و خەڵک زۆر بایخ دەدەن بە سیستەمی بەڕێوەبەریی ولات.کاتێک دەسەلاتدارنی ولاتێک دەست لە کاروباری داد و قەزایی ولات وەربدەن و ریگا نەدن قانوون وياسا سەروەربێ ئەوە بێباوەری بە سیستمی ولات پێک دێ و بەرە بە رە تورەیی ونارەزایەتی کۆمەلانی خەلکی لێدەکەوێتەوە.

### ١٠- گەران بە دوای پشتیوانێکی بەهێز

کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانیانەوە دەتوانن باشترین پشتیوان و

یارمەتیدەر بن بۆ دەوڵەتی باشووری کوردستان. دەبێ زۆر بایەخ و گرنگی بەم پتانسیەلانە بدرێ کە بەداخەوە، حکوومەتی هەریمی کوردستان گرنگی و بایەخیکی کەمی بە بەشەکانی دیکەی کوردستان داوە. ئەو حیزب و رێکخراوە سیاسیانە کە لە ژوورەوە ودەرەوەی کوردستانن سەرجەم و پێکەوە هێزێکی گەورەن. لەدەرەوەی کوردستان ئەوان لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژ کارو تێکۆشانیاندا زۆر دۆست و پشتیوانیان بۆ کورد پەیدا کردوە. دەکرێ لە هەموو تواناکانی نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بۆ دامەزاندای دەوڵەتی باشوور و پشتیوانی لێکردنی کەڵکی پێویست وەرگیرێ. پێکهێنانی کۆنفرانسی لاوان و ژنانی چوار بەشی کوردستان گرینگیی زۆری هەیە کە هیوادارم کەندو کۆسپەکان وەلابنرێن و وانەبێ هیچ بەشێک بە هەر هۆیەک نەتوانن بەشداریی تێدا بکەن و کونگریەیی نەتەوەیی لە ئاستێکی باڵا و بە بەشداریی چالاکانەی هەر چوارپارچە پێک بێت، وابێت نیزیک بەهەمووی کورد بە کۆنگرەی خۆیانی بزانن و ئامادە بن هەنگاو بۆ بریارەکانی هەڵێننەوە.

## ١١- دیپلۆماسی و ریزبەندییەکان

باشترین ریگای دیپلوماسی بۆ چارەسەری کێشەیەک ئەوەیە کە رێگا چارەسەرێک بدوزرێتەوە کە هەموو لایەنەکان پێ رازی بن. بە خۆشیەوە کورد توانای سیاسی و دیپلۆماسیی چۆتە سەرێ و توانای پێکهینانی دەوڵەتی کوردی هەیە، کورد لە گەمە سیاسیەکان دا پێوستە باش عەمەل بکا.

### لە رۆژهەلاتی نێوەراست ریزبەندیی هێزەکان بەو شێوەیە:

١- ئەمریکا، ئیسرائیل، عەرەبستان سەعودی، تورکیەو چەند ولاتیکی عەرەبی ناوچە کە ئەوان دەوریان کەمترە.
٢- روسیە، ئێران، عیراق (دەوڵەتی مالکیی سەر بە ئێران) سووریە، حێزبوللای لوبنان.

کورد لە ریزبەندی یەکەم زۆر نیزیکە و پێویستە پێوەندی دیپلۆماسیی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ریزبەندی دووهەمیش بە باشی بهێڵێتەوە. جگە لەمانە پێوەندی چڕ وپڕ لە گەڵ زۆربەی وڵاتانی دیموکراتێکی ئوروپایی دا گرینگیی زۆری هەیە.

**بە کورتی کورد پێوستە بۆپەیداکردنی دوست وپشیوانی زیاتر هەوڵ بدا.**

**بەو هیوایەی کوردیش لە ماوەیەکی نزیکدا وەک باقی گەلانی دونیا بتوانێت بە ئازادی و سەربەخۆی بگات، ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە نەسلی ئەو سەردەمەین، با نەسلێک قوربانی بن لە پێناو نەسلەکانی داهاتوودا. ئەوەی ئێستا بۆ تاکی کورد بۆتە گرێی دەروونی نەبوونی هۆویەتە. تۆ ناتوانی باس لە وڵاتێک بکەیت کە لە خانە و چوارچێوەی ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا نییە. بۆیە ئێمە ئەو شانازییە بۆ منداڵەکان و نەوەی داهاتوومان دابین بکەین کە ئەوانیش وەک نەتەوە لە جوگرافیای سیاسی جیهاندا بوونیان هەبێت و شانازی بە نیشتیمان و کیان و کوڵتووری خۆیانەوە بکەن.**

**لە ژمارەی ٥٨٥ رۆژنامەی کوردستان دا چاپ بڵاو بوەتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٢**

---

## بەرەو یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بارەی گرنگیی بڕیاری دادگای میکۆنووس

**بێ گومان زۆر نین ئەو دادگایانەی کە ناویان کەوتووەتە سەر لاپەڕەی مێژوو ، دادگای نورمبێرگ، دادگای تۆکیۆ و رەنگە چەند دادگایەکی ناسراوی دیکەش لە جیهان دا هەن. لەگەڵ ئەوانەش وەک ئەم دادگا ناسراوانە، دادگای میکۆنووسیش ناوی کەوتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو. میکۆنووس گۆڕەپانی شەڕێکی گرینگ بوو لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران لە نێوان رێژیمێکی تیرۆریست و جەنایەتکار و نوێنەرانی گەلێکی تەواو غەدرلێکراو.**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیرۆری دوکتورسادق شەرفکەندی و هاوڕێیانی توانی زەبرێکی نیزامیی گەورە لە کورد و**

حیزبی دیموکراتی کوردستان بدا، بەڵام لەباری سیاسی، تەبلیغی و دیپلۆماسی لە ئاستی بیروڕای گشتیی جیهانی دا دۆڕاندی و زۆر شەرمەزاربوو. ڕێژیم زیاتر لە ٥٠ فەقەرە تێرۆری لە ئورووپا ئەنجام دا کە ٨٩ کەس لەڕیبەران وچالاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕیکخراوە سیاسیەکانی دیکە و کەسانی ناوداری کوردستان وئێران بوون. هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ کادرو پیشمەرگە و ئەندامی حیزب و ڕیکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە زۆربەیان لە تێکۆشەرانی دیموکرات بوون لە باشووری کورستان و تورکیەتێرۆر و شەهیدکران. کۆماری ئێسلامی لە هەمووی ئەو تێرۆر و جینایەتانە بێ لێ پرسینەوە وموحاکەمە رزگاری ببوو و هەر جار رووهەڵماوانەتر لە پێشووبۆ ئەنجامی تێرۆری دیکە هەنگاوی نابوو و ئەگەر لە وڵاتێکی وەک فەرانسە لە سەر قەتلی شاپور بەختیار چەند کەسێکی گێرابێ، نە دەنگدانەویەکی هەبوو و نە کارێگەرییەکی زۆری لە سەر ڕێژیم دانابوو.

### *چەندین هۆکار هەبوون کە هەرجارە ڕێژیم لە دەست لێکۆڵینەوە و عەدالەت رزگاری بێ و درندەتر لە پێشوو بەرەو خۆینرشتنێکی دیکە بچی:*

١- قوربانیکردنی دادپەروەری سەبارەت بەرژەوەندی بازرگانی و ئابووری لە لایەن ولاتانی ئورووپایی

٢- ترس و نیگەرانیی وڵاتانی ئورووپایی، لە ئێفشاگەریی کۆماری ئیسلامی لە سەر ساتوسەودا و پیوەندییە نهێنییەکانیان و هەر وەها لەعەمەلیاتی تێرۆریستی لە خاکی ئەوان دا.

کۆماری ئێسلامی لە دوو سال پاش هاتنە سەرکاریەوە، بە پێی بەرنامە زۆر بە جیدی هەوڵی بۆ لە ناوبردنی دژبەرانی خۆی هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات داوە و بەداخێکی زۆرەوە، سەرکەوتنی زۆرێشی بەدەست هێنا. بالوێزخانەکانی کۆماری ئێسلامی و بنکە بە رواڵەت فەرهەنگی و ئایینییەکانی سەر بەو ڕێژیمە باشترین شوێن بو دانانی رایەڵکەی جاسووسی وسیخوڕیی ڕێژیم لە ولاتانی ئورووپایی بووە. کرینی ئەفراد و بوونی سیخوڕ و ناردنیان بۆ ناو ڕێکخراوکان و تەماع وەبەڕنان و هەڕەشەلێکردن و زۆر کردەوەی دیکە، کاریگەریی هەبوو لە سەر سەرکەوتن و لە بە ئەنجام گەیاندنی پیلانە رەش ودزێوەکانی ڕێژیم. کۆماری ئیسلامی شارەزایی تەواوی لە نەرم ونیانی و ترس و پاریزی زۆری ولاتانی ئورووپایی هەبوو بۆیە لە ئەنجامدانی هەرتێرۆرێک ترس و خۆفی نەبوو.

**با تیرۆرێک و کردەوەی ڕێژیم پاش ئەنجامی تیرۆرکە بهێنمەوە:**

***تیروری ڤییەن، شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی***

**پۆلیس و دەزگای ئەمنییەتیی دەوڵەتی ئوتریش بەهۆی لە دەستدابوونی نەوار و لەدەست دابوونی یەکێک لە بریندارەکانی تیرۆری دوکتورقاسملوو و هاوڕێیانی، زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە بریاردەر و ئەنجامدەری تیرۆرەکە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەی لەقاودان و ئاشکراکردنی کرینی بە نهێنیی چەک لە دەولەتی ئوتریش و هەڕەشە لە شارۆمەندانی ئوتریشی کە لە ئێرانن توانی پێشگیری بکا لە راگیرکرانی دیپلۆمات تێرۆریستەکانیخۆی لە لایەن دەولەتی ئوتریشەوە و بەرپوەچوونی لێکۆلینەوە و پێکهاتنی دادگا و هتد. لە ئاکامدا پێشی بەوە گرت راستییەکانی پێوەندیدار بەو پیلانە رەشە و ئەم جینایەتە گەورەیە ئاشکرا بکرێ و قاتلان بە سزای خۆیان بگەن.**

**دەولەتی ئوتریش بە بوونی ئەو زخت و زۆرە و سەبارەت بە بەرژەوەندە بازرگانی و سیاسییەکانی ریگای لە جێبەجێ بوونی پرۆسەی دادپەروەری وعەدالەت گرت. ئەو دەوڵەتە چاوی لە ئاست هەموو راستییەکان نوقاند و سوودێکی بازرگانیی زۆری لە مەعامەلە لە سالەکانی دوایی دا دەست کەوت. حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی دژی بریاری دەوڵەتی ئوتریش لە سەر داخستنی پەروەندەی ئەو تیرۆرە بوەستیتەوە و کۆماری ئیسلامی لە مەرتێرۆری دوکتورقاسملوو وهاوڕێیانی بکێشێتە دادگای نێونەتەوەیی، دەبوولەگەڵ تەوایەتی دەوڵەت ودەزگای قانوونیی ئوترێش رووبەروو بێ. ئەوەش لە توانی نەتەوەی کورد وحیزبی دیموکرات دا نەبوو. دەوڵەتی ئوترێش نایەوێ ئەو شەرمەزاری و سووکایەتییەی تووشی بووە زۆرتربێت و لە ئاستی جیهانی دا لێی ئاشکرا بێ بۆیە ئێستاش ناهێلێ پەروەندەی قەتلی دوکتور قاسملوو وهاوڕێیانی بکرێتەوە هەرچەند ئەو پەروەندەیە لە ویژدانی هەموو کوردێک بە تایبەتی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ هەتا هەتایە بە کراوەیی و زیندوویی دەمێنێتەوە.**

**بۆیە باسی تێرۆری شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کرا هەتا جیاوازیی نێوان دادگای میکۆنووس و سیستەمی قەزایی ولاتی ئەڵمان لەگەڵ دەزگای قەزایی و دەولەتە بەرژەوەندخواز و سوودپەرستەکانی دیکەی ئورووپایی بەتایبەتی دەوڵەت و بەشی قەزایی ئوتریش بۆ زۆر لایەن باشتر دەرکەوێ.**

## جیاوزییەکانی دادگای میکۆنووس

١- دوای دووهەمین شەڕی جیهانی بۆ یەکەمین جار بوو دادگایەکی موعتەبەر و دادستانی ئالمان باسی تێرۆری دەوڵەتیی وڵاتێک واتە کۆماری ئیسلامی بهێنیتە گۆڕێ.

٢- زیاتر لە ٥٠ فەقەرە تێرۆر وکوشتار لە دەرەوەی ولات لە ئورووپا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرابوو و ٨٩ کەس لە رێبەرانی حیزب و ریکخراوەکانی کورد و ئێرانی بە هۆی ئەو تێرۆرانەوە گیانیان لێ ئەستێندرابوو، بەڵام دادگایەکی عادلانە پێک نەهاتبوو کە لە بکەر و ئەنجامدەرانی تێرۆرەکان لێپرسینەوە ولیکۆلینەوەی جیددی بکا وکۆماری ئیسلامی دادگایی بکا (دیارە زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش لە باشووری کوردستان وتورکیە تیرورکرابوون).

٣- ئەوە لە مێژوو دا یەکەم جار بوو کە بە هۆی بەشی قەزایی سەربەخۆ و ئازایەتی و فیداکاریی دادستان ودادوەران ژمارەیەک لە رێبەرانی وڵاتێک کە هێشتا لە سەر کورسیی دەسەڵاتن بە تیرۆر و کوشتن و بڕیاردەر و عامیلی کۆشتار تاوانبار دەکران.

دادگای میکۆنووس و رۆڵی مێژووییەکەی و رۆلی قازییەکان و شاهیدان

کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی(ویژە)یان کۆمیتەی کۆشکی فیروزە

چونکە ئەو کۆمیتەیە کۆبوونەوەکانی پیوەندیدار بە تێرۆر و کوشتنی لە کۆشکی فیروزە ئەنجام دەدا و بڕیارەکانی لە وێ دەدان، بۆیە بە کۆمیتەی کۆشکی فیروزەش ناوی دەبرێ.

***پێکهاتەی کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی (ویژە) یان کۆمیتەی کۆشکی فیروزە:***

| | |
|---|---|
| * ڕیبەری نیزام | خامەنەیی پیشتریش خۆمەینی |
| * سەرۆک کۆمار | عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی |
| * وەزیری دەرەوەی ئێران | عەلی ئەکبەر ویلایەتی |
| * وەزیری ئیتلاعات | عەلی فەلاحییان |

* فەرماندەی سپای پاسداران     موحسین رەزایی

رەمزی عەمەلیات»: فریاد بزرگ علوی» رەمزی عەمەلیات، رەمزی نێوان سەفارەتی کۆماری ئێسلامیی ئێران و کۆمیتەی ئەمنیەت لە نێوخۆی ئێران بوو.

پاسپورت: پاسپۆرتی تایبەت لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانئامادە دەکرا کە ئەگەر کەسێک گیرابا لە مافەکانی تایبەت بە یاسای دیپلۆماسی (مصونیت سیاسی)ی کەڵک وەرگرێ و زیندانی نەکرێ و ئازاد بکرێ.

شاهیدەکان: ١٨٠ شایەت و تاوتوێکردنی هەزاران لاپەڕە بە بەڵگەوە.
کۆبوونەوە(جەلەسە(ی دادگا ٢٤٧: جەلەسە
ماوەی دادگا: سێ سال ونیوی کێشا
خەرج ٩: میلیۆن مارک، دادگای میکۆنووس یەکێک لە پرخەرجترین دادرەسی یەکانی مێژووی وڵاتی ئاڵمان بووە.
تومەتبار لە روانگەی کۆماری ئێسلامیەوە: هەموو جارێ رێژیم تێرۆرەکانی ئەنجام داوە و خەتاکەی خستۆتە ئەستۆی ئوپۆزیسیۆنی کورد وئێرانی کە ئەوە بۆ خۆیان لە بەر کێشەی نێوخۆ یەکتریان کوشتوە.

### باڵوێزی کۆماری ئێسلامیی ئیران لە ئاڵمان(بۆن):

لە دادگا روون بۆوە کە حوسێن مووسەویان باڵوێزی کۆماری ئێسلامی کە تیرۆر و قەتلی رێبەرانی کوردی بە سەر ئۆپۆزیسیۆن دا هێنابوو و سوێندی لە سەر خواردبوو، دەرکەوت کە ناوبراو نەک هەر لە تێرۆری میکۆنووس دا بەڵکوو لە زۆربەی تێرۆرەکانی ئورووپا دا رۆلی بنەرەتیی گێڕاوە.

شاهیدەکان: بنەماڵەی شەهیدان بە وکیلەکانیانەوە توانیان کاریگەریی زۆر ئەرێنیان لەسەر دادگاهەبێ و لەگەڵ ئەوەش نەخش و روڵی حیزبی دیموکرات وئوپۆزیسیۆنی ئێرانی و چەند کەس کە لە کۆبوونەوەی میکۆنووس بە سلامەتی رزگاریان ببوو گرنگیی زۆری هەبووە (ئەوانی رزگاریان بوو بۆ پیوەندی و گەیاندنی راستیە کان بە میدیای ئالمان رۆلی باشیان هەبو.)

بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر، رۆڵ و نەقشی دوو کەس بۆ دەرکەوتنی راسییەکان زۆر زیاتر بوو و کاریگەری سەرەکی هەبوو لە سەر بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەی دادگایی کردنەکە.

١- بەنی سەدر سەروک کۆماری پێشووی ئێران

٢- ئەبولقاسم میسباحی مەئمورێکی ئیتلاعاتیی رژیمی ئێران (کۆماری ئیسلامی دەستوری کوشتنی ناوبراوی دابوو و خێزانیشی لە سەری کردبووە جاسووس. ناوبراو توانیبووی لە ئێران هەڵێ و لەپێشداش پێوندیی لە گەڵ بەنی سەدر پێک هێنابوو).

دیارە پێویستە نەقش و رۆلی دەسەڵاتی چوارەم واتە میدیای ئازادی ئالمان، کانالەکانی راگەیاندن، لە گەیاندن وباسی تیرۆری میکۆنووس و دادگاکەیدا بە هێند بگیرێ و بەحەق نەقش و رۆلی خۆیان باش نواند.

تاقە یەک شت لە دادگا روون نەبۆوە و هەتا ئێستاش بە ناروونی ماوەتەوە کە کێ کام سێخور لە ریستوران یان دەرەوەی ریستوران لە کاتی کوبوونەوەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران زەنگی بۆ تیرۆریستان لێ داوە و لە جەریان وکات و گەیشتنی ریبەرانی دیموکرات بۆ رێستوران ئاگاداری کردوونەوە.

**بریارە مێژوییەکەی دادگای ئالمان:**

***رۆژی پێنج شەمەی ١٠ ئاوریلی ١٩٩٧ حوکمێکی ٤٠ لاپەڕەیی بە هۆی دادگای میکۆنووس دەرچوو:***

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گەڵالە دارێژ و بەرێوەبەری تێرۆری شەرەفکەندی و هاورێیانی مەحکووم کران. حوکمی گرتنی وەزیری ئیتلاعاتی ریژیم، حوجەتولئیسلام عەلی فەللاحیان دەرکرا.

میکۆنووس ئەو مانایەی بەخشی بە گەلی کورد، داننان بە حەقانییەت ومەزلوومیەتی گەلێکی زۆڵملێکراو و لەقاودانی کردەوە دژەمرۆڤانەکانی رێژیمێکی تیرۆریست لە بەرزترین ئاستیدا، ناساندنی کاربەدەستانی پایەبەرزی رێژیم وەک بریاردەر، خامەنەیی، رەفسەنجانی، ویلایەتی و فەللاحیان بۆ ئەنجامی ئەو جینایەتە سامناکە بە

جیهان ریسواییەکی زۆر گەورەبوو کە ریژیم لە ماوەی ٢٠ سال دا تووشی ئابرووچوونێکی ئاوا گەورە لە ئاستی جیهانی دا نەببوو.

## رۆلی حیزبوللای لوبنان:

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک رێژیمێکی تێرۆریست بۆ دوو مەبەست یەکیان تێرۆر و سەرکوتی دژبەران و جیابیران و دووهەم بۆ ناردنی شۆرش بۆ دەرەوە پێویستی بە هێزی دیکەی وەک حیزبوڵلای لوبنان و حەماس و چەند بزووتنەوەی دیکەش وەک سپای مەهدی لە عێراق، جەهادی ئیسلامیی فەلەستین و هتد هەیە و هەرکام لە م گرووپانە لە شوین وجێگای خۆیان بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی کەلکی پێویستیان لێ وەردەگرێ. دیارە زۆربەیان وەک بازووی نیزامیی رێژیم و وەک سپای پاسداران و یان سپای قودس کەلکیان لێ وەرگێراوە و وەردەگێرێ. حیزبوڵلای لوبنان کە سالانە چەندین میلیۆن دولار لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرێ، لە بە ئەنجامگەیاندنی تێرۆری میکۆنووسدا نەقشی زۆر گەورەی گێرا و هەروەها لە سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی ئێرانیشدا زۆر جار نەقشی هەبووە. بە پشتیوانیی رێژیم حیزبوڵلای لوبنان بوتە هێزیک کە لەسەر زۆر شتی لوبنان بریاردەرە. لە تیرۆری میکۆنووس جگە لە دارابیی خەلکی ئێران، زۆربەیان لە بەکرێگیراوانی حێزبوڵلابوون کە گیران و زیندانی کران. ئەوە دەری دەخا کە پارە خەرج کردن و بەکرێگرتنی ئەو دەستە و گرووپە شیعانە بۆ ئەنجامدانی مەبەستە گلاوەکانی رێژیم چ گرنگیەکی هەیە.

## تێرورێزیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای بریاری دادگای میکۆنووس:

پاش بریاری دادگای میکۆنووس، ئالمان و تێکرای وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و پێوەندییەکانی ئێران لە گەڵ ئەو وڵاتانە تووشی قەیرانی سیاسی بوو. ئەوە ٦ مانگی خایاند واتە هەتا سەرکەوتنی محەمەد خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا درێژەی کێشا. پاش ئابرووچوونی رێژیم لە ئاستی نێونەتەوییدا، دادگای میکۆنووس کاریگەریی زۆری هە بوو کە کۆمەلانی خەڵکی ئێران دەنگ نەدەن بە کاندیدی قوڵی توندرەو و پاوانخواز و دەنگی خۆیان بدەن بە ریفورمخوازانی ئێران و کاندیدی ئەوان واتە محەمەد خاتەمی. رێژیم کە بەلێنی بە وڵاتانی ئورووپایی دا کە ئەو کردەوانە لە ئورووپا دووپات نابنەوە، باڵوێزی وڵاتانی ئورووپایی بۆ ئێران نێردرانەوە.

پاش ئەوەی کردەوە تێرۆریستیەکانی رێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە قاو دران و شەرمەزاریان بۆ ریژیم پێک هێنا،رێژیم لە دەرەوەی ئێران لە ئوروپا و باشووری کوردستان و تورکیە دەستی لە ئەنجامدانی تێرۆر هەڵگرت، بەلام ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە زۆر جینایەت و کۆشتار لە نێوخۆی ئێران دا کران بۆ نموونە کۆشتنی نووسەران و سیاسیە جیا بیرەکانی وەک، داریووش و پەروانەی فروهەر و موختاری، پوویەندە وژمارەیەکی زۆر دیکە کە ئەم قەتلە زنجیرەییانە کتێبیان لە سەرنووسراون وبە «تاریک خانەی ئەشباح» ناویان دەرکرد کە پاش ماەیەک هەموویان ئاشکرابوون و دەرکەوت کە ئەو جینایەت و کۆشتارانە هەموویان کاری وەزارەتی ئێتلاعاتی ریژیمن.

عەباس ئەمیرئینتیزام کۆنترین زیندانیی سیاسیی ئیران و وسەمبۆلی خۆراگری لە زینداانی ئێوین وتی لە ئاسۆی بریاری دادگای میکۆنووس شەقبردن و لەرزینی بناغەکانی دەسەلاتی نیزامی جینایەتکار و خوێنرێژی کۆماری ئێسلامی بەدی دەکرێ.زۆر کەس پێی وابوو ئەم دادگایە دەنگدانەوەیەکی یەکجار گەورەی هەبوو وئورووپا و هەموو جیهانی هەژاند و نارەزایەتییەکی گەورەی بەرەورووی رێژیمی ئێران کردەوە.

٧ سال پاش بریاری دادگای میکۆنووس بە هیممەتی مونیکا تیلمەن شارەداری ناوچەی شارلوتن بورگ ویلمرزدورفی ئالمان لەوحی لەبیرمانەوە لەبەر دەم دادگای میکۆنووس دادەنرا کە سەدان کورد لە سەرانسەری ئورووپا بۆ بەشداری لە مەراسمی دانانی لەوحی لەبیرمانەوە و رێز گرتن لە شەهیدانی میکۆنووس و خانمی مۆنیکا تیلمەنی شارەداربەشداری ئەم رێورەسمە بوون.

لەکۆتایی دا دەپرسین ئاخۆ ئەگەر لە ئوتریش داددگایەکی عادلانە لێکۆڵینەوەی لەتێرۆری دوکتورقاسملوو وهاوڕێیانی کردبا، ئەرێ تێرۆر و کۆشتاری میکۆنووسی ئالمان رووی دەدا؟ ئەگەر ئەمرۆ یەکیەتیی ئورووپا بە هاوکاریی ئەمریکا تەحریمی ئابووریی رێژیمی ئێران دەکەن، زۆر زووتر بۆ پێشگیری لەتێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران و تەمبێی ئەوان ئەو کارەیان کردبا و پێشیان لە سەدان تیرور لە ئورووپا و جیهان دا نەدەگرت؟ ئاخۆ ئەگەر ئەو کارە کرابا کۆماری ئێسلامی دەیتوانی یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ ئەلقاعیدە لە سەرانسەری جیهان بێ وئەلقاعیدەش دەیتوانی بە بێ پشتیوانێکی بەهێز بە تایبەت کۆماری ئێسلامیی ئێران، کارەساتی ١١ی سێپتامبری ئەمریکا بخۆلقینێ؟

وەک نووسەری ئەم دیرانە لە بیستەمین ساڵیادی تیرۆری شەهیدانی میکۆنووس و هەموو شەهیدانی حیزب وگەڵ سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم و هیوادارم بە کاری جیددی و بە بەرنامە، ئاواتی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی کورستان وەدی بێن.

لە ژمارە ٥٨٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---

## بۆ سایتی هەمیشە سەرسەوز و ماندویی نەناسی گیارەنگ!

سڵاو دەنێرم بۆ سایتی بە ئەخلاق و بە پرنسیپی گیارەنگ. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم سایتە هێچ سانسورێکی لە سەر نییە، بەڵام خۆینەر شتی نالەبار و بێ پرنسیپی قەت بەو سایتەوە نەدیوە، ئەوە وەک شانازێک بۆ بەرێوەبەری ئەم سایتە دەمێنێتەوە. ساڵێکی دیکە بە ئەزموون وتەجروبە ئەم پێگە ئەلکترونیکە زیاد بوو.

پێگەیەک کە خەریکە ببێتەناوەندێکی بە هێز لە نێوان بەشێکی زۆر لەنووسەران و خۆینەران و بەشێک لە کۆمەڵگاکەمان.
ئەم سایتە لە پەرە پێدان و بەهێز کردنی بیر و هەزری نەتەوەیی و گەشە پێ دانی فەرهەنگ و کۆلتوری نەتەوەکەمان رۆلی باشی هەبووە.

ئەوەندی من بزانم رۆژی دامەزرانی سایتی گیارەنگ واتە ٢٤.٤ رۆژی بۆمبارانی شاری ناسراوی قەڵادزێیە، کە بە عەمد ئەم رۆژە دیار و هەڵبژێراوە و ئەمە زۆرتر بایەخ و ئەرزشی ئەم پێگە ئەلکترونیکییە زیاتر دەکا.

لە لایەکی دیکە ناوی گیارەنگ یاد و بیرەوەی کێوێکە کە مەکۆی قارەمانان و زۆر شەهیدی کوردستانبە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە ئەمە شەهیدە - سەربەرزەکانی جولانەوەی شۆرشگێری ٤٧ - ٤٦ یش دەگرێتەوە،

هەروەها گیارەنگ دەنگیکوردستان دەنگیحەق بێژیشۆڕشی کوردستانی ئێرانمان وەبیر دێنێتەوە کە ساڵیانێکی زۆر، زۆر ڕۆژان باسی چالاکی و قارەمانەتی هێزی بە هێزیگیارەنگی دەکرد کە ئەو بیروەریانەمان لە بیرو زینمان دا زیندو دەکاتەوە ودیلێتەوە.

دەبێ بگۆترێ ئەم سایتە وەک باغێک بە میوەی جوراجور یان گوڵخانەیەک بەعەتر و گوڵی هەمەرەنگ دەچێ کە هەموو بابەتێکی تێدایە.

لە کۆتایی دا ئاواتە خوازی سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئەم سایتەمو لە پێشمەرگە و کادری ڕۆژە سەختەکانی خەبات بەرێز و تێکۆشەر کاک حەمەرەسوڵ هەر ئەو چاوەڕوانییە دەکرێ کە ئاوا شێلگیر وماندویی نەناس بتوانێ سایتێکی ئاوا بەرێوەبەرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٣

## بزوتنەوەی شۆرشگێری ۴۷ - ۱۳۴۶

جوڵانەوەی شۆرشگێری ٤٦ - ٤٧ وەک لاپەرەیەکی پرشنگداری مێژوویی و شانازیەکی زۆر گەورە و جێگەی فخر بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردی رۆژهەلاتی کوردستان دەمێنتەوە. بەداخێکی زۆر گرانەوە ئەو بزوتنەوە گەوەرەیە زۆر کەم بایخی پێ دراوە. بە هەڵگیرسانی ئەم جولانەوەیە کە ١٨ مانگی خایاند، ئیرانی گۆمی مەندی ژاندارمی خەلیج واتە موحەمەد رەزا شا شلەقا . دوو ساڵ پاش ئەو بزوتنەوەیە بوو کە لە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی بە ئیلهام وەرگرتن لەم بزوتنەوەیە، چریکە فیدایەکانی گەلانی ئێران لە سالی ١٣٤٩ بزوتنەوەی سیاهکەلیان لەباکووری ئێران وەرێ خست. ئەوان هاورێی بە وفای تێکۆشەر وخۆشەویست کاک سمایل شەریفزادە لە دانشگای تاران بوون. بەراست ئەو جورەی سیاهکل دەنگی دایە، جوڵانەوە شورشگێرانەکەی کوردستان کەم دەنگی دایەوە هەرچەند ئاست و پان و بەرینی بزوتنەوەی کوردستان زۆر لەسەرتر وپان وبەرینتربوو. ئەم شورشەی کوردستان

وەک زۆر لایەن دەلێن داسەپاو بوو وحەق وابوو پاش هەنگاو و کاری رووناکبیری زۆرتـر لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ئەو بزوتنەوەیە وەریخرابا.

*پێش ئەوەی بێنە سەرباسی داسەپابوونی ئەو جۆلانەوەیە، پێوستە لە چەند خالێک دا باسی گرینگی ئەم جۆلانەوەیە بکەین:*

١- ئەم هەنگاوە، زۆر فروفیشالی و پروپاگەندەی ریژێم شای ئیرانی لەسەر دەسەلاتەکەی کە خۆی بەگەورەرە هێزی ناوچە دەزانێ رد کردە.

٢- شانازیک بوو کە کۆمیتەی شورشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئێمکاناتێکی زۆر کەم توانی لە ماوەیەکی زۆر دا بزوتنەوەیەکی ئاوا لە ئارا دابێ کە کوردی رۆژهەلاتی کوردستان قەت لە بێریان نەچێتەوە.

٣- ئێلهام وەرگرتنی چریکە فیدایەکان لەم بزوتتەوەیە، ئەوە ئەوپەری گەورەیی و رەوایی ئەم بزوتنەوەیەیە دەردەخا.
٤- زۆر لایەن وەک گروپێکی جیابووە لە حیزبی تودە پیوەندیان لەگەڵ رێبەرانی بزوتنەوە هەبووە، ئەودەگەێنی کە کورد هەمیشە گرینگی بە فراگیری شورش لە ناوچەکانی دیکە داوە وئەوە بەرزی بیروڕای رێبەرانی بزۆتنەوە دەگەینێ.

پێش ئەوەی بێنەسەر داسەپاوبوون و دوژمن چ کەلکێکی لە شورشی ئەیلوول بۆ لەناوبردنی جولانەوەی رۆژهەلاتی کوردستان ورگرت پێوست بگوترێ:

رێبەرانی ئەم جۆلانەوەیە باش دەیانزانێ هەل ومەرج بۆ داگیرسانی شورش ئامادەنیە ،بۆ ئەو مەبەستە دەبوو کاری زۆرتری سیاسی و رێکخستن لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بە تایبەت لە نێو زەحمەتکیشان و رۆناکبیرانی دێ و شار و کرابایە.

بەداخیکی زۆر گرانەوە شا ودەزگای جاسوسی ئەم ڕێژیم خاڵی لاوازی کوردیان دیتبووە بۆیە بە فشار هێنا بۆ سەر ڕێبەری شورشی ئەیلوول توانیان بەشێکی زۆرلە ئامانجە گلاوەکانیان بگەن چوون:

ئەوان واتە شا داوای کوژران یان بە زیندویی تەحویل دانەوەی بەرپرسی بەری کورد کاک سولیمان موعینییان لە ڕێبەری جولانەوەی باشوری کوردستان کرد وئەو داوایە جی گرت.

بە هاوکاری شورشی ئەیلوول. ئەم شورشەیٚ کوردی رۆژهەلات هەم لەو قوناغە دا ئەوپەری زیانی کردو لە قوناغی دووهەمیش دا هەڵگیرسانی شورش باشوور لە ئاستی زۆر سەرەودا، ساواک و هێزی ئەمنیەتی وەها ڕەخنە ونفوزی تیدا کردبوو کە بەداخەوە لە سالی ١٩٧٥ بە بەستنی قەردادی ئەلجزایر شورش تووشی شکان و نسکۆ کرا و ئەوپەری ناپاکی و بێ مروفایەتی و بێ ئەخلاقی شای ئێرانی نیشان دا.

ڕیژیمی شایەتی فشار خستنە سەر رێبەری ئەیلوول وبە تێکشانی جولانەوە ٤٦ - ٤٧ دەیەویست بە میلیوون خەڵکی کورستان کەپشتیوان و یارمەتی دەری شورشی ئەیلوول وحیزبی دیموکراتی کورستان بوون تەواو نائومید بکا کە بەداخێکی زۆرەوە کەم تا کورتێک لەم بارەوە سەرکەوتووبوو.

بە شەهیدکردنی ڕێبەر وچالاکانی جولانەوەی پر لە شانازی کورد ئەوجار شا و ساواک وهێزە ئەمنیەتەکانی ویستیان دلێ کۆمەلانی خەلکی کوردستان تەواو برینندار بکەین بۆیە هاتن قارەمانەکانی کورد، کاک سمایل شەریفزادە وهاورێیانی کە لە دارینە بانە شەهید بوون ویرای زۆربەیٚ شەهیدانی دیکە وەک مینە شەم و سەید فەتاح نیزامی، قادر شەریف و سولێمانی و عەبدولای موعینی وسالح لاجانی، نحۆ شکاک وسەید فەتاح نیزامی... لە زۆبەی شار وگووندەکانی کوردستان لە چواریەکان هەلاوەسێ و نووسراوەیەکیان لەسەر بوو (ئەوەیە سەزای خیانت).

ئەوکارە کاریگەری خراپی لەسەر بەشێک لە خەڵکی کورد دانا، دەبێ بگوترێ خەڵک هیچ چاورێکیان لە ڕێژیمی شا نەبوو کە دوژمنی قەسەدە سەری کورد بووکاری ئاوا نەکا بەڵکوو لە برا و کەسی خۆیان تورە بوون کە ئاوا لەگەڵ تێکوشەرانی دیموکرات بکا بە نێو لە بەر بەرژەوەندی شور شی ئەیلوول.

بۆ دەرەکەوتنی روحیە و ورە بەرزی کەس وکاری شەهید سولێمان موعینی بە پێوست دەزانم کە شێوەی تەحویل دانەوەی مەیتی ئەو رێبەرە لێرە باس بکرێ. بە پێ قسەی خۆشکی کاک سولیمان موعینی:

رۆژێ ٢٦ی بانەمەڕی ١٣٤٦ کاتژمیر ١٧.٣٠ دقیقە هەلیکوپتە رێک بۆ چەند جار لەسەر ئاسمانی شاری مەهاباد خولایەوە، تووشی نیگران بووم چونکە چەند رۆژ بوو دلەکوتەیکی زۆرم هەبوو وخەویشم دیت بوو. لەمال هاتمە دەرێ خەڵک لەبەر دەرکی ماڵیان کۆببوونەوە، زۆر ناراحەت سلاوم لێ کردن کە چاویان پڕبوولە ئاو. دووپیاو رۆبەروم هاتن یەکیان گووتی: دەلێن مەیتی سولێمانی موعینی یان بە هەلیکۆپتەر هێناوەتەوە مەهاباد، گەرامەوە بە ئەوانم گووت دەوڵەتی شا ناتوانێ سولێمان بکۆژێ چۆنکە ئەوە لە دڵی خەلک دایە. ئەوان گووتیان خانم بە خۆدا ئێمە لە توو نارحەترین، هەرواش بوو. ئەژنووکانم وەلەرزەکەوت بەلام بەسەرخۆم دا زاڵ بووم،گووتم نابێ کەس من ئاوا ببینێ. سواری ماشێنێک بووم و چوومە نەخۆشخانە، گووتم بەڵکوو لە ریگای سەرۆکی نەخۆشخانە بتوانم مەیتی کاک سولیان ببینم.

نەمدەزانێ کە رێژیم دەربەردر بە شوینم دا دەگەرێ. چوومە ژاندارمێری ، ئەمنیان بۆ دیوێک رینوینی کرد کە میەتەکە لە نێوەراستی دیوکەبوو. چوومە سەری و ئەوم ناسیووە .چاوکانی وبرینی سەری پڕ لە خۆل بوو، خۆلەکەم پاک کردوەو باندێکم وەرگرت و برینی سەریم داپووشی(چونکە من پرستاربووم) و نەمدەتووانی برینی عزیزترین کەسم پانسمان نەکرێ.

بەرپرسانی ئەرتشی وژاندرمەری و ساواک لە تاران و پاریزگاکانی نزیکەوە بۆ و وەرگرتنی مەیتەکە هاتبوون پێیان سەیر بووکەمن شێوەن وگریان ناکەم. یەکێک لە وان گووتی خۆشکم ناراحەت مەبە، گووتم ئەولەن من خۆشکی تۆ نیم دوهەمن: نابێ دوژمن گریان بە چاوی منەوە ببینێ. بە وێنەیک کە لە مارتین لوترکینگ کە لەسەر میزکە بوو ئیشارەم کرد، گووتم ئەو لەرێگای رەشپێستەکانی ئەمریکا وبرای منیش لە ریگای ئازادی و ئامانج و ئارمانەکانی خۆی فیداکرد.

بە ئێمەیان گووت کە سبەی کاتژمیر ٩ بەیانی مەیتەکە لە ماڵ تەحویلمان دەدرێ، بەلام ئەوە نەکرا و گۆرستانی مەهاباد مەیتەکەیان تەحویل داینەوە. تەواوی خەڵکی مەهاباد تەنانت ئیداری و بازاری هاتبوونە سەرقەبران.

بـابم زۆری هەوڵ دا کە دڵـداری خەڵکی ماهابـاد بـداتەوە کە دروشـمان نەدەن چـوون دەترسـا لەبەر ئەو مـوزۆعە رۆلەکانی خەڵکیش وەک کوری ئەوەیان لێبێ و پـاش ٣٥ رۆژ هەر بەم شێوەیە مەیتی کـاک عەبـدولا موعینی یـان لەگەڵ مینەشم بە هێلی کۆپتەر هێنایەوە مەهاباد و لە ژاندرمەری رایانگرتن و بردیانە پیرانشـار و لە گۆرسـتانی ئەوێ بە خاکیان سپارد و لە تەحویلدانی کاک عەبدوڵا بە بنەماڵە کەی و خەلکی مەهاباد خۆیان پاراست.

پێویستە بگـوترێ کە رێـژیم لەبەرترسی زۆر لە خەڵکی مەهابـاد کە دروشم نەدەن و خۆپێشـاندان رێک نەخرێ نەیانوێرا مەیتی شەهید سولیمان موعینی لە چواریگەکانی مەهاباد هەڵاوسن.

لەسـەر جـۆلانەوەی ٤٦ - ٤٧ حەق وایە پیـداچوونەوە و بـاسی زۆر بکـرێ، بزوتنەوەیەکی زۆر تـایبەت لە هەڵ و مەرجێکی زۆر سەخت ودا کە دەبێ زۆر وانەی لێ فێر بین. ئێمە لاوانی ١٢ - ١٣ ساڵەی ئەوکات کە لە چواریەکـان مەهاباد و شارەکانی ناوەندی رۆژهەلاتی کوردستان چاومان بە مەیتی شورشگیرانی ئەم جۆلانەوە کەوتبوو ودوایەش نسـکۆی شورشـی ئەیلـوول و هـاتن و بەرێکردنـی پێشـمەرگان کە دەبـوو بـێ چەک بـۆ زۆر شـار و گۆنـدی ئێـران دۆربخەینەوە و بەداخەوە زۆر زەلیل کرابـوون ،بەودیتنـانە هەمیشە تووشی خەم وپەژارەدە دەبووین. دەمـانگووت کە ئـاخۆ کـورد دەبـێ هەتـا کەێ هەی شکسـت ببینـێ و مەیەنەتـی بچێژێـت . بەڵام هەزاران هەزار لاو وبە گشـتی خەڵکی کوردستان، یەکە یەکەی قارەمانانی جولانەوەی شورشگێرانەی ٤٦ - ٤٧ بە جێگە شانازی دەزانـێ . ئەوانە جیگاواراکانی رۆژهەلاتی کوردستان بـوون کە ئـێمە داسـتانی ئـازایەی و قـارەمـانەتی و فیـداکاری ئەوان دەبـێ بـۆ نەوەکانی دوارۆژ بە حورمەتەوە بگێرینەوە.

ئەم بابەتە لەسەر داوای من بۆ ٤٥ ساڵەی جووڵانەوە ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ نووسراوە.

رێکەوتی: مانگی ئاوریلی ٢٠١٣

## ئایا خەڵاتی ئاشتی نوبێلی ٢٠١٣ شایانی باوکی ماڤی مرۆڤی کوردستانە؟

**لە نێو ٣٠٠ خەڵات لە جیهاندا لە بوارە جیاجیاکاندا، خەڵاتی ئاشتی نوبێل بە نێوبانگترین وناسراوترین خەڵاتە، کە دەدرێتە ئەو کەسانەی لە بواری ئاشتی و بایخپیدان و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ تێدەکۆشن. بەخشینی ئەو خەڵاتە هەموو کات جێگەی سەرنج و بایخدانی میدیاکانی جیهانی وگشت وڵاتان وکەسایەتیەکان و رێکخراوەکانیجیهانییە.**

**بەخشینی ئەو خەڵاتە کە بۆ ماوەی ١١٣ ساڵە لە وڵاتی نۆرویژبەرێوە دەچێت. هەموو ساڵێ خەڵاتی ئاشتی پێشکەش بە کەسانێک یان رێکخراوەیەک دەکرێت کە لە بوارێکی گرینگدا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و وەدیهێنانی ئاشتی لە ناوچەیەکدا کاریگەریان نواندوە. بەخشینی ئەو خەڵاتە زیاتر بە مەبەستی راکێشانی سرنجی زیاتری بیروراگشتی جیهانی بۆ پرسی مافی مروڤ و هاندان وپشتگریان بۆ سەقامگیری ئاشتی و ئازادی.**

**رۆژهەلاتی نێوەراست یەکێک لەو ناوچە گرینگانە و ستراتیژیانەیە کە زۆر کاتدا پڕە لە کێشە و شەڕ و قەیرانە. کارکردنی بۆ ئاشتی و ماڤی مرۆڤ لە ناوچەیەدا بێ کێشە نییە. بگرە زۆر کەس بە هۆی چالاکییەکانیان لەو بورانەدا گیانیان تووشی مەترسی بۆتەوە.**

**لە راستیدا، ئەو ناوچەیە پر شەڕ و کێشەیە قەت روی ئاسایش و ئاشتی و ئارامی بە خووە نابینێ، ئەگەر جیهانیان بە باشی و جیدی ئاور لەو ناوچەیە نەدەنەوە و هاوکار وپشتیوان نەبن بۆ چارەسەری کێشەکان، هەروەها بە جۆرێک پێش بە جەنایەت وبێرەحمی جەلادان ودیکتاتورانی ئەوناوچە نەگرن، ئەو ناوچەیە واتە رۆژهەلاتی نێو راست کە سەدان شەڕی گەورەی بە خۆیەوە دیتوە و دەیان جار نەتەوە ژێردەستەکان، کەیەکێک لەئەوان کوردە کەوتوونە بەر درندانەترین هێرش وپەلاماری دەسەلاتدارانی ناوچەکە. ئەگەر میانیزمێکی گونجاو بۆ ئەو کێشانەی ئەو ناوچەیە لە لایەن زلهێزە جیهانییەکان بۆ ئەو ناوچەیە نەدۆزرێتەوە ئەوا، هەروەک پێشوو پێشل کاری مافی مروڤ و نادادپەروری درێژەی دەبێت، بۆیە گرینگە فوکوس بخرێتە سەرئەو ناوچەیە.**

پرسی ماڤی مروڤی و ئاشتی لە کوردستانی ژێردەستی کۆماری ئیسلامی ئێران مەسەلەیەکی زۆرگرینگە کە ئەگەر سەرنجی تەواوی بدریتێ و مامەلەی دروست وعاقلانەی لەگەڵ بکرێ ئەتوانێ وەک وسیلە وئامرازێکی باش بۆ خەبات لە پێناو چارەسەری کێشەکان کەڵکی لێ وەربگیرێ. بەراستی کاتی ئەو هاتووە کە پێش بەو پێشلکاری و چەوسانەوە ونادادپەروەریە بەرانبەر کورد هەموو نەتەوەکانی ماڤخوراو بگیرێت.

جێگەی خۆشحالییە کە لەو ١٠ ساڵەی دواییدا چالاکانی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان خەباتێکی مەدنی وئاشتیخوازانەیان دەست پێ کردوە بەڵام بە داخێکی زۆر گرانەوە رێژیمی دژی گەلێ و سیستمی دیکتاتوری ئیران تەحمەولی ئەو خەباتەش ناکا، بۆیە گرتن وئەشکنجە وئازار چالاکانی مەدنی لەوپەری خۆی دایە و لە سێدارەدانی ئەم چالاکانی سیاسی ومەدنی کورد لە ئێران بە نیسبەتی حشیمەتی ئەم وڵاتە لە رەدەی هەرە سەرەوە دایە. هۆی لە سەرەوەبوون لە سێداردان، کوردان سێ جورمیان هەیە:

*١- کوردن.*

*٢- چالاکن لە باری مەدنی وسیاسی.*

*٣- ژۆماریەکی زۆری ئەم چالاکانەی سیاسی ومەدنی کورد سونی مەزهەبن.*

مەحمەد سەدیق کەبوودەند کێ یە؟ بۆچی شایانی وەرگرتنی خەلاتی نوبێلە؟ کەبوودەوەدند یەکێک لەو کەسە چالاکانەی بواری خەباتی مەدنی کوردە کە لە مانگی ئاپریلی ٢٠٠٥ ریکخراوی ماڤی مروڤی کوردستانی دامەزرانەوەو سەرۆکی ئەم ریکخراوەیە.

چەکی کبودوەند: نوسینە کانی، کتیب وگوفار وراپورت و ریکخراوەکەیەتی.
کبودوەند بەردوام هەوڵی داوە هەتا راپورتی لە ژێرپێنانی مافی مروڤ لە کوردستان بە ریکخراوەکانی نێونەتەوەیی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان بگەینێ.
ناوبراو هەوڵی داوە بەندەکانی جارنامەی گردونی مافی مروڤ بۆ خەڵک شی بکاتەوە و کۆلتوری کاری ریکخراوەکانی مەدنی لە ناو کۆمەڵگا دا جێ بخات و جێ پێیان قایم بکا.
بەشێک لە کارەکانی کەبودوەند ئەوانن: کتیبی( نێوەکەی تر) لە باری مافی ژن.

کتێبی (دیموکراسی لە بەرزخ) سەبارەت بە تیپەربوون بەرەوکۆمەلگای دیموکراتی و جولانەوکانی کۆمەلایەتی (بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان). گۆڤاری حەفتەنامە پەیام مردم.

کەبودوەند سالی ٢٠٠٠ بۆ ماوەی ١ ساڵ ونیو بە دیل دەگیرێ و پاشان لە سالی ٢٠٠٧ دیسان بەند دەکرێتەوە، ئێستا ٦ سالە لە زیندانە و بە ١١ سال زیندان مەحکووم کراوە. لەو ماوەیەدا تووشی ئەشکەنجە و ئازاری ئێجگار زۆر بووتەوە.

**ئەو نەخۆشیانەی کە لە زیندان تووشی بووە ئەوانن:**

چەند جار تووشی جەڵدەی دڵ ومیشک، گرفتی دڵە کۆتە، گیرانی رەگەکان، نەخۆشی گورچیلە و پروستات، ژانەسەری بەردەوام، پەرتەوازیی هۆش و خەوالوویی بەردەوام.

کبودوەند ئێرادەیەکی زۆر بە هێزی هەیە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو نەخۆشیە، لە بەرئەوپەری بێ عەدالەتی و جیاوازی دانان کە بە پێچەوانەی زیندانیەکانی سیاسی دیکە ئیزن پێ نەدرا کە کورە نەخۆشەکەی ببینێ بۆیە ناوبراو لە سالی ٢٠١٢ بۆ ماوەی ٥٨ رۆژ مانی لەخۆاردن گرت کە لەسەر داوای حیزب وریکخراوەکانی سیاسی و خەلکانی دلسوزی رۆژهەلاتی کوردستان پاش ئەوماویە کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا.

محمەد سەدیق کبودوەند لەسالی ٢٠١١ بە هیمەتی ژۆمارەیەک تیکۆشەری ژنی دەرەوەی ولات وپشتیوانی نیزیک بە تەواوی حیزب وریکخراوەکانی سیاسی کاری بۆ دەکرێ کە بۆ خەلاتی ئاشتی نوبل کاندید بکرێ کە سەرئەنجام بەهیمەتی کۆمیتەی کار بۆوەرگرتنی خەلاتی ئاشتی نوبێلی نورویژ لە ریگای حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ و ئەندام پارلەمانی ئەو حیزبە بەریز ئاکسل هاگسل کەبودوەند بۆ خەلاتی ئاشتی نوبل کاندید دەکرێ و دەخریتە لیستەی گەورە پیاو وژنانی جیهان بۆ وەرگرتنی ئەم خەلاتە ناسراوە وجیهانیە. بە داخەوە کبودوەند لەگەڵ کاندیدبوونی نەیتوانی ئەم خەلاتە بباتەوە بەلام ئەو تیکۆشەرە کە ئێستا کەم تاکۆرتیک ناوبانگی جیهانی پەیدا کردوە لە بەندیخانەش لە خەبات و تیکۆشان نەوستاوە،بە ٥٨ رۆژ مانگرتن لە خواردن سەرنجی زیاتری جیهانیانی بۆ باردوخی نالەباری ئێران و ئەشکەنجە و ئازار وناعدالەتی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران راکێشا.

کۆمیتەی کارکردنی بۆ وەرگرتنی خەلاتی ئاشتی نوبێل جارێکی دیکە هەوڵەکانی لە ساڵی ٢٠١٣ بە هاوکاری حیزبی دوستی کورد حێزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نورویژ چڕ دەکاتەوە.

**کبودوەند شایانی خەڵاتی نوبێلە چوونکە:**

* گرتن و زیندانی کردنی کبودوەند لە سالی ٢٠٠٠ بو ماوەی سال ونیویک ئەوی لە خەبات و ماندووبوون نەوستاند.

* کبودوەند بە نووسینی کتیبەکانی و کاری ریکخراوەیی و رۆژنامەی پەیام کاری روشنگەری کردوە و خەلکی سەبارەت بە ماڤەکانی هوشیار کردۆتەوە.

* لەریگای رێکخراوی مافی مروڤی کوردستان دەنگی پێشیلکاری مافی کورد بە زۆر لایەنی نێونەتەوەیی بە تایبەت بە ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان گەیاندوە.

* کەبوودوەند بە هەوڵەکانی خزمەتی زۆر گەورەی بە بەروپێشچوونی خەباتی مەدنی و مروڤ پاریزانە نە تەنیا لە کوردستان کردوە، بەڵکوو بە گەشەو سەرکەوتنی ئەو جورە خەباتە لە سەرانسری ئێراندا کردوە.

* کبودوەند مایەی لە تەمەن و ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی داناوە و ئالای داکوکی لە مافە مروڤیەکانی هاوزمان و هاونیشتیمانانی بەرزکردوتەوە.

* مەحەمەد سەدیق کبودوەند سەفیرێکی ئاشتی خوازی نەتەوە زۆلمیکراوەکەیەتی.

**کاریگەریەکانی خەڵاتی نوبێل لەبەخشینی بە کبودوەند:**

* شێوەی مامەلەکردنی نامروڤانەی و دژی گەلی کۆماری ئێسلامی بە نیسبەت ١٢ میلوون کوردی رۆژهەلات باشتر دەردەخا.

* درفەتێکی باشە بۆ مەترح کردن وناسینی باشتری کورد وخەباتە مەدنی وئاشتیخوازانەکەی ئەم گەلە.

* کاریگەری لە سەر کەم کردنەوە ئەشکنجە و ئازاری نەتەنیا زیندانیەسیاسی ومەدنی کورد ، بەڵکوو ئی هەمووی ئیران دەکا.

* تەئسیری لەسەر ٤٠ میلوون کورد دادەنێ و مەسەلەی کورد لە ئاستی جیهانی و نێونەتەوەیی زۆر زیاتردێنێتە بەرباس.

بەربژێری کبودوەند بۆ سالی ٢٠١١، ئاکسل هاگن لە وتووێژ لە گەڵ بی بی سی دا دەڵێ: *بە مەسەلەی بەربژێرکردنی کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نوبێل، هەلێکی باش بۆ ئێمە رەخساوە کە لەو رێگایەوە پێداچونەوەیەک بە دۆزی رەوای گەلی کورد دا بکەین، و ئاورێکی گشتی لە دۆزی رەوای گەلی کوردبدەینەوە.*

کۆمیتە کار بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نوبێل دەیەوێ بە هاوکاری و پشتیوانی حیزبی سوسیالیستی چەپی نورویژ کار بۆ بەربژیری وبردنەوەئەو خەڵاتە لە سالی ٢٠١٣ زایینی بکاو هیوادارە بە هاوکاری هەموولایەک باوکی ماڤی مرۆڤی کوردستان شانازی برنەوەی ئەو خەڵاتە بێت، کە براستی شایانیەتی.

سەرچاوە: گۆڤاری ژنی کورد - رێکەوتی: مانگی مارچی ٢٠١٣

## وەڵامی چاکەکانی دووکتور قاسملوو بە چاکە دراوە؟

دووکتور قاسملوو، سیاستەمەداری و دیپلوماتی نموونەیی بە کار و خزمەتی زۆر و بەرچاوی، کاریگەری ئێجگار زۆری بۆ هەمووی کورد هەبوو، ناوبراو بە پێوەندیەکانی لەگەل دەیان کەسایەتی ورێکخراوی جیهانی بە تایبەت فرانسە زۆر یادگاری لەبیر نەکراوی بۆ کوردستان و بۆ باشووری کوردستان بە جێ هێشت.

حەق نەبوو حکومەتی هەریمی کوردستان کە کوردی رۆژهەلاتی کوردستان، هەریمی کوردستان بە گلینەی چاوی خۆیان دەزانن ئاوا وەلامیێ دووکتور قاسملوو وحیزبی دیموکرات و رۆژهەلاتی کوردستان کە دوکتوری قاسملوویێ مەزن بۆ ئەوان زۆر خۆشەویستت بدەنەوە.

١- پیوەندی زۆر نیزیکی دووکتور قاسملوو لەگەل زۆر ریکخراوی جوراجوری مەدەنی و پزشکی و... یەکێک لەو رێکخراوانە فرانسە لیبریتە کە بەرێز دانیل میتران سەرۆکی ئەم ریکخراوە بوو. ناوبراو کە بە دایکی کوردان ناسراوو لە باشووری کوردستان شەقامی بە نێوکراوە.

٢- پیوەنـدیی لەگەل سـەرۆک کومـاری فرانسـە فرانسـوو میتـران کەچەنـد جـار مەسـەلەی کـورد لە ریکخـراوەی نەتەوەیەکگرتووکان هێنابوو بەر باس، فەرانسە یەکێک لە ٥ ولاتی گەورەی جیهانە کە ماڤی وتووی لە یوو ئین دا هەیە، بەرێز میتران پیوەندی نزیکی لەگەل قاسملووی کوردان هەبوو،

٣- زۆربەی وزیرەکان وچالاکانی حێزبەکانی سیاسی فرانسە بە تایبەت دووکتور برنـارد گووشنر کە دوواتـر دەبێتە وزیری دەرەوی فەرانسە دووست و هاوریی زۆرنیزیکی قاسملوو بـوون وزۆر جـار گووتوویـانە کە زۆر شت لە دووکتـور قاسملوو فیر بوون.

ئەوانە و زۆر پیوەنـدی دیکە وای کـرد کە کـاتی کـۆرەوەکەی باشـوری کوردسـتان و هەلاتنـی بە میلـوون کـورد بـۆ سنورەکانی تورکیە و ئیران، حکومەت و دوڵەت و ریکخراوەکانی فرانسە زیاتر لە هەموودنیا زیاتر بۆ کورد چالاک بێ. دانیل میتران خۆی هاتە سنووور و لەگەل پەنابەرانی کورد و بەرێز کاک مەسعود بارزانی دیتنی کرد.

فرانسە کـاری زۆر گرینگی بـۆ کـورد کـرد ئەوانە (دانیل میتـران وبرنـاردگوشنر و...) بە هاوکـاری ژۆمارێک کـورد، بریتـانیا وئەمریکایـان هێنـایە مەیـدان ومەداری ٣٦ درجەی دژ فرینـی سـەدامی لـێ کەوتەوە کە ئێسـتا کـوردلەبەری حەساوەتەوە و دیەوێ دولەتی کوردی لەسەر دامەزرێنێ.

دووکتوری شەهید خزمەتەکانی هەموو کاریگەری زۆری هەبوو بـۆ کـورد بەگشـتی و باشـوور بەتـایبەتی، حەق نەبـوو لەوڵامی چاکەی دووکتور قاسملووی کوردان ئیزن بدەن قاتلە ناجوامیرەکەی لە سەر فرشی سـوور پەزیرایـی و رێـزی لێ بگیرێ و هەموو جارێ بۆ قەڵەسە گێران لە حیزبـی دیمـوکرات و برینـدارکردنی بە میلـوون کـوردی رۆژهەلاتـی کوردستن لە باشووری کوردستان رمبازین بکا!!!

بەلێ وەڵامی چاکەکان دووکتور قاسملوو بە چاکە دراوە!!!

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## ڕاپرسی گۆڤاری ژنی کورد لە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە دەرەوەی وڵات.

## لە گەڵ بەڕێز کاک کەریم ئەڵاوەیسی.

***پرسیار: بونی ڕێکخراوەکانی ژنان لە تاراوگە چەندە گرنگ دەبینی، وەک چالاکێکی بواری ژنان پێت وایەگرینگی بونی ئەورێکخراوان چیە؟***

***وەڵام:*** **بوونی ڕێکخراوی ژنان زۆر بە گرینگ دەزانم بە چەند هۆ:**

**١- ژنان خۆیان هەست بە چەوساوەیی دەکەن، پێویستە تواناى تاکەکانی ژنان لە ڕێکخراو داکۆبێتەوە کە باشترین کەڵک لە هەمووی هێزو وتواناکانیان وەربگێری، ئەو شوێنە کە دەتوانی بۆ کەم کردنەوە چەوسایی ژنان هەول بدا خۆدی ریکخراوی ژنانە.**

***پرسیار: پێت وایە ئەو ڕێکخراوانەی کە کار بۆ مەسەلی ژنان لە تاراوگەدا دەکەن توانیویانە سەرکەوتوو بین ئەگەر نەبون، بە نەزەری ئێوە هۆکارەکەی بۆچی دەگێریتەوە؟***

***وەڵام:*** **بوونی ڕێکخراویەکی چالاکی ژنان کاریگەری دەبێ کە وەلاتانی دێموکراتیک و ئوروپایی کە دەیانەوێ بایخ بە ژنان بدەن باشتر پشتوانی خۆیان لە هەموو باریکەوە بە ژنان بگەیەنن، ئاخر کومەڵگا دێموکراتیکەکان لە بەرنامەیانە دایە کە گرینگی و بایخ بە ژنان لە کەمە نەتەوەیەکانی جێگر لەو ولاتانە بدەن کە ژنی کوردیش یەکێک لە و کەمە نەتەوانەیە بۆ نموونە زۆر کلاسی فیر بوون و دامەزاران وکارپی سپاردن بەئەوان لەو ویست و پشتوانی ئەوان لە کەمە نەتەوەیەکان سەرچاوە دەگرێ. بەبۆنەی ڕێکخراوی ژنان زۆر باشتر لەو ئیمکانات وپشتگیریان دەتوانرێ کەڵک وەربگێرێ.**

سەرکەوتن نیسبی وریژیی یە. بە باوەری من یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان. نورویژ سەرکەوتوو بووە. ئەم ریکخراوە هەم کاریگەری لەسەر ژنانی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان جێگر لە نورویژ هەبووە و هەم بناخە و پایەکی ئەساسی بۆ تێکوشان لەسەر کۆمەلگای نورویژ داناوە کە دەتوانی کاریگەری خۆی زیاتر و زیاتر بکا و ئەوە ئەساسی کاری ئەوانە لە دەورەی کوردستان. با نموونەیەک بهێنیەوە : سالی ٢٠١٥ لە نورویژ کونفرانسی ژنانی ئوروپا لە کۆمۆنی شێسمۆ پێک هات، کە هەم لە لایەن کۆمۆنیشێسمۆ نورویژیەکان بەشدار بوون و هەم چەند ژنی چالاکی نورویژی شارەزا لە بواری جوراجوور، ئەوان لەوێ زۆر باش باسی تێکوشان و هەوڵی ریکخراوی ژنانی دێموکراتیان کرد، دیارە ئە کونفرانسی ژنان ئوروپایی بوو کە دەیان چالاکی ژنی کورد ئوروپاو ریکخراوی ژنانی سەر بە ریکخراوەکانی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان بەشدار بوون و ئەوان ئاگاداری ژنانی نورویژی لە حورمەت لێنانی لە ریکخراوی ژنانی دیموکراتی کوردستان بوون.

ریکخراو ژنانی دێموکرات هەمم پیوەندی لەگەل ریکخراوەکانی ژنان نیزک بە حیزبەکانی سیاسی نورویژ بۆ نموونە ئێس ڤی سازکردوە و هەم لەگەل شاردار و شارداری و هەروەها لە گەل کومیتە یەکی هاوکاری ژانانی کەمە نەتەوەیەکان  لە پاریزگای ئاکەرشوس و کۆمۆنەکانی نیزێک بە ئوسلوو جێگیرن. بانگهشتن لە ژنانی چالاکی نورویژی شارەزا لە بواری جوربەجوور و پێک هێنانی سیمنار بۆ ئەوان هەموو ریگاکردنەوەیە بۆ ئامادەکردنی بناخەیەکی سەرەکی بۆ کاریگەری زیاتر دانان لەسەر کومەڵگای نورویژی..

***پرسیار: بە باوەرِی ئیوە دەبی مێتۆدی کارکردنی رێکخراوەکانی ژنان چۆن بێت لە دەرەوەی وڵات؟***

***وەڵام:*** ئەو مێتۆد و فورمە کە ئێستا یەکیەتی ژنانی دێموکرات هەیەتی جێ گرتووە و ئالووگورلە میتوود و فورمەکان هیچ قازانجێکی نییە. کار وهەنگاوەکان گرینگن. ئەوێ زۆر پێویستە ئەوان کاری لەسەر بکەن باشتر کاریگەی دابنین لە سەر سیبیستەم وخەلکی نورویژی کە باشتر بتوانن بە قازانجی بە میلوون ژنانی چەوساوەی نێوخۆی کوردستان کەڵکی ئەرینی لێ وەرگرن..

***پرسیار: ئایە ئەوان توانیویانە ئەو پردە لە نێوان خۆیان و ژنانی نێوخۆدا دروست کەن، یاخۆ بە واتایەکی تر توانیویانە دەنگیان بە ژنانی ناو خۆ بگا، یان ئازارو کیشەکانی ئەوان چۆن دەبینین و چۆن دەتوانین هاوکاریان بکەن؟***

***وەڵام:*** ئەو پرسیارە ،قسە و باسێکی زۆر هەڵدەگرێ کورد گووتەنی ئەو هەویرە ئاوێکی زۆری دەوێ. ەئەگەر مەبەستتان نێوخۆی رۆژهەلاتی کوردستانە بۆ ئەوەی پردێک لە نێوان رێکخراوی ژنانی دەرەوە لەگەل ژنانی نێوخۆی کوردستان دروست بکرێ دەبێ: ١- بەرنامە بۆ ئەو کارە لە لایەن ناوەندی گشتی یەکیەتی ژنان پیویستە دابندرێ و بە هاوکارو پشتگرێ کۆمیتەکانی دەورەوەی کوردستان. نورویژ و سوئید و،،،جێ بە جێ بکرێ (باش بوونی وەزعی ماڵی کۆمیتەکانی دەرەوە فاکتورێکە کە دەتوانێ بو ئەم کارە یارمەتیدر بێ لەگەل هەنگاوەکانی مەعنووی دیکە.)

پێویستی بە چەندین سیمنار و کوبونەوە بۆ باس چونیەتی لەسەر ئەو پردسازکردنەی نێوان نێوخووی کوردستان و دەروەی و ناوەندی یەکیەتی ژنان هەیە..

وەلام بە بەشی دووهەمی پرسیاری ٤- باسی ئازار وکێشەکان - هەتا چەوساوەی نەوەیی لە سەر کورد درێژەی هەبێ کە ئەوە لە رۆژهەلاتی کوردستان ئیجگار زۆرە و ریژیمی پەت و سێ دارەی کۆماری ئیسلامی هەتا هاتووە زیاتر و زۆتری کردوە. هەتا ئەم چەوساوەیی لەسەر کورد بە شیوەی درێژی هەبێ کە بە بوونی ئەم رێژیمە هەر درێژی دەبێ ئەوە چەوساوەیی چەند قات لەسەر ژنان هەر دەمینێ. بۆیە پێویست و گرینگە کە ژنان لە نێوخۆی کوردستان خۆیان سازمان بدەن و لە هەمووی گرینگتر ئاستی خویندەواری و هوشیاری و زانستی خۆیان بەرنە سەر و بە بەرنامە و بە شێیوەیەکی جیدی کار و تیکوشانیان هەبێ و داواکانی خۆیان لەگەل داوا نەتەوەیەکیان بهێنە گورێ. بەم شیوەیە بەشێکی زۆر لە ئازار و کیشەکانیان کەم دەبێتەوە.

***پرسیار: چەندە گرینگە کە رێکخراوەکانی ژنان سەربەخۆ بن؟***

***وەڵام:*** باسی سەربەخۆیی رێکخراوی ژنان کە زۆر جار هەردێت و دێتەوە بەرباس، یەکیەتی ژنانی دێموکرات لە باری تەشکیلاتیەوە وەک یەکیەتی لاوا ن سەربەخۆیە و لەباری سیاسی سەر بە حیزبە بۆیە سەربەخۆیی بە شیوەیە دیکە تەنیا زیان بە ئەوان دەگەیێنێ کە هەم پشتیوانی حیزب لەدەست دەدەن و هەروەها بەشێکی هەر زۆری ژنانی ئەندام ولایەنگری حیزبی دێموکرات لەگەلیان نامینێ. ٪٩٠ - ٨٠ ژنان کە لەگەل یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانن ئەندام یان لایەنگری حیزبن بۆیە هیێانە گۆری ئەم باسە تەنیا کات بە زایە دانە.

ئەم سەربەخۆییەو ئەوەی ئێستا هەیە پڕ بە پێستی خۆیەتی. با بە نێوی گۆڕین ودێموکراتیت زیان لەو ئورگانە نەدەین، نابێ پێمان وابێ هەر ئالووگوڕێکش قازانجی هەیە، ئالووگۆر دەبێ بە لەبەر چاوگرتنی هەموو فاکتۆرەکانی پیوەنددار بێ.

لە زۆربەی وەلاتانی ئوروپای بوونی ڕێکخراوی ژنان لە تەنیشت حیزبێکی سیاسی بۆ ئەوەیە ئەوە حیزبە سیاسیە بتوانێ بە باشی پشتگر و پشتوانی بێ.و ئەو پشتیوانیە نیزیک بە تەواو بە قازانجی ئەم ڕێکخراوە سەنفی یە تەواو بووە.

هەردووک لا پێویستیان بە یەکتر هەیە واتە حیزبی دێموکرات و یەکیەتی ژنانی دێموکرات. بۆ حیزبی دێموکرات قازانجی زۆری هەیە که یەکیەتی ژنانی لە تەنیشت بێ و بۆ یەکیەتی ژنانی دێموکرات گەلێک بە سوودە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک قەلایەکی لەگیران نەهاتوو پشت و پشتوانی ئەم ڕێکخراوەیە لە جێگەی خۆیەتی یەکیەتی ژنانی دێموکرات بە شانازیەوە بڕوانیە هاوکار و پشتیوانی ئەم قەلایە لە گیران نەهاوتوویەی دێموکرات.

***پرسیار: بە باوەڕی بە ڕێزتان ئەرکی هەرە گرنگی ڕێکخراوەکانی ژنان لە تاراوگە چیە؟***

***وەڵام:*** وەگرتنی ژنان و ڕێکخراوی ژنان لە ولاتانی ئوروپایی و بەگشتی دێموکراتیک دا ئاسانترە و چۆنکە دەزانن لە وەلاتەکانی دیکتاتور لێ دراوە چەوساوەیی ژنان چەندە قاتە بۆیە ژنان دەبێ لەو هەلە کەلکی پێویست وەگرن هەم چەوساوەیی گەلەکەیان و هەم ئازاری ژنان و بێ ماڤی خۆیان بگەینن و هەم ئیفشاگەری لەسەر جنایەت و بێ ویژدانیەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بکەن. دیارە دەبێ زۆر و زیاد پشتیوانی کومەلەلگای جیهانی بۆ کورد و بۆ چەوساوەیی ژن ڕاکێشن.

***پرسیار: چەندە گرینگە کە ژنانی ناو ڕێکخراوەکان چالاکی سیاسیش بن، بۆ؟***

***وەڵام:*** زۆر گرینگە ژنانی چالاک سیاسی بن. وەک لە وەلامی پرسیارەکان دا باسی وەرگرتنی ژنان لە کۆمەلگا

دێموکراتیکەکاندا کرد، کاتێک ژنێک دەبێتە چالاکیکی سیاسی و بە توانا دەبێ زۆر باشتر دەرد و مینەتەکانی ژنانی چەوساوەیی بێ ئەژماری بە میلوون کورد بە جیهانیان دەگەیەنێ..

***پرسیار: پێت وایە ڕێکخراوەکانی ژنان دەتوانین هاوکارو پیشتیوانی ژنانی تاراوگە بن لە ئاست بونی کێشەو گریفتەکانیاندا؟***

**وەڵام:** هەم ناوەندی ژنان لە کوردستان و هەم ڕێکخراوەکانی ژنان لەدەرەوەی کوردستان، هاوکاری و پالپشتیان بۆ یەکتر گەڵێک پیویست و لازمە. ئەم هاوکاریە دەتوانێ لەبارەی مەعنووی و مادی بگریتەوە وتەعسیر لە سەر نێو خووی رۆژهەلاتی کوردستان دابنێ.

ژنانی ناوەندی لە ڕێگای کورد کاناڵ و ڕاگەیاندن و ژنانی دەرەوە بە وەرگرتنی پشتیوانی مەعنووی و مادی لە کومەڵگای جیهانیدا.

سەرچاوە: گۆڤاری ژنی کورد - ڕێکەوتی: مانگی مارچی ٢٠١٦

---

## ئەخلاق لە سیاسەت و کاک خالید عزیزی!

سیاسەت لە نەتەوەیەکی کە خەبات بۆ ئازادی و رزگاری کردنی ولاتی خۆی دەکا پێویستی بە باوەر و ئێعتمادی کۆمەلانی خەلک هەیە. ئەو باوەر و ئیعتمادە بە ئەخلاق لە سیاسەت دا لەگەل چەند فاکتوری دیکە مسۆگەر دەبێ کە ئەخلاق یەکێک لە فاکتورە گرینگانەیە بۆ هەبوون و راگرتنی پشتیوانی خەلک لە خەبات دا. دیارە ئەوە بەرێوەبەری ولاتانیش دەگرێتەوە، زۆر بوون ئەوانی ئەو باوەریان ساز نەکردوە و بە سەداقەتەوە ولاتیان بەرێوە نەبردوە فەشەلیان هێناوە. کاک خالید عزیزی سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستان جگە لە فاکتورەکانی دیکە وەک نوێ گەرایی و کەم کردنەوە ناوچەگرایی و نەهیشتنی دەستە بەندی و زۆر شتی دیکە زۆری هەوڵداوە بۆ

ئەوەی ئەخلاق لە سیاسەت دا جێگیر بێ و ئەوە لە حیزبەکەی دا رەنگی داوتەوە. دیارە هەموو ئەو شانازیانە بۆ رێبەری مەزن قاسملووی نەمر دەگرێتەوە. رێز گرتن لە زیندانیانی سیاسی، ئەدەبیاتی بە ئەخلاق وپاراوی سیاسی ورادیوو وروزنامەکان هەموویان نمونەهایەکی ئەو ئەخلاقەن کە باسی دەکەین. بەلام گرینگە کە کاک خالید عزیزی هەوڵ دەدا دەسکەوتەکانی ئەو ماموستا گەورەیە و بە زۆر ئیبتکاری خۆیەوە لە کردوەدا جێ بەجێ بکا. بانموویەک بێنمەوە، ئەمروژانە لەسەر سوسیال میدیا ، تووری فیس بووک هێرشێکی زۆرتووند و بەربلاو لە لایەن حدکا بە رێبەری و بەدەنەوە بە سکرتیر و حیزبی دیموکراتی کوردستان کرا، نە کاک خالید عزیزی و نەحیزب وئەندامانی و لایەنگرانی هەڵویست وبەرخوردی نالەباریان لە خۆ نیشان نەدا، ئەوە ئەو ئەخلاقیەیە لە سیاسەت دا کە دەبێ گرینگی پێ بدرێ وبە هێز بکرێ. کورد دەڵێ زەرەر لە نیوەش بگرێتەوە قازانجە. باش بوو لەسەر بەرخورد و بەبەیەکدا پرژانانە، هاورێیانی پێشوومان هەرچەند هیندێک دەرنگ بوو نووسراوەیەکیان بلاوکردوە.. ئەمن بەش بە حالی خۆم پێم وایە دەبێ هاورێیانی پێشوومان (حدکا) پێیان خۆشبێ رێبەریەک وەک کاک عزیزی بتوانێ رۆژ بە رۆژ کاریگەری زیاتر بێ و بەرەوسەرکەوتن بچێ و تەئسیر لە سەر رووداوەکان و رۆژهەلات دابنێ زیاتر دەنگی کورد بە زۆر لایەن بگەینێ. ئاخر ترش بێ و تال یان شیرین دوو حیزبی دیموکراتی کوردستان وحێزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مەحکومن بەیەکگرتنەوە ویەکدەگرنەوە . نازانم چاوریی هێزیکی دەرکێن پێکیان بینێتەوە یان چێ؟ دیارە ئەوە کە کێ بەراستی و بەدڵەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی رۆژهەلاتی کوردستان و کورد هەنگاوی جیدی وبەکردوەی هاویشتووە ئەوە خۆی باسێکە کە دەبێ بە وردی باسی بکرێ. هەرچەند ژۆماریەکی زۆر کەس تەڕ وویشک بەیکەوە دەسووتێنن. لەکۆتایی دا دەڵێم بۆ جێگیر کردنی ئەخلاق لە سیاسەت دا هەمووماں بە جیدی کار بکەین ، رێگای دیالووگ، برایەتی و حورمەت بگرینە بەر، لە باسەکانمان دا لە گەل ئیستدلال وئارگومنتی بە هێز بەلام رێگای بێ حورمەتی و بێ ئەخلاقی بەکەس نەدەین. رۆژهەلاتی کوردستان چاوریی هیمەتی هەمووولایەکە، و ئەوە بە یەک شت پێک دی ئەوەیش ویست وخۆاستی یەکتر قەبوول کردنی حێزبەکانی سیاسی وتاکەکانە و بەیکەوە کار کردنە کە هەمووی بە بریاری جیدی و بەئەخلاق بە قازانج و بەرژەوەندی کۆمەلانی خەلکی تەواو بریندار و چەوساوەی رۆژهەلاتی کوردستان جێ بە جێ دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١٦

# دوکتور قاسملووی مەزن و هەموو ساڵێ یادکردنەوە

هەر نەتەوەیەک شانازی بە ڕێبەران و تیکوشەرانی نموونەیی خۆی دەکا و پێکەری وەک پێ زانین و بایخ دان لێ ساز دەکا ولە شەقام و مەیدانەکانی وەڵاتی دادەنێ. ئەورێبەرانەی کە لە هەر هەل ومەرجێک دا ناویان بە زیندویی دەمێنتەوە وهەتا هەتایین یەکیان دووکتور قاسملووی مەزنە.

*قاسملوو بۆیە زۆر گەورەیە، ئێجگار تایبەتمەندی گەورەی لە خۆی دا کۆکردبووە:*

زانایی: بە دائیم شتی تازەی دەهێنا ئاراوە وەک سوسیالیزمی دیموکراتێک کە ئەگەر ڕێبەرێ ولاتێکی گەورە بایە وەک گورباچووف زیاتریش دەناسرا.

بەڕێوەبەرێ خەبات بە شیوەیەکی دیموکراتێک: زۆر چەتوونە لە جیهانی سیهەم دا ئەتوو خەباتی چەکدارانە وپیشمەگانە بکەی و دیموکراسی زۆر لە نێو حیزب وشورشەکەی کورد لە ئاستێکی ئیجگار بەرز دا جێ بە جی بکەی.

نموونە ئازاد کردنی چەند هەزار سەرباز و هێزی دوژمن لە ساڵیانێکی زۆر دا و بەرخوردی جوان و سالم لەگەل ئەوە دیلانە. فێر بوونی زۆر ئووسوولی دیموکراسی لە ناوەندی حیزب دا لە کۆمیتە ناوەندی هەتا کومیتە شارستانەکان و هێز و لق پەلەکانی نیزامی.

کاری دیپلوماسی: ئەوندەی دەلێم کاتێک وزیرانی ولاتێکی گەورە وەک فرانسە شانازی بە دووکتوور قاسملوو بکەن(وەک برناردگوشنر دوایی بووبە وزیری دەورەی فەرانسە) ئەوە مەعلوومە کە توانای قاسملوو لەوبارە تایبەتیێ بوووە. فرانسووا میتران دۆستی قاسملوو لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان باسی کورد دەکا ودانیل میتران و سەدان کەسی دیکە لە ناوەندکانی نێونەتەوەی باسی کورد دەکەن هەمووئاکامی ماندونەبوون و کاری دووکتوور قاسملووی نمونە بووە.

ئازایەتی: وەدرنان و درکردنی دووکتور قاسمنلوو لە ولاتی چکیا لە سەر ئازایەتی بریار دان و مەحکووم کردنی هێرشی یەکیەتی سویەت بۆ سەرچکوسلاوکی بوو. ناوبراو هەمیشە ئامادەبوو سەری بەرەکانی شەڕی پیشمەرگەی کوردستان بدا بەڵام لە حیزب دابە دروستتیان نەدەزانی وپێشیان دەگرت.

تەرح و بەرنامە: ئوستادی تەرح بەرنامە دانان بوو کاتێک رێژیمی پەت و سێ دارە ویستی جادەی پیرانشار-سەردەشت بگرێتەوە تەرحی دوومانگی دیفاع وهێرشێ دانا، ئەوە جادە بە هۆی دووژمنی گیرایەوە بەڵام بە چ نرخ و قیمەتێک!

شاعیری و ئەدیب بوون: دەیان شاعیر و ئەدیبی دەهاتنە دەفتەری سیاسی و لە قسەکردنەکانیان لەگەڵ دووکتور قاسملوو بۆیان دەرەکەوتوو کە قاسملوو چ شارەزایەکی لە شیعر و ئەدەبیات داهەیە.

قسەبۆ خەلک کردن و سۆخەنوری: کاریگەری لە سەر هەموو کەس دادەنا، حورمەتی دەگرتن و بە زمانی مندال لەگەڵ مندال قسەدەکرد و بە زمانی گەورە لەگەڵ گەوران.

زمان زانین؛ کەم رێبەری جیهان هەیە ئاوا بە توانا وزمانی زۆر زانێی هەبووکە وبتوانێ بە زمانی جوراجور کارێگەری لە سە خەلک و بەرپرسان و وزیر و سەرۆکی حیزبەکانی جیهان دابنێ.

ئەوە بەشێکی کەم بوو لە زۆر تایبەتمەندی رێبەری گەورەی کورد و دیموکرات. کۆمەلانی خەلکی کوردستان لە توانا وخزمەتاکانی زۆر باش ئاگادارن بۆیە دووکتور قاسملووی نموونە هەموو سالی یادی دەکرێتەوە و زۆر سال لە رۆژی تیرۆری ناوبراو دا لە زۆر شاری کوردستان دوکان وبازاریان داخستووە ورژیمیان داماوە کردوە.

هەزاران سڵاو لە یاد وناوی قاسملووی مەزن و سپاس بۆ هەموو خزمەتەکانی بە نەتەوەی کوردی تەواو بەشخوراو

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی جووڵای ٢٠١٦

# چەند پەیڤی باوکێک لەگەڵ لاوان لە تاراوگە

لە ١٩ ساڵەی لە دایک بوونی جگەرگۆشەم، کورم دیار ئەڵلاوەیسی، چەند قسەیەک لە گەل هاوتەمەکانی و دایک و باوکان لە تاراوگە! (هیوا دارم ئەم نووسراوە هەم لاوەکان بیخۆیننەوە و هەم دایک وبابەکان)

زۆر کەس کە دەلێن بنەماڵەی لەسەر وەی هەموو شتەکانە من دەلیم ئەگەر دوو بنەماڵەی گەورە و بچووک حیساب بکەین ئەوە راستە، ئەگینا هەمووکات هەمووماﻥ دەبێ هەم بنەماڵەی بچووک (باب و دایک و ئەولاد) و هەم بنەماڵەی گەورە واتە نیشتمانی پیرۆزمان کوردستان لە بیر بێ و خزمەتیان بکەین. من وەک بابی توو نیزیک بە ٤٠ ساڵە خزمەتی بنەماڵەی گەورە دەکەم و ئەتۆ کوری گەورە و ئامیاری برای بچووکت ئەرکتانە کە ئێوەش شانی وەبەر دەن و خزمەتی گەل ونیشتمانی بریندارمان بکەن. ئێوە لاوەکان کە لە تاراوگە دەژین، چەند زمان دەزانن (ئینگلیسی و ئالمانی یان فەرانسووی یان ئیسپانیایی) و هەروەها سیستمی ئەو ولاتانە شارەزان بۆیە دەبێ لە رێگای پیوەندی لەگەل حیزبەکانی سیاسی و دام و دەزگاکانی دوڵەتی و ناوەندەکانی ماڤی ومروڤ وخۆبەخش، دەنگی زۆلمێکراوی کورد بە ئەوان و جیهانیان بگەیەنن و پشتیوانی و پشتگری بۆ کورد وەدست بهێنن. (جاروبار ناردنی نامەیکی ئیوە بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان دەتوانێ دروێەکی زۆر گەورەلە قالبی نەتەوەکەتان دەرینێ، نامەیەک کە رەنگە بە هەموویەوە ١ کاتژمێر بخایەنێ) خۆ پێ گەیاندن وخۆیندن و شارەزا بوونتان لە پسپوری جوراجور لە رێگای کورسی جیاوازەوە زۆر خزمەت دەکا بە سەرکەوتنی و بەروپێشچوونی کوردستانی عازیزمان، کەوابوو شارەزایی ئێوە گرینگە بۆ گەل ونیشتمانی بریندارمان. نەسەلەکانی ئێمە و پیشتریش نەحاواوە بوون، بۆیە زۆرمان زیان کردوە و ئەوە هۆیەکی گرینگە بۆ سەرنەکەوتنمان. هیوا دارم ئێوە نە تەنیا لە گەل کورد برا وپشت وپەنا بن، لەگەل نەتەوەکانی دیکە دۆست و هاوریی وکەسی یەکتر بن و بە باشترین شێوە خزمەتی کوردستان بکەن. ئەوەشتان عەرزبکەم زۆر خۆتان ماندو بکەن کە بە نورویژی یان ئەمریکایی و ئیستراالیایی و... بناسن بایخی نییە گرینگە خۆتان واتە کوردبن و مروڤی بەڵک و کاریگەری دانەرین، ئەوکات زۆرتان بایخ پێ دەدەن. لە کۆتایی بە ئێوە لاوان عەرز دەکەم، زۆر ناخۆشە کە وەڵاتی سەربەخۆتان نەبێ ونەتوانن بلێن کە ئیمە خەلکی وەلاتێکین بە ناوی کوردستان، بۆیە پێویستە ئێوەش خەمی لێ بخۆن و خزمەتی کوردستان بکەن. ! بۆ باب

و دایکەکانی بەرێز جێگر لە تاراوگە! ئەرکی سەرشانی هەموومانە کە منالانمان بە عشق بە گەل و ولاتمان،کورد و کوردستان پەروەردە بکەین، بەراستی ئینتمای نەتەوەیی گرینگە. زمان و کولتووری کوردی بە هەموو بەشەکانیەوە(جەل و بەگ و...) زۆر بایخی هەیە. هەزاران لاوی کورد شارەزای جوراجوریان هەیە گرینگە کە لە بیری ئێستا و دووارۆژی کوردستان دابن. بەشداری کوڕ و کچانی کورد لە بەرنامەکان و چالاکیەکانی سیاسی و کوردی هەمووی بایخی خۆی هەیە. لاوای کورد ئەرکی لە منالی وکور کچێ نورویژی، سوئیدی و ئەمریکایی و ... زیاتر لەسەر شانە، ئاخر خاک و نیشتمانی ئێمە ئازاد نییە و هەموولاوانی کورد ئەرکیان دەکەوێتە سەر شان و دەبێ بە نیسبەتی خۆیان شانی وەبەر بدەن. لاوێکی کورد کە پلانی وبەنامەی هەبێ هەم بە چالاکیاکەنی خۆی رادەگا وهەم بەچالاکیەکان و خزمەتی گەل وخاکی. سەدان هەزار باب و دایکی دەیان سال خزمەت هەیە و پێویستە ئەزموونی خەبات وتێکوشانی و خۆشەویستی نیشتمان و گەل بۆ ئەولادیان بگۆزنەوە ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموومانە کە ئەوکارە بکەین ونەکردنی کەمترخەمی گەورە بە ئەژمار دێ. تکایە با هەوڵ نەدەین بۆ فێر بوونی زمانی خاریجی لەگەل ئەوان بە زمانی بیگانە قسە بکەین با لەگەل ئەوان بە زمانی کوردی قسە بکەین و با ئەوان لە بنەمالە دا زمانی زگمانگی کوردی بە باشی فێر بن. بەشداری منالانمان لە یەکیەتی لاوان و کۆمەلەکانی کولتوری و چالاکیەکانی ئەو ریکخراوە سینفی یانە لە باری فێر بوونی کولتووری و زمانی کوردی یامەتی دەرێکی باشە. بە پلان وبەرنامە باش دایک و بابەکان دەتوانن کاتێکش بۆ کاریگەری دانان بۆ مەسەلەی نەتەوەیی لە سەر منالەکانیان تەرخان بکەن و ئەوە ئەرکی هەموومانە کە دەبێ ئەنجامی بدەین. قسە زۆرە ورێگای خزمەت بە گەل و نیشتمان زۆر، بەس نامەوێ ماندوتان بکەم. لەکۆتای دا دەلێم دیار گیان ١٩ سالەی لە دایک بوونت پیرۆز بێ و هیوا دارم تۆو هاوبیرانت بە باشی لە ئیمکاناتەکانی تاراوگە کەڵک وەرگرن و هەموو کاتی گەل ونیشتمانتان غەدرلیکراو و زنجیرکراوتان لە بیر بێ و بلێین: (تەنانت کاتی دەست بازی لەگەل یان ئەمن ئەی نیشتمان هەر تۆم لە بیر.)

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



سڵاو و ڕێز لە بنەماڵەی بەڕێزو تێكۆشەر هاوڕێ كەریم ئەڵلاوەیسی




بێگومان پرس و هزری سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد کە لە دنیادا کە وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت دێتە ئەژمار، هەردەم پرسێکی ئاڵۆزو هەرە گرنگ و چارەنووسسازی نێو کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و بزووتنەوە رۆشنبیری و سیاسییەکەی بەشێوازێکی تایبەتی بووە. باردۆخی ژئۆپۆلۆتیک و جوگرافیای کوردستان بە گشتی جۆرێک بووە کە لە رابردوو و ئێستادا هەردەم جێی سەرنجی زلهێزەکانی جیهان بووە. ئەگەر کوردستان لە رابردوودا بە هۆی شەڕ و داگیرکاریی دوو ئیمپراتوریی عوسمانی و سەفەوی و بۆ یەکەم جار لە شەڕی چاڵدێران بوو بە دوو پارچە، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، زڵهێزەکانی جیهان لە سەرەوەی هەموویان بریتانیا لە ترسی پێشگرتن لە مەترسیی کۆمۆنیزم و یان هەر بەهانەیەکی دیکە دوو پارچەی دیکەشیان لە کوردستان جیا کردەوە. لە ئێستادا هەرکام لەو پارچانە بە هۆی باردۆخی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوەلکاوە لە رووی سیاسی و هاوکێشە نێودەوڵەتیەکان پێگەو هاوسەنگی و هەڵ و مەرجی تایبەت بە خۆیان هەیە. لێرەدا من تەنیا دەمهەوێ لە سەر ئەو بەشەی کوردستان قسە بکەم کە زیاتر لە بیست ساڵە نیمچە سەربەخۆیە و گرینگیەکی تایبەتی لە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوچە و جیهاندا کە باشووری کوردستانە، هەیە.

کەریم ئەڵلاوەیسی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

رێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨ی زایینی